هەرێمی کوردستان/ عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی ڕاگەیاندن/ تەلەفزیۆن

# ڕۆڵی ڕیکلام لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر لە (پۆشاکپۆشیندا)

## خوێندکارانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی بەنموونە.

نامەیەکە خوێندکار

**ئەحمەد قادر علی**

پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی ڕاگەیاندن/ تەلەفزیۆندا.

بەسەرپەرشتیی

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر نەزاکەت حسێن حەمەسەعید**

(2717) ك (1438) هـ (2017) ز

"بسم الله ألرحمن ألرحيم"

**(بسم الله ........... ) سەرەتای هەموو کارێکی خێرو گرنگە، بۆیە ئێمەش لە سەرەتاوە دەینوسین و بە "بسم الله" دەستپێدەکەین. (نوورسی، 2006، ل6).**

# ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەی خوێندکار (ئەحمەد قادر علی) بە ناونیشانی (ڕۆڵی ڕیکلام لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر لە (پۆشاکپۆشیندا) خوێندکارانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی بە نموونە)، بە چاودێری ئێمە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان / زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی (ڕاگەیاندن – تەلەفزیۆن)، پێشنیار دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ

سەرپەرشتیار: د. نەزاکەت حسین حەمەسعید

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

بەروار: / / 2017

بەپێی ئەم پێشنیارە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ

ناو: پ. ی. د. سلام نصرالدین

محمد

سەرۆکی بەشی (ڕاگەیاندن)

بەروار / / 2017

## بڕیاری شارەزای زمانەوانی

نامەی ماستەری خوێندکار (ئەحمەد قادر علی) کە ناونیشانی بریتییە لە (ڕۆڵی ڕیکلام لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر لە (پۆشاکپۆشیندا) خوێندکارانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی بە نموونە)، پێداچونەوەی زمانەوانی بۆکراوە، ئەو هەڵانەشی تێیدابوو ڕاستکراونەتەوە بەوەش نامەی ماستەرەکەی لە ڕووی زمانەوانی و شێوازی دەربڕینەوە ئامادەیە بۆ گفتووگرکردن.

واژۆ

ناو: م.سازان ظاهر سعید

بەروار: / / 2017

## ڕەزامەندی لیژنەی گفتووگۆ

ئێمە وەك ئەندامانی لیژنەی گفتووگۆ، ئەم نامەیەی خوێندکار (ئەحمەد قادر علی) بە ناونیشانی (ڕۆڵی ڕیکلام لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر لە (پۆشاکپۆشیندا) خوێندکارانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی بە نموونە) خوێندەوەو گفتووگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کردووە، بڕیارمان دا بە پلەی (                    ) بڕوانامەی ماستەری لە زانستی (ڕاگەیاندن) پێبدرێت.

واژۆ

ناو: د.سلام نصرالدين محمد

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

سەرۆکی لیژنە

بەروار      /      /2017

واژۆ

ناو: د. نجاة محمد فرج

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام

بەروار      /      /2017

واژۆ

ناو: د.سامان جلال مولود

پلەی زانستی: مامۆستا

ئەندام

بەروار      /      /2017

واژۆ

ناو: د. نەزاکەت حسین حمە سعید

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام و سەرپەرشتیار

بەروار      /      /2017

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان / زانکۆی سلێمانی - پەسەندکرا.

واژۆ

ناو: پ. ی. د. ابتسام اسماعیل قادر

ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان

# پێشکەشە بە . . .

دایك و باوکم، ئەوەی لە تواناتاندا بوو، زانیتان، بۆتان کردین، ئیدی بەسە بۆمان.

- ئالآی خێزانم.
- جگەرگۆشەکەم، لە جیهانە بچکۆلەکەی دایەوە بۆ ئەم جیهانە فراوانەو تا جیهانی مەزنی نەبڕاوە فەرشی سوری دڵمت بۆ ڕادەخەم .
- م.بەفراو، فێری ئەلف و بێیی کوردییت کردم، ئەو ڕۆژەی بەڵێنت دابوو قیتارێکم بە دیاری بۆ بهێنیت، ئیدی نەگەڕایتەوە بۆ لامان.

ئەحمەد

**سوپاس بۆ:**

1- د.نەزاکەت حسین حەمەسعید، کە سەرپەرشتیی توێژینەوەکەمی گرتە ئەستۆی.

2- ئالآی خێزانم، لەسەرجەم قۆناغەکانی توێژینەوەکەمدا لەگەڵمدا بووە.

3- سەرنووسەری گۆڤاری بڕیار بەڕێز (عادل محمد شێخانی)و سەرجەم کارمەندانی گۆڤارەکە بە پێدانی (14) ژمارەی گۆڤارەکەیان بۆ توێژینەوەکەم.

4- (پ.ی.د.سلام نصرالدین)، (پ.ی.د. سابیر بۆکانی)، (پ.ی.د.هێمن مجید حسن)، (د.بهاألدین أحمد محمد)، (د.توانا وهبی غفور)، (م. نەریمان حەسەن بەشارەتی)، (م.هەردەوان نەقشبەندی، م.ظاهر حمەد امین، م.ئومێد قەرەداغی)، فەرمانبەرانی کتێبخانەی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، لە پێدانی سەرچاوەو ڕێنماییکردنم.

5- باوەڕ حسین، فریاد جمال، هاوکارم بوون لە دابەشکردن و کۆکردنەوەی فۆڕمەکان و بەتاڵکردنەوەیان.

6- فەرمانبەرو مامۆستاو خوێندکارانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی.

7- هاوڕێیانم (محمد عبدالله، نەورۆز غەریب) ئەرکی وەرگێڕانی پوختەی توێژینەوەکەیان بۆ زمانی عەرەبی و ئینگلیزی گرتە ئەستۆ. (م.ی. زانا ناجی) پێداچوونەوەی بە وەرگێڕانە عەرەبییەکەدا کردەوە.

**توێژەر**

# پوختەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی ڕیکلام لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر لە (پۆشاکپۆشیندا) خوێندکارانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی بە نموونە)، ئامانجی زانینی ئاستی ئەو کاریگەرییانەیە، کە ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەسەر ڕەفتاری پۆشاکپۆشینی خوێندکاران دروستیدەکەن.

گرنگیی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە تەلەفزیۆنەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەتوانن سود لە دەرەنجام و ڕاسپاردەکانی وەربگرن بۆ ڕاستکردنەوەی کەموکورتیەکانی ڕیکلامە تەلەفزیۆنییەکانیان، دەبێتە سەرچاوەیەکیش بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت لە دۆخی ڕیکلامی کوردی تێبگەن.

توێژینەوەکە بە ڕێبازی وەسفی / ڕووپێویە، کە لە دیارترین ڕێبازەکانی توێژینەوەی زانستییە لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان و ڕاگەیاندندا، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە خوێندکارانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆییە، وەك دێرینترین[1] و گەورەترین زانکۆی ئەهلی لە پارێزگای سلێمانی لە ڕووی ژمارەی خوێندکاران و فراوانیی جوگرافییەوە.

**توێژینەوەکە گەیشتووە بە چەند دەرەنجامێك، کە گرنگترینیان بریتین لە:**

1- ڕیکلامی پۆشاك لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان نەیتوانیوە کاریگەریی لەسەر خوێندکارانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی دروستبکات، کە پشت بەو ڕیکلامانە ببەستن بۆ هەڵبژاردن و کڕینی پۆشاکەکانیان.

2- ڕیکلامی پۆشاك لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان نەیتوانیوە کاریگەری لەسەر خوێندکارانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی دروستبکات، کە ئەو پۆشاکانە ڕیکلامبۆکراوەکان وەك مۆدێلێك بڵاوببێتەوە لەناویاندا.

3- ئەو ڕیکلامانەی بۆ پۆشاك دەکرێت لە تەلەفزیۆنە کوردییەکانەوە نەبووە بە بەشێك لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و کەلتووری پۆشاکپۆشینی خوێندکاران.

4- هەرزانیی نرخی پۆشاکە ڕیکلامبۆکراوەکان کاریگەریی زیاتری هەیە لەسەر خوێندکارانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی ، لەکاتێکدا تێرکردنی ئارەزووەکانیان کەمترین کاریگەریی لەسەریان هەیە.

---

1- هەرچەندە پێش زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، زانکۆی ئایندە وەك زانکۆیەکی ئەهلیی لە شاری سلێمانی هەبووە، بەڵام لە ئێستادا ئەو زانکۆیە بوونی نییە – توێژەر.

## پێڕستی بابەتەکان


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| **ڕەزامەندی سەرپەرشتیار** | **أ** |
| **بڕیاری شارەزای زمانەوانی** | **ب** |
| **ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ** | **ج** |
| **پێشکەشکردن** | **د** |
| **سوپاس و پێزانین** | **هـ** |
| **پوختەی توێژینەوە** | **و** |
| **پێڕستی بابەتەکان** | **ز-ط** |
| **پێڕستی خشتەکان** | **ی-ل** |
| **پێڕستی پاشکۆکان** | **ل** |
| **پێشەکی** | **2-1** |
| **بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوە** | **21-3** |
| 1.1 کێشەی توێژینەوە | **4** |
| 2.1 گرنگیی توێژینەوە | **5-4** |
| 3.1 ئامانجی توێژینەوە | **6-5** |
| 4.1 ڕێبازی توێژینەوە | **6** |
| 5.1 کۆمەڵگەی توێژینەوە | **7** |
| 6.1 سامپڵی توێژینەوە | **7** |
| 7.1 ئامرازەکانی توێژینەوە | **8-7** |
| 8.1 بوارو سنوری توێژینەوە | **8** |
| 9.1 پێوەری ڕاستی ڕواڵەتی (ألصدق الظاهری) | **9-8** |
| 10.1 تاقیکردنەوەی جێگیری (الثبات) | **9** |
| 11.1 ئامرازە ئامارییە بەکارهێنراوەکان | **10** |
| 12.1 توێژینەوەکانی پێشوو | **16-11** |
| 13.1 تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو | **18-17** |

| | |
|---|---|
| 14.1 پێناسەکردنی چەمکەکان | 21-18 |
| **بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە** | 90-22 |
| **1.2 ڕیکلام** | 45-23 |
| 1.1.2 چەمك و پێناسەی ڕیکلام | 24-23 |
| 2.1.2 سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕیکلام | 29-25 |
| 3.1.2 جۆرەکانی ڕیکلام | 34-30 |
| 4.1.2 ئەرکەکانی ڕیکلام | 38-34 |
| 5.1.2 ئامانجەکانی ڕیکلام | 40-39 |
| 6.1.2 قۆناغەکانی گەیشتنی پەیامی ڕیکلامیی بە وەرگر | 40 |
| 7.1.2 پەیوەندیی ڕیکلام بە بوارەکانی ترەوە | 45-41 |
| **2. 2 ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی** | 60-46 |
| 2. 2. 1 چەمکی تەلەفزیۆن | 47-46 |
| 2. 2. 2 سەرهەڵدان و گەشەکردنی تەلەفزیۆن لە هەرێمی کوردستان | 51-48 |
| 2. 2. 3 ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی | 52-51 |
| 2. 2. 4 سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی | 54-52 |
| 5.2.2لایەنەئەرێنی و نەرێنییەکانی تەلەفزیۆن وەك ئامرازێکی ڕیکلامکردن | 57-54 |
| 2. 2. 6 جۆرەکانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی | 59-57 |
| 2. 2. 7 شێوەکانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی | 60-59 |
| **2. 3 ڕەفتارو ڕەفتاری پۆشاکپۆشین** | 84-61 |
| 2. 3. 1 چەمك و پێناسەی ڕەفتار | 62-61 |
| 2. 3. 2 ڕەفتاری بەکاربەر | 63-62 |
| 2. 3. 3 جۆرەکانی بەکاربەر | 65-64 |
| 2. 3. 4 پاڵنەرەکانی پشت ئەنجامدانی ڕەفتاری کڕین و پۆشاکپۆشین | 70-65 |
| 2. 3. 5 قۆناغەکانی دروستبوونی ڕەفتاری کڕین و پۆشاکپۆشین | 72-71 |
| 2. 3. 6 هۆکارو بایەخی لێکۆڵینەوە لە ڕەفتاری کڕین و پۆشاکپۆشین | 74-73 |
| 2. 3. 7 کاریگەریی ڕاگەیاندن و ڕیکلام لەسەر ڕەفتاری کڕین و پۆشاکپۆشین | 78-75 |
| 2. 3. 8 گرنگترین مۆدێلەکانی توێژینەوە لە ڕەفتاری بەکاربەر | 84-78 |
| **2. 4 پۆشاك و کلتووری پۆشاکپۆشین** | 90-85 |

| | |
|---|---|
| 2. 4. 1 پێناسەی پۆشاک و گرنگییەکەی | 89-85 |
| 2. 4. 2 پاڵنەرەکانی پشت پۆشینی پۆشاک لەلای مرۆڤ | 90-89 |
| **بەشی سێیەم: چوارچێوەی مەیدانیی توێژینەوە** | **120-91** |
| 3. 1 دەستپێك | 92 |
| 3. 2 خستنەڕووی ئەنجامەکان و تاوتوێکردنیان | 120-92 |
| دەرەنجامەکان | 125-121 |
| دەرەنجامەکان | 123-122 |
| ڕاسپاردەکان | 124 |
| پێشنیارەکان | 125 |
| سەرچاوەکان | 144-126 |
| پاشکۆکان | 158-145 |
| پوختەی توێژینەوە بە زمانی عەرەبیی | 159 |
| پوختەی توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزیی | 161-160 |

# پێڕستی خشتەکان


| ژمارەی خشتە | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | تەمەنی بەشداربووان دەخاتەڕوو. | 93 |
| 2 | ڕەگەزی بەشداربووان دەخاتەڕوو. | 94 |
| 3 | باری خێزانی بەشداربووان دەخاتەڕوو. | 94 |
| 4 | کارکردنی بەشداربووان جگە لە پیشەی خوێندکاریی دەخاتەڕوو. | 95 |
| 5 | داهاتی مانگانەی بەشداربووان بە دیناری عێراقیی دەخاتەڕوو. | 95 |
| 6 | تەماشاکردنی تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەلایەن بەشداربووانەوە دەخاتەڕوو | 96 |
| 7 | ماوەی تەماشاکردنی تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەلایەن بەشداربووانەوە دەخاتەڕوو | 97 |
| 8 | تەماشاکردنی ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەلایەن بەشداربووانەوە دەخاتەڕوو | 98 |
| 9 | هۆی تەماشاکردنی ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەلایەن بەشداربووانەوە دەخاتەڕوو | 99 |
| 10 | پشتبەستنی بەشداربووان بە ڕیکلامی تەلەفزیۆنی کوردی بۆ کڕینی پۆشاک دەخاتەڕوو | 100 |
| 11 | پەیوەندیی تەماشاکردنی ڕیکلامی پۆشاک لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان و کاریگەریی لەسەر هەڵبژاردنی جۆری پۆشاکەکانی بەشداربووان دەخاتەڕوو | 100 |
| 12 | پەیوەندیی ڕیکلامی پۆشاک لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان و بەهێزکردنی متمانەی بەشداربووان بە جۆرو مارکەی کۆمپانیاکان دەخاتەڕوو | 101 |
| 13 | پەیوەندیی ڕیکلامی پۆشاک لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان و هاندانی بەشداربووان بۆ گەڕان بەدوای ئەو پۆشاکانەو بەدەستهێنانیان دەخاتەڕوو | 102 |
| 14 | پەیوەندیی ڕیکلامی پۆشاک لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان و یارمەتیدانی بەشداربووان لە زانینی کاتو شوێنی فرۆشتنی پۆشاکەکان دەخاتەڕوو | 102 |
| 15 | پەیوەندیی ڕیکلامی پۆشاک لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان و کاریگەریی لەسەر دانانی پلانی کڕین و چۆنێتی لەبەرکردنی پۆشاکەکانی بەشداربووان دەخاتەڕوو | 103 |
| 16 | پەیوەندیی ناوبانگی تەلەفزیۆنێکی دیاریکراو وەك هۆکارێکی کاریگەر لەسەر بەشداربووان لە ڕیکلامی پۆشاك لە تەلەفزیۆنە کوردییەکانەوە دەخاتەڕوو | 104 |
| 17 | پەیوەندیی پێشکەشکردنی زانیاری زیاتر لە ڕیکلامی پۆشاك لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان و کاریگەریی زیاتری لەسەر بەشداربووان دەخاتەڕوو | 104 |
| 18 | پەیوەندیی تەماشاکردنی ڕیکلامی پۆشاکێکی دیاریکراو لە تەلەفزیۆنە کوردییەکانەوە دوای کڕینی لەلایەن بەشداربووانەوە دەخاتەڕوو | 105 |
| 19 | پەیوەندیی ڕیکلامی پۆشاك لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان و کاریگەریی لەسەر ڕەفتاری پۆشاکپۆشینی بەشداربووان لەڕووی جۆری مۆدێل و هەڵبژاردنی ڕەنگەوە دەخاتەڕوو | 106 |
| 20 | پەیوەندیی دەرکەوتنی کەسایەتیو هونەرمەندان، لە گۆرانیو فیلمو ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردییەکان بە پۆشاکێکی دیاریکراوەوە کاریگەریی لەسەر ڕەفتاری پۆشاکپۆشینی بەشداربووان | 106 |

| | | |
|---|---|---|
| | دەخاتەڕوو | |
| 21 | پەیوەندیی دەرکەوتنی پێشکەشکاری هەواڵ و بەرنامەکانی تەلەفزیۆنە کوردییەکان بە پۆشاکێکی دیاریکراوەوەو کاریگەریی لەسەر پۆشاکپۆشینی بەشداربووان دەخاتەڕوو | 107 |
| 22 | پەیوەندیی ڕیکلامی پۆشاک لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان و کاریگەریی لەسەر بۆچوونی بەشداربووان بۆ کڕین و لەبەرکردنی پۆشاکێکی دیاریکراو و بەمۆدێلکردنی دەخاتەڕوو | 108 |
| 23 | پەیوەندیی کاریگەریی زیاتری ریکلامی پۆشاک لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەکاتی بۆنەو ئاهەنگەکاندا لەسەر بەشداربووان دەخاتەڕوو | 108 |
| 24 | پەیوەندیی ڕیکلامی پۆشاک لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان و کاریگەریی لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی بەشداربووان دەخاتەڕوو | 109 |
| 25 | پەیوەندیی ڕیکلامی پۆشاک لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان و کاریگەریی لەسەر کلتووری پۆشاکپۆشینی بەشداربووان دەخاتەڕوو | 110 |
| 26 | پەیوەندیی لەدەستدانی ویست لەو کاتانەی دەکەونە ژێر کاریگەریی پەیامەکانی ڕیکلامەوە سەبارەت بە هەڵبژاردنی پۆشاکەکانیان لەلایەن بەشداربووانەوە دەخاتەڕوو | 110 |
| 27 | پەیوەندیی بینینی پۆشاکە ڕیکلامبۆکراوەکانی تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەبەری کەسانی دەورووبەردا، وەك پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو کەسانە لەلایەن بەشداربووانەوە دەخاتەڕوو | 111 |
| 28 | پەیوەندیی بەکارهێنانی کچان و ژنان لە ڕیکلامی پۆشاك لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان و کاریگەریی زیاتری لە ڕووی دەرونی و کۆمەڵایەتییەوە لەسەر بەشداربووان دەخاتەڕوو | 112 |
| 29 | پەیوەندیی دروستکردنی هەستی خۆبەکەمزانین لای بەشداربووان لە ڕیکلامی پۆشاك لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان، لەکاتێکدا توانای کڕینی ئەو پۆشاکە ریکلامبۆکراوانەیان نییە دەخاتەڕوو. | 112 |
| 30 | پەیوەندیی بەگونجاوزانینی ڕیکلامی پۆشاك لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەگەڵ کلتوورو بەهاکانی کۆمەڵگەی کوردیدا لەلایەن بەشداربووانەوە دەخاتەڕوو | 113 |
| 31 | پەیوەندیی نەبوونی ڕیکلامی پۆشاکی کوردی لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان بووەتە هۆی بایەخنەدانی بەشداربووان بە پۆشاکی نەتەوەیی دەخاتەڕوو | 114 |
| 32 | پەیوەندیی کاریگەریی ڕیکلامی پۆشاك لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان و گەڕان بەدوای ئەو پۆشاکانە لە بازاڕدا لەسەر کەمکردنەوەی خوێندنەوەو کۆششی بەشداربووان دەخاتەڕوو | 114 |
| 33 | پەیوەندیی ڕیکلامی پۆشاك لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان و کاریگەریی لەسەر زیادبوونی خەرجیی بەشداربووان دەخاتەڕوو | 115 |
| 34 | پەیوەندیی ڕیکلامی پۆشاك لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان و کاریگەریی لەسەر بەشداربووان بۆ کڕینی پۆشاکی خۆشگوزەرانی (کمالی)و زیاد لەپێویست دەخاتەڕوو | 116 |
| 35 | پەیوەندیی داشکاندنی نرخ لە ڕیکلامی پۆشاك لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان و کاریگەریی لەسەر بەشداربووان بۆ کڕینی ئەو پۆشاکانە دەخاتەڕوو | 116 |
| 36 | پەیوەندیی ڕیکلامی پۆشاك لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان و کاریگەریی لەسەر خەڵەتاندن (فریودان)ی بەشداربووان بۆ کڕین و بەکاربردنی پۆشاك دەخاتەڕوو | 117 |

| | | |
|---|---|---|
| 37 | پەیوەندیی گونجاوی پۆشاک لەگەڵ کلتووری کۆمەڵگەو کاریگەریی زیاتری لە ڕیکلامی پۆشاک لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەسەر بەشداربووان دەخاتەڕوو | 118 |
| 38 | پەیوەندیی هەرزانیی نرخی پۆشاک و کاریگەریی زیاتری لە ڕیکلامی پۆشاک لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەسەر بەشداربووان دەخاتەڕوو | 118 |
| 39 | پەیوەندیی تێرکردنی ئارەزووەکان و کاریگەریی زیاتری لە ڕیکلامی پۆشاک لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەسەر بەشداربووان دەخاتەڕوو | 119 |
| 40 | پەیوەندیی گونجاوی پۆشاک لەگەڵ کاری ڕۆژانە و کاریگەریی زیاتری لە ڕیکلامی پۆشاک لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەسەر بەشداربووان دەخاتەڕوو | 120 |


## پێڕستی پاشکۆکان


| ژمارەی پاشکۆ | ناونیشانی پاشکۆکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | فۆڕمی ڕاپرسیی بۆ شارەزایان. | 151 -146 |
| 2 | فۆڕمی ڕاپرسیی ئامادەکراو. | 154-152 |
| 3 | ڕاستیی ڕواڵەتی پێوەری فۆڕمی راپرسیی | 156-155 |
| 4 | زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی | 158-157 |

# پێشەکی

ئەو پێشکەوتن و کرانەوە بەردەوامەی هەرێمی کوردستان لەسەرجەم بوارەکاندا، گەشەکردن و فراوانبوونێکی زۆری لەبواری ڕاگەیاندن و پەخشی تەلەفزیۆن و کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنیدا هێنایەکایەوە، بەجۆرێك هەندێك کۆمپانیاو کەسایەتی، خاوەنی کەناڵی تەلەفزیۆنیی خۆیانن. لەم ڕوانگەیەوە توێژینەوە لەسەر ئەم بارودۆخە نوێیە بووە بە پێداویستییەکی زیندووی بەردەوامی کۆمەڵگە، لە پێناوی تێگەیشتن لە ڕەهەندەکانی ئەم بارودۆخە تازەیەو دەرخستنی کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگە.

لە ئەمڕۆی مرۆڤایەتییدا کاریگەریی ڕیکلام لەسەرجەم بوارەکاندا گەیشتووەتە ئاستێك، کە شارەزایانی ڕیکلام و بەکاربردن دەڵێن "پێم بڵێ چی بەکاردەبەیت، پێت دەڵێم تۆ کێیت"، (رشید، 2007: 29) ئەگەر بمانەوێت خوێندنەوە بۆ بارودۆخی پێشکەوتن و شارستانییانەی نەتەوەیەك بکەین، دەتوانین لە ڕێگەی ڕیکلامەکانیانەوە لێیان تێبگەین، چونکە ڕیکلام ڕەنگدانەوەی نەتەوەو کۆمەڵگەیە، هەربۆیە کەسێکی وەك (نورمان دوگلاس)ی بەریتانی، پێش دروستکردنی تەلەفزیۆن و تەنها لە ڕوانینی ڕیکلام لە ڕۆژنامەو گۆڤارو سینەماکانەوە لە ساڵی (1917)بۆی دەرکەوت، کە "دەکرێت خوێندنەوە بۆ بیروبۆچوونی هەر نەتەوەیەك بکەیت لە ڕیگەی ڕیکلامەکانیەوە" (الزعبی، 2009: 30)

ڕۆڵی ڕیکلام لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر لە (پۆشاکپۆشیندا) خوێندکارانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی بە نموونە، ناونیشانی توێژینەوەکەیە دەربارەی کاریگەریی ئەو ڕیکلامانە لەسەر بینەران،. ئەوەش لەڕوانگەی هەستکردن بەبایەخی ڕیکلامی پۆشاك لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان و کاریگەرییەکانی بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەوە.

لە ساڵانی ڕابردوودا چەند توێژینەوەیەك لە هەرێمی کوردستان دەربارەی ڕیکلام و کاریگەری لەسەر گەشەی ئابووری و ڕەفتاری بەکاربەرو هاندانی وەرگر بۆ کڕینی کاڵا ئەنجامدراون، بەڵام تا ئێستا توێژینەوەیەك بەشێوەیەکی تایبەت نەکراوە لەسەر ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردییەکان و کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری پۆشاکپۆشین، لەبەرئەوە ئەم توێژینەوەیە یەکەمجارە لە هەرێمی کوردستاندا لەو کاریگەرییانەی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی دەکۆڵێتەوە، کە لە بوارێکی دیاریکراودا لەسەر بەکاربەر دروستیدەکات.

**توێژینەوەکە بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا دابەش کراوە:**

لە بەشی یەکەمدا چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو، تێیدا باس لە (ناونیشانی توێژینەوە، کێشەی توێژینەوە و گرنگیی توێژینەوە و ئامانجی توێژینەوە و ڕێبازی توێژینەوە و کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوە و ئامرازەکان و بوارو سنوری توێژینەوە، توێژینەوەکانی پێشوو)، کردووە، لەگەڵ پێناسەکردنی چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەدا.

لە بەشی دووەمدا چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکەمان خستووەتەڕوو، کە تێیدا باسمان لە ڕیکلام بەشێوەیەکی گشتی وەك چەمك و پێناسەو سەرهەڵدانی و ئەرك و ئامانجەکانی کردووە، لەگەڵ باسکردنی تەلەفزیۆن و تایبەتمەندییە باش و خراپەکانی وەك ئامرازێك بۆ ڕیکلامکردن و ڕیکلامی تەلەفزیۆنی و جۆرو شێوازەکانی، پاشان باسمان لە ڕەفتاری بەکاربەرو ڕەفتاری پۆشاکپۆشین و جۆرەکانی بەکاربەرو پاڵنەرەکانی پشت ئەنجامدانی ڕەفتاری بەکاربردن و پۆشاکپۆشین و مۆدێلەکانی بەکاربردن کردووە. لە کۆتایی ئەم بەشەدا، باسمان لە پۆشاکپۆشین وەك شوناس و کلتووری نەتەوەو پاڵنەرەکانی پشت پۆشاکپۆشین کردووە.

بەشی سێیەمی توێژینەوەکەمان تایبەتە بە لایەنی مەیدانییەوە، تێیدا پوختەیەکمان دەربارەی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی وەك سامپڵی توێژینەوەکەمان خستووەتەڕوو، پاشان ئەنجامەکانی توێژینەوەکەمان لە چوارچێوەی (40) خشتەدا خستووەتەڕوو، لەگەڵ خستنەڕووی دەرەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیارەکان.

لەدوای بەشی سێیەمەوە سەرچاوەکانی توێژینەوەکەمان خستووەتەڕوو، پاشان ئەو پاشکۆیانەمان داناوە کە بە توێژینەوەکەوە پەیوەستن.

# بەشی یەکەم

# چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

1.1 کێشەی توێژینەوە

2.1 گرنگیی توێژینەوە

3.1 ئامانجی توێژینەوە

4.1 ڕێبازی توێژینەوە

5.1 کۆمەڵگەی توێژینەوە

6.1 سامپڵی توێژینەوە

7.1 ئامرازەکانی توێژینەوە

8.1 بوار و سنوری توێژینەوە

1.9 پێوەری ڕاستیی ڕواڵەتی(الصدق ألظاهري)

10.1 تاقیکردنەوەی جێگیریی (الثبات)

11.1 ئامرازە ئامارییە بەکارهێنراوەکان

12.1 توێژینەوەکانی پێشوو

13.1 تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو

14.1 پێناسەکردنی چەمکەکان

## 1.1 کێشەی توێژینەوە

هەستکردنی توێژەر بە بوونی کێشەیەك دەبێتە سەرەتا بۆ کارکردن لە سەر هەر بابەتێك، بۆ دۆزینەوەی هۆکار و دەرەنجام و کاریگەرییەکانی، کە پێویستی بە چارەسەرکردن هەبێت.(أبو سليمان،47:1996).

پرۆسەی ڕیکلام و پشتبەستن بە داهاتەکەی، وەك یەکێك لە سەرچاوە داراییەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، کاریگەریی لەسەر وەرگران لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا دەهێنێتەکایەوە. لێرەوە "پێویستە بە وردیی کێشەی توێژینەوە دیاریبکرێت و شیبکرێتەوە بۆ رەگەزو ڕەهەندە جیاوازەکانی، لەچوارچێوەی کۆکردنەوەی زانیارییە پێویستەکان لە سەرجەم ڕەگەزەکان و بارودۆخی گشتیی ئەو کێشەیەدا". (راشد،د.ت.:236)

کەواتە پێوستە بیر لەوە بکرێتەوە، کە (تا چەند ڕیکلامی تەلەفزیۆنەکانمان کاریگەریی لەسەر ڕەفتاری گەنجان دروستدەکات بۆ هەڵبژاردنی شێوازی پۆشاکپۆشینیان و ڕووی دەرەوەیان)، کە بابەتێکی ئاڵۆزو تەمومژاویە و چۆنێتییەکەی ڕوون نییە. بۆیە ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت لە ڕۆڵی ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر لە (پۆشاکپۆشیندا) بتوێژێتەوە.

ئەو پەیامە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆیانەی ڕۆژانە لە تەلەفزیۆنە کوردییەکانەوە ئاراستەی بینەران دەکرێت، ڕەنگدانەوەی لەسەر شێوازی ژیان و بیرکردنەوەیان دەبێت، بەجۆرێك کە ڕەفتارو هەڵسوکەوتیان ئاراستە دەکات بەو جۆرەی نێرەر مەبەستییەتی، لێرەدا ڕۆڵی ریکلامە تەلەفزیۆنییەکان بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر چۆنێتی کڕین و بەکاربردنی پۆشاك لای بینەران دەردەکەوێت، بۆ ئاراستەکردنیان بەرەو ئەنجامدانی ڕەفتارێکی دیاریکراو بۆ کڕین و پۆشینی پۆشاکێکی دیاریکراو، یاخود بەباوکردن (مۆدێلکردن)ی پۆشاکێکی ڕیکلامبۆکراو.

کێشەکە وردتر - لەوە دەتوێژێتەوە، کە کاریگەریی ڕیکلامە تەلەفزیۆنییەکان گەیشتووەتە دروستکردنی ڕەفتارێك لای بەکاربەر، کە ڕەفتاری پۆشاکپۆشینە.

## 2.1 گرنگیی توێژینەوە

گرنگیی توێژینەوەی زانستی لەو ئامانجە گشتی و تایبەتییانەوە سەرچاوەدەگرێت، کە هەوڵ بۆ بەدیهێنانیان دەدرێت،(ألعامله،17:1997) گرنگی توێژینەوەو سروشتەکەی پێوەرێکی سەرەکییەو کاریگەریی دەبێت لەسەر هەڵبژاردنی کێشەی توێژینەوەوە (ألهيتي،29:1983).

بەو پێیەی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان ڕاگەیاندن و کۆمەڵگەو بەهاکانیدا هەیە، ڕیکلامیش وەك یەکێك لە چالاکیەکانی ڕاگەیاندن و کاریگەر بەسەر پەروەردەی تاکی ئەمڕۆی کۆمەڵگەوە ناوزەدەدەکرێت، گرنگیی توێژینەوەکە لەم چەند خاڵەدا دەردەکەوێت:

1- گرنگیدانە بە بوارێکی وردی کاریگەری ڕیکلامی تەلەفزیۆنی، کە ڕەفتاری پۆشاکپۆشینە، جیاواز لە توێژینەوەکانی پێشوو، کە بەگشتی توێژینەوەیان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر کردووە.

2- هەوڵدانە بۆ دابەشکردن و جیاکردنەوەی پسپۆڕییەکان، بەو پێیەی لە قۆناغی توێژینەوەکردن لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر پەڕیوەتەوە بۆ توێژینەوە لە ڕەفتاری بەکاربەر لە (پۆشاکپۆشیندا).

3- تەلەفزیۆنە کوردییەکان و کومپانیاکانی بەرهەمهێنی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی دەتوانن سود لە ناوەڕۆك و دەرەنجام و پێشنیارەکانی وەربگرن.

4- دەتوانرێت ڕاسپاردەکانی ئەم توێژینەوەیە ئاراستەی دەزگا پەیوەندیدارەکان بکرێت.

5- نەبوونی توێژینەوەیەکی لەم شێوەیە لە پێشدا، واتە دەبێتە یەکەم توێژینەوە لە زانکۆی سلێمانی لەم بوارەدا.

6- دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ توێژینەوەکانی دوای خۆی لەم بوارەدا.

## 3.1 ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی توێژینەوە مەبەستەکان ڕوونەکاتەوە، هەموو هەنگاوێکی بەشەکانی توێژینەوە بەشێوەیەکی ورد و ڕۆشن دیاریدەکات و تەواوی زانیارییە بێبایەخەکان دوور دەخەنەوە، (بۆکانی،2016: 50-49). هیچ توێژەرێکیش ناتوانێت بگاتە ڕاستی و ئەنجام و بڕیاری دروست، ئەگەر پێشوەختە ئامانجگەلێکی ڕوونی دیاری نەکردبێت، کە لە ژێر ڕۆشنایییاندا پێیان بگات. (ألعزاوی، 84:1983).

ئامانجەکانی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو:

1- زانینی ڕۆڵی ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر لە (پۆشاکپۆشیندا).

2- دیاریکردنی ئاستی پشتبەستنی خوێندکارانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی بە ڕیکلامی پۆشاك لە تەلەفزیۆنە کوردییەکاندا.

3- دیاریکردنی ئاستی کاریگەریی ڕیکلامی پۆشاك لەتەلەفزیۆنە کوردییەکان لەسەر بەباوکردنی پۆشاکێکی دیاریکراو لەلای خوێندکارانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی.

4- دیاریکردنی ئاستی کاریگەریی ڕیکلامی پۆشاك لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی خوێندکارانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی.

5- دیاریکردنی ئاستی کاریگەریی ڕیکلامی پۆشاك لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەسەر خەرجیی خوێندکارانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی.

6- دیاریکردنی پێوەری کاریگەریی هەڵبژاردنی پۆشاکە ڕیکلامبۆکراوەکان، لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەلای خوێندکارانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی.

7- دیاریکردنی ئاستی کاریگەریی دەرکەوتنی کەسایەتی و هونەرمەندان و پێشکەشکاری هەواڵ و بەرنامە لە فیلم و گۆرانی و ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردییەکان بە پۆشاکێکی دیاریکراوەوە لەسەر خوێندکارانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی.

## 4.1 ڕێبازی توێژینەوە

"ڕێباز (میتۆد) کۆمەڵێك ڕێسای گشتین بۆ گەیشتن بە ڕاستیی زانستی و دەرەنجامە دیاریکراوەکانی توێژینەوە"، (ألسماك و اخرون،41:1986)، یاخود ڕێساگەلێکی گشتین، کە توێژەر بۆ ڕێکخستنی بیروبۆچوون و زانیارییەکانی پشتیان پێدەبەستێت، لەپێناو گەیشتن بە ئەنجامی ویستراو (الفیصلی،51:1992)

توێژەر لەم توێژینەوەیەیدا ڕێبازی (وەسفی – ڕووپێوی) بەکارهێناوە، کە دیارترین ڕێبازی توێژینەوەی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانە، بەتایبەتیش لە بواری پەروەردە و سایکۆلۆژیا و کۆمەڵناسی و ڕاگەیاندندا، تەواوی ئەو توێژینەوانە دەگرێتەوە، کە جەخت لەسەر دیاردە و ڕووداوەکانی ئێستا دەکەنەوە. (بۆکانی،82:2016) ئەم ڕێبازە "ئامانجی وێناکردن و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی دیاردەیەکە، یان هەڵوێستێکی دیاریکراو دەستنیشاندەکات و لێیدەکۆڵێتەوە".(حسین، 123:1976)

ڕووپێوی "بەدیارترن ڕێبازە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەی بواری ڕاگەیاندن دەژمێردرێت، لەبەرئەوەی لەم ڕێگەیەوە توێژەر زانیاریی لەبارەی دیاردەی دیاریکراوی میدیایی کۆدەکاتەوە، بۆ ناسین و دیاریکردنی دۆخەکەی و زانینی لایەنە بەهێزو لاوازەکانی". (ویمر و دومینیك،196: 195-196)

## 5.1 کۆمەڵگەی توێژینەوە

مەبەست "ئەو کۆمەڵگەیە، کە توێژینەوەی لەسەر دەکرێت و هەموو ئەو پێکهاتانە دەگرێتەوە، کە دەچنە چوارچێوەیەوە". (خەمەش، 411:2012)

کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان بریتییە لە (خوێندکارانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی)، چونکە خوێندکارانی ئەو زانکۆیە توێژێکی گەنجی کۆمەڵگەن و زۆرترین بەرکەوتنیان بۆ ڕیکلامەکانی پۆشاك هەیە، لە هەمانکاتدا ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و کلتووری و رۆژنامەوانییان بەرزە و خاوەنی سەربەخۆیی ئابووری خۆیانن. زۆرینەی ڕیکلامەکانی پۆشاك و جوانکاریی جەستە، ئاراستەی ئەم توێژەی وەرگرو خوێندکارانی زانکۆ دەکرێت.

## 6.1 سامپڵی توێژینەوە

بەشێکی دیاریکراوە، کە لە کۆمەڵگەی توێژینەوە هەڵدەبژێردرێت، بە ئامانجی گشتاندنی دەرەنجامەکانی بەسەر گشت کۆمەڵگەدا، لەم پێناوەشدا پێویستە سامپڵ بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە نوێنەرایەتی کۆمەڵگە بکات، تاوەکو بتوانرێت زانیارییەکانی بۆ هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگە بەکاربهێنرێت. (خەمەش،416:2012) لەم توێژینەوەیەدا پشت بە سامپڵی چینایەتی بەستراوە بۆ وەرگرتنی بەشی پێویست لە کۆمەڵگەی توێژینەوە.

سامپڵی توێژینەوەکەمان بریتییە لە ڕێژەی (10%)ی خوێندکارانی (زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی) لە شاری سلێمانی، کە ژمارەیەکی زۆری خوێندکار لەسەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە ڕوو لەم زانکۆیە دەکەن بۆ خوێندن.

## 7.1 ئامرازەکانی توێژینەوە

ئامرازەکان بەدەستهێنانی زانیاری هۆکارێکن بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان و پۆلێن و ڕێکخستنیان، (ألحاوي، 1992: 30) بەهۆی زۆری ئامرازەکانی توێژینەوەوە، بوار بۆ توێژەر دەڕەخسێت بەپێی گونجاویی لەگەڵ بابەتی توێژینەوەدا ئامرازەکە بەکاربهێنێت، (دوريدى، 2000: 183)، بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان توێژەر پشتی بە ئامرازی فۆڕمی ڕاپرسی بەستووە، کە **وشەی (راپرسی)،** "بەزۆری بۆ وەسفکردنی شێوازی کۆکردنەوەی زانیاری لە سامپڵێك لە خەڵك بەکاردێت، ئەو سامپڵە

تەنها بەشێکی بچووك لەو کۆمەڵە خەڵکەی، کە توێژینەوەکەی لەسەر دەکرێت دەگرێتەوە". (شورن، 13:2009) توێژەر فۆڕمی راپرسی نیمچە کراوەی بەکارهێناوە بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی پێویست لە توێژینەوەکەدا.

## 8.1 بوار و سنوری توێژینەوە

دیاریکردنی بوارو سنوری توێژینەوە هەنگاوێکی گرنگەو چوارچێوەی توێژینەوەکە لە بازنەیەکی دیاریکراودا بۆ توێژەر دەکێشێت و کارەکانی دیاریدەکات. بوارو سنوری توێژینەوە لەم خالانەدا خراوەتەڕوو:

1- **بواری شوێن:** بریتییە لە شاری سلێمانی، کە شوێنی ئەنجامدانی لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکەیە.

2- **بواری کات:** بریتییە لەو ماوەیەی، کە توێژەر زانیارییەکانی توێژنەوەکەی تێدا کۆکردووەتەوە لە قۆناغی توێژینەوە مەیدانییەکەدا، کە لە ماوەی (20/11/2016 تا 20/1/2017)ی خایاندووە.

3- **بواری مرۆیی:** بریتییە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان، کە خوێندکارانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆییە.

## 9.1 پێوەری ڕاستیی ڕواڵەتی(الصدق ألظاهري)

ڕاستی "توانای ئامرازی توێژینەوەیە بۆ پێوانەکردنی ئەو دیاردەیەی، کە بانگەشەی پێوانەکردنی بۆ دەکات". (بۆکانی، 2016: 174) ئاستی هەڵسەنگاندنی ڕاپرسییەکە دیاریدەکات بەمەبەستی گونجاویی بڕگەو پێوەرەکانی لەگەڵ ناونیشان و جۆرو شێوازی توێژینەوەکە. (خطاب، 2002: 276)

ڕاستیش چەند جۆرێکە، توێژەر "ڕاستی رواڵەتی" بۆ فۆرمی ڕاپرسییەکەی دەرکردووە، واتە "ئامرازەکە لە ڕووکەش و ڕوواڵەتدا تا چەند دیاردەکە دەپێوێت، بۆ ئەو مەبەستەش بڕگەو پرسیارەکان، پیشانی چەند کەسێکی پسپۆڕو شارەزای بوارەکە دەدرێت". (بۆکانی، 2016: 174)

لە ڕێگەی ڕاستییەوە هەڵسەنگاندن بۆ بڕگەو پرسیارەکانی فۆڕمی ڕاپرسی لەلایەن پسپۆڕو شارەزایانی بواری توێژینەوە لەسەرکراو دەکرێت بۆ دەرهێنانی ڕاستیی ڕواڵەتیی بۆی، لەبەرئەوە توێژەر بۆ دەرهێنانی ڕاستی ڕواڵەتی، پشتی بە (7) پسپۆڕو شارەزا لە بوارە جیاوازەکانی (ڕاگەیاندن، کۆمەڵناسی، دەروونناسی، ئابووری،) بەستووە[2]. پاش هەڵسەنگاندنی پسپۆڕو شارەزایان بۆ ناوەڕۆکی

[2]- **لیژنەی هەڵسەنگاندنی فۆڕمی ڕاپرسی بریتی بوون لە:**

| ژ | ناو و پلەی زانستی هەڵسەنگێنەر | پسپۆڕی | شوێنی کارکردن |
|---|---|---|---|
| 1 | پ.د. محمد رؤوف سعید فتح الله | ئابووری | زانکۆی سلێمانی – کۆلێجی کارگێڕی و ئابووریی |

فۆڕمی ڕاپرسییەکە دەرکەوت، کە ڕێژەی سەدی (80%)ی بەدەستهێناوە، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزی ڕاستییە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر سامپڵی توێژینەوەکە. وەك لە پاشکۆی ژمارە(3)دا خراوەتەڕوو.

## 10.1 تاقیکردنەوەی جێگیریی (الثبات)

جێگیریی، واتە دەستکەوتنی ئەجامێکی هاوشێوە، یان نزیك لەیەك لە دۆخێکدا هەمان ئامرازی توێژینەوە لە دوو کاتی جیاوازدا لەگەڵ هەمان کۆمەڵو سامپڵی توێژینەوەدا بەکاربهێنرێت، دەستکەوتنی وەڵامی هاوشێوە بە ڕەچاوکردنی ماوەی نێوان دوو ڕاپرسییەکە جێگیریی پێوەرەکەمان بۆ دەسەلمێنێت. (ألقیم، 2006: 139)

بەمەبەستی دەرهێنانی جێگیریی بۆ توێژینەوەکە، توێژەر ڕێگەی دووبارە تاقیکردنەوەی بەکارهێنا (Test – Re Test)، دوای (21)[3] ڕۆژ تێپەڕبوون بەسەر دابەشکردنی یەکەمجاردا(50) فۆڕمی بەسەر لێتوێژراواندا دابەشکردەوە، کە هەر لێتوێژراوێك هێمایەکی بۆ دیاریکرا لە هەردوو جارەکەدا، بە بەکارهێنانی هاوکێشەی هۆڵستی بۆ تاووتوێکردنی جێگریی، لەپێناو دۆزینەوەی پەیوەندیی لەنێوان هەردوو باری تاقیکردنەوەکەدا، دەرکەوت ڕێژەی جێگری تاقیکردنەوەکە (0,93) یە، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزی جێگیرییە لە توێژینەوەدا.

## 11.1 ئامرازە ئامارییە بەکارهێنراوەکان

1- **دابەشبوونی دووبارە:** بۆ پۆلێنکردنی داتاکانی توێژینەوە بەکاردێت و بە ئاسانیی پەیوەندیی نێوان ئەو داتایانە دەردەخات. (محجوب، 1992: 217)

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2 | پ.ی.د. صابر بکر مصطفی | سایکۆلۆجیای پەروەردەیی | زانکۆی سلێمانی – کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |
| 3 | پ.ی.د. هێمن مەجید حەسەن | ڕاگەیاندن / تەلەفزیۆن | زانکۆی سلێمانی – کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان |
| 4 | پ.ی.د.سلام نصرالدین محمد | ڕاگەیاندن/ ڕیکلامی بازرگانی | زانکۆی سلێمانی – کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان |
| 5 | پ.ی.د. نجاة محمد فرج | کۆمەڵناسیی گشتی | زانکۆی سلێمانی – کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان |
| 6 | پ.ی.د. پەیمان عبدالقادر مجید | کۆمەڵناسی | زانکۆی سلێمانی – کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان |
| 7 | د.بەهادین احمد محمد | ڕاگەیاندن | زانکۆی پۆلەتەکنیکی سلێمانی – کۆلێجی تەکنیکیی کارگێڕی |

[3]- ماوەیەکی گونجاوە بەسەر تێپەڕبوونی دابەشکردنی یەکەم، تا هۆکاری یادەوەری (ألذاكرة) ڕۆڵ لە سەرلەنوێ هەڵبژاردنەوەی وەڵامی پرسیارەکاندا نەبینێت. (محمد، 2011: 243)

2- **ڕێژەی سەدیی:** بۆ مەبەستی خستنەڕووی زانیارییەکان بەشێوەی ڕێژەو دەرخستنی جیاوازیی نێوان ئەو داتا بەدەستهێنراوانە بەکاردەهێنرێت، توێژەر بۆ وەڵامی سەرجەم پرسیارو بڕگەکانی فۆڕمەکە ڕێژەی سەدیی بەم شێوازە دەرهێناوە:

ژمارەی وەڵامی بەدەستهاتوو بۆ هەر بژاردەیەك

ڕێژەی سەدی = ------------------------------ × 100 (البیاتی و اپناسیوس، 1977: 283)

کۆی گشتیی وەڵامەکان

**3- هاوکێشەی هۆڵستی بۆ دەرهێنانی ڕاستیی ڕواڵەتی:** (حسن،2011: 20)

ن (س)

ڕاستیی پێوەر = ------------------

س 1+ س2+ .......

ن: ژمارەی شارەزا، یاخود پسپۆڕەکان.

س: ژمارەی پرسیارە پەسەندکراوەکان لەلایەن شارەزاکانەوە.

س 1: ژمارەی پرسیارەکانی شارەزای یەکەم.

س2: ژمارەی پرسیارەکانی شارەزای دووەم.

4- **هاوکێشەی هۆڵستی بۆ دەرهێنانی جێگریی:** بریتییە لە هاوکێشەیەکی بیرکارییانە بۆ دەرهێنانی جێگیریی ئامرازی توێژینەوە، کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە: (حسن، 2011: 21)

2 × ژمارەی وەڵامە هاوڕاکان

جێگیریی = ------------------------------------------

ژمارەی وەڵامەکان لە دابەشکردنی یەکەمدا + ژمارەی وەڵامەکان لە دابەشکردنی دووەمدا

# 12.1 توێژینەوەکانی پێشوو

توێژینەوەکانی پێشوو بەرچاوڕوونی دەخەنە بەردەستی توێژەر بۆ هەنگاونان بەرەو کارەکانی ئایندەی، بەجۆرێك، کە یارمەتیی توێژەر دەدەن " لە بەرەوپێشبردنی کێشەو گریمانی توێژینەوەکەداو داڕشتنی چوارچێوەی تیۆری و شیکردنەوەی ئەنجامەکانی تایبەت بە توێژینەوەکەی"، (الرفاعی،2007:48)

"هەنگاوە نەزانراوەکانی ئاشکرادەکەن و وەڵامی دەیان پرسیاری ئایندەی دەدەنەوە". (بۆکانی،57:2016)

## 1.12.1 توێژینەوە کوردستانییەکان

**یەکەم: توێژینەوەی ظاهر محمدامین صابر، 2014 (ڕۆڵی ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی لە هاندانی ڕەفتاری بەکاربەر بۆ کڕینی کاڵا) (صابر، 2014).**

گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لەوەی، کە "ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی هانی بەکاربەر دەدات بۆ کڕینی کاڵا؟ تا چەند کەناڵە کوردییەکان گرنگی بە ڕیکلام دەدەن؟". توێژەر ڕێبازی توێژینەوەی وەسفی ڕووپێوی پەیڕەوکردووە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بریتییە لە دانیشتوانی شاری هەولێر، سامپڵی توێژینەوەکەی (300) لێتوێژراوە، کە بە شێوەی هەڕەمەکیی سادە وەریگرتوون. فۆڕمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتنی وەك ئامرازی کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکانیی بەکارهێناوە.

گرنگترین دەرەنجامی توێژینەوەکە بریتییە لەوەی، کە سامپڵی توێژینەوەکە تاڕادەیەك بایەخ بە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی دەدەن، بۆ ئاگاداربوون لە نوێترین کاڵاو بەراوردکردنی بە کاڵاکانی دیکە و دۆزینەوەی کاڵایەك کە نرخی گونجاو بێت تەماشای ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی دەکەن. ڕیکلام کاریگەرییەکی ڕێژەیی لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر هەیە.

**دووهەم: توێژینەوەی سلام نصرالدین محمد، 2008 (اتجاهات الجمهور الكوردي ازاء الاعلانات التجارية في القنوات التلفزيونية الكوردية) (محمد، 2008).**

گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی بۆچوونی جەماوەری کوردی بەرامبەر ڕیکلامی بازرگانیی لە تەلەفزیۆنە کوردییەکاندا. زانینی ئەو هۆکارانەی، کە وا لە جەماوەر دەکەن بۆچوونەکانی خۆی بگۆڕێت و لەناو ئەو ژمارە زۆرەی کاڵاو خزمەتگوزارییەکاندا گونجاو یان گونجاوترینیان هەڵبژێرێت، لەگەڵ زانینی ڕادەی ڕەزامەندیی جەماوەر بەو ڕیکلامانەو گونجاندنی لەگەڵ داب‌ونەریتەکانی کۆمەڵگەدا.

توێژەر ڕێبازی وەسفی ڕووپێوی بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی پەیڕەوکردووە،کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە دانیشتوانی ناو شاری سلێمانیی، کە (10) گەڕەکی وەك سامپڵ بەشێوەی هەڕەمەکی سادە

هەڵبژاردووە، لەو (10) گەڕەکەش (400) لێتوێژراوی وەرگرتووە، فۆڕمی پێوانەکردنی وەك ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێناوە.

گرنگترین دەرەنجامی توێژینەوەکەش بریتییە لەوەی، کە جەماوەری کوردی بایەخێکی زۆر بە کەناڵە کوردییەکان دەدەن، ئەو ریکلامانەی لە کەناڵە کوردییەکاندا پەخشدەکرێت، جێگەی بایەخی جەماوەرە، بەشی ڕیکلام لە پەیکەری ڕێکخستنی زۆرێك لە کەناڵە تەلەفزیۆنییە کوردییەکاندا بوونی نییە.

## سێیەم: توێژینەوەی نەزاکەت حسین حمەسعید و هەردەوان نەقشبەندی، 2014 (کاریگەریی ڕیکلامە تەلەفزیۆنییەکان لەسەر ڕەفتاری کڕین) (حمەسعید و نەقشبەندی، 2014).

گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە: زانینی ڕۆڵی ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی و کاریگەریی لەسەر ڕەفتاری کڕیار، زانینی ئاستی ڕازیبوونی جەماوەر بە تەماشاکردنی ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی و ئاستی دووبارەبوونەوەو بەکارهێنانی ڕەگەزی مێینە لە ڕیکلامەکاندا.

توێژەران ڕێبازی توێژینەوەی وەسفی ڕووپێوییان پەیڕەوکردووە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەیان بریتییە لە خوێندکارانی قۆناغی کۆتایی سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی بۆساڵی خوێندنی (2014-2015)، کە ژمارەیان (320) خوێندکار بووە، سامپڵی توێژینەوەکەیان بریتییە لە (50) لێتوێژراو، لە هەردوو رەگەزی نێر و مێ، کە ڕێژەی (15٪)ی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەیانە، بە شێوەی هەڕەمەکیی ڕێکخراو وەریانگرتوون. فۆڕمی ڕاپرسییان وەك ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەکارهێناوە.

گرنگترین دەرەنجامی توێژینەوەکە بریتییە لەوەی، کە خوێندکارانی زانکۆ بایەخ بە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی نادەن، ڕێژەی راستگۆیی لە ڕیکلامەکاندا کەمە، خوێندکارانی ڕەگەزی نێرینە بەمەبەستەوە تەماشای ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی دەکەن، بەڵام خوێندکارانی ڕەگەزی مێینە لە ناچاریدایە.

## چوارەم: توێژینەوەی امید محمد حسین، 2015 (تحليل الاقتصادي لاثر الاعلان التجار في سلوك المستهلك) (حسين،2015)

گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکە زانینی ڕۆڵ و کاریگەریی ڕیکلامی بازرگانییە لەسەر ڕەفتاری بەکاربردن، ڕەگەزی بنەڕەتیی کاریگەر بەسەر ڕەفتاری بەکاربەر لەشاری سلێمانی لە ڕیکلامی بازرگانی، تیشك خستنەسەر ڕیکلام لەڕێگەی توێژینەوەی لایەنە جیاوازەکانی و گرنگییەکەی وەك ڕەگەزێکی چالاکی ئابووری.

توێژەر ڕێبازی توێژینەوەی وەسفی ڕووپێوی پەیڕەوکردووە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بریتییە لە دانیشتوانی شاری سلێمانی، سامپڵی توێژینەوەکەی بریتییە لە (452 ) لێتوێژراو، فۆڕمی ڕاپرسی وەك ئامرازیی کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەکارهێناوە.

توێژەر لە توێژینەوەکەیدا گەشتووەتە ئەو دەرەنجامانەی، کە: ڕیکلامی بازرگانی، کاریگەریی لەسەر زیادبوونی خەرجیی تاکەکان هەیە، بەجۆرێك، کە ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەفتاری ئابووریی و کۆمەڵایەتییان دەبێت، ڕەفتاری بەکاربردن بەپێی بەکاربەران دەگۆڕێت و هەرکەسێك و کاریگەریی پاڵنەرێکی لەسەر دروستدەبێت، دۆخی کۆمەڵایەتیو چینە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری بەکاربردن دەبێت.

## 2.12.1 توێژینەوە عێراقییەکان

### پێنجەم: توێژینەوەی سهاد عدنان جلوب ألمطيرى 2006 (الاعلان في القنوات العربية والاتجاهات الاستهلاكية للجمهور العراقي) (ألمطيرى،2006)

گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی ڕێژەی تەماشاکردنی کەناڵی (ألعراقيیه) لەلایەن بینەری عێراقییەوەو دیاریکردنی ڕێژەی ئەو ڕیکلامانەی، کە زۆرترین کات بینەرەکان لە کەناڵی ناوبراوەوە تەماشای دەکەن، وەرگرتنی بۆچوون و پێشنیاری بینەران بۆ پیشخستنی ڕیکلام لە کەناڵەکەدا.

توێژەر لە توێژینەوەکەیدا گەشتووەتە ئەو دەرەنجامانەی، کە: زۆربەی جۆرەکانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی لە کەناڵی (ألعراقيیه) زیادەڕۆیی تێدایە، بەکارهێنانی ڕەنگە سەرنجڕاکێشەکان کاریگەری خێراتری هەیە لە گەیاندنی پەیامی ڕیکلام و کاریگەریدانان لەسەر وەرگران. دووبارکردنەوەی ڕیکلام هۆکارێکە بۆ مانەوەی ناوی بەرهەمەکە لە هزری وەرگراندا.

### شەشەم: توێژینەی عادل طه ألغرب 2006 (تعرض جمهور بغداد للاعلانات الوافدة عبر الفضائيات العربية) (ألغرب ،2006)

گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی ئەو کاتانەی، کە بینەری عێراقیی تەماشای ڕیکلامی کەناڵی (أبوظبی) دەکات، لەگەڵ دۆزینەوەی ڕادەی کاریگەریی ڕیکلامی تەلەفزیۆنەکە لەسەر بینەرەکانی، هەروەها ئەو گۆڕانەی بەسەر ڕەفتاری جەماوەردا دێت لە ئەنجامی تەماشاکردنی

ڕیکلامەکانی کەناڵی (أبوظبی) و ڕۆڵی کەناڵەکە لە بواری ڕێنماییکردنی جەماوەری عێراقیدا بۆ بەکاربردنی کاڵاکان.

توێژەر بە چەند دەرەنجامێك گەیشتوە، کە گرنگترینیان بریتییە لە: باشترین شوێن بۆ تەماشاکردنی ڕیکلامە تەلەفزیۆنییەکان، ناو خێزانە و لە ئێوارانداا بە پلەی یەکەم جەماوەر تەماشای دەکەن. جیاوازی لە نێوان ئاستی خوێندەواری و ڕادەی تەماشاکردنی ڕیکلامە تەلەفزیۆنییەکاندا هەیە. (65٪) ی سامپڵی توێژینەوەکە ئەو کاڵایانە بەکاردەهێنن، کە لە کەناڵی (أبوظبی)یەوە ڕیکلامی بۆ کراوە.

## 3.12.1 توێژینەوە عەرەبییەکان

### حەوتەم: توێژینەوەی عزة حلمی عوض ألجرجاوی، 2005 (دور الاعلان التلفزيونی في ألتاثير علی السوك الشرائي) (الجرجاوی، 2007)

گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی کاریگەریی ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی لەسەر ڕەفتاری کڕین، ڕادەی بایەخدانی منداڵان بە ڕیکلامی تەلەفزیۆنی و هەستکردن بە ناوەڕۆکی و تێگەشتن لە ئامانجی فرۆشتن و ڕادەی وەڵامدانەوەی کڕیار بۆ بەرهەمی ڕیکلامبۆکراو.

توێژینەوەیەکی وەسفی ڕووپێوی کۆمەڵایەتییە، توێژەر (400) منداڵی وەك سامپڵی توێژینەوەکەی بەشێوازی هەڕەمەکیی چینایەتی لە دەووروبەری پارێزگای (البحيرە) وەرگرتووە، کە تەمەنیان لەنێوان (9-12)، ساڵدایە ، فۆڕمی ڕاپرسیی وەك ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریی بۆ توێژینەوەکەی بەکارهێناوە.

گرنگترین دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوەیە، کە ریکلامی تەلەفزیۆنیی، سەرچاوەی یەکەمی بێ ڕکابەرە لە ناساندنی بەرهەمەکان، کە کاریگەریی لەسەر ڕەفتاری کڕینی منداڵان هەیە.

### هەشتەم: توێژینەوەی أمنة علی الرباعي، 2008 (أثر الاعلان التلفزيونی علی السلوك الاستهلاكي لدی المراهقين في اربد) (الرباعي، 2008)

گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی پەیوەندیی نێوان ڕیکلامی تەلەفزیۆنی و ڕەفتاری بەکاربەر، بەرکەوتنی هەرزەکاران بۆ ڕیکلامی تەلەفزیۆنی و ڕەفتاری بەکاربەر، پەیوەندیی کاتی تەماشاکردنی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی و ڕەفتاری بەکاربەر.

توێژینەوەیەکی وەسفی رووپێوییە، کۆمەڵگەکەی بریتییە لە خوێندکارانی قوتابخانە ناوەندییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی شاری (أربد)لە شانشینی ئەردەن، توێژەر (400) خوێندکاری

بەشێوەی هەڕەمەکی  لە هەردوو ڕەگەز بەشێوەیەکی یەکسان لە دوو قوتابخانەی کوڕان و کچان لە شاری اربد وەك سامپڵی توێژینەوەکەی وەرگرتووە، کە ڕێژەی (42٪)ی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بووە. فۆڕمی ڕاپرسی وەك ئامرازێك بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان بەکارهێناوە.

گرنگترین دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە، بریتییە لە بوونی پەیوەندیی لەنێوان بەرکەوتنی هەرزەکاران بۆ ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی و ڕەفتاری بەکاربەر، بوونی پەیوەندیی لە نێوان ماوەی تەماشاکردنی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی و ڕەفتاری بەکاربەر، بوونی پەیوەندیی لە نێوان ڕاستگۆیی پەیامی ڕیکلامیی و ڕەفتاری بەکاربەر، نەبوونی پەیوەندیی لەنێوان شێوازی تەماشاکردن (بەتاك یان بەکۆمەڵ)ی ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی و ڕەفتاری بەکاربەر.

## نۆیەم: توێژینەوەی أیاس سمیر اسماعیل صمد، 2011 (تأثير الاعلان الاذاعي على اتخاذ القرار الشرائي لدي طلبة الجامعات بمحافظات غزة). (صمد 2011)

گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی ماوەی گوێگرتنی خوێندکارانی زانکۆ لە ڕیکلامی ڕادیۆیی، کاریگەریی ڕیکلامی ڕادیۆی ناوچەیی لەسەر بڕیاری کڕین لای خوێندکارانی زانکۆ، کاریگەربوونی خوێندکارانی زانکۆ بە ڕیکلامی رادیۆیی، لە ڕوانگەی تایبەتمەندی کەسێتیانەوە.

توێژەر ڕێبازی وەسفی شیکاریی لە توێژینەوەکەیدا بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بریتییە لە خوێندکارانی زانکۆ حکومییەکانی پارێزگاکانی غزە لە فەلەستین، سامپڵەکەی بریتییە لە (409) خوێندکار، کە بەشێوەی هەڕەمەکی چینایەتی وەریگرتوون. فۆڕمی ڕاپرسیی و چاوپێکەوتنی بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان بەکارهێناوە.

توێژەر گەشتووە بەو دەرەنجامەی، کە ئەم هۆکارانەی خوارەوە کاریگەری ئەرێنییان لەسەر بڕیاری کڕین لەلای خوێندکارانی زانکۆ هەیە:

1- داڕشتنی ڕیکلامی ڕادیۆیی لەڕوانگەی(ناوەڕۆك‌و کاتی پێشکەشکردن‌و ماوەکەی‌و دووبارەبوونەوەی ڕیکلام).

2- جێبەجێکردنی ڕیکلامی رادیۆیی لەڕوانگەی (بەکارهێنانی کەسانی بەناوبانگ‌و ڕەچاوکردنی کلتووری باوی کۆمەڵگەو راستگۆیی‌و بەکارهێنانی زیاد لە ڕادیۆیەك بۆ ڕیکلامکردن).

3- ناوی رادیۆو توانای پێشکەشکردنی لە (پەخش و ناوبانگ و ڕوونیی دەنگەکەیەوە)،

**دەیەم: توێژینەوەی محمد صالح مفتوح، 2013 (تأثیر الاعلان علی سلوك المستهلك النهائي). (مفتوح 2013)**

گرنگترین ئامانجەکانی بریتییە لە دەرخستنی پێگەی ڕیکلام و ڕۆڵی لە گۆڕینی ئاراستەی بەکاربەری جەزائیری لەسەر کەلوپەلە ڕیکلامبۆکراوەکان، زانینی چۆنێتیی کاریگەربوونی بەکاربەری جەزائیریی بە ڕیکلامەکان، ڕێژەی کاریگەربوونی بەکاربەری جەزائیری بە ڕیکلامەکان لە ڕوانگەی تایبەتمەندێتیی کەسییانەوە.

توێژەر ڕێبازی وەسفیی شیکاریی بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بریتییە لە دانیشتوانی شاری (ورقلە)ی جەزائیر، (80) کەسی وەك سامپڵی توێژینەوەکەی بە شێوەی هەڕەمەکیی وەرگرتووە. هەریەك لە ئامرازەکانی چاوپێکەوتن و فۆڕمی ڕاپرسیی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە توێژینەوەکەیدا بەکارهێناوە.

گرنگترین دەرەنجامی توێژینەوەکە: بەکاربەری جەزائیریی، پشت بە دامەزراوەی موبیلیس دەبەستێت وەك سەرچاوەیەك بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر کەلوپەل و خزمەتگوزاریی، جیاوازیی ڕێژەی کارلێکی بەکاربەری جەزائیری بۆ ڕیکلامەکان بەپێی جیاوازیی ئامرازی ڕیکلامکردنەکەیە، بەجۆرێك لای بەکاربەری جەزائیریی تەلەفزیۆن گرنگترین ئامرازی بەکارهێنراوە بۆ ڕیکلامکردن. جیاوازیی ڕێژەی کاریگەریی ڕیکلامەکان لەسەر تاکەکان، بەهۆی جیاوازیی تایبەتمەندیی کەسێتییانەوەیە.

## 13.1 تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو

لە دوای خستنەڕووی چەند توێژینەوەیەکی نزیك لە توێژینەوەکەمان، کە لە ساڵانی ڕابردوودا ئەنجامدراون، توێژەر لە ڕێگەی تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشووەوە، ڕێڕەوی گشتیی توێژینەوەکەی دیاریکردووە.

لە ڕووی ڕێبازی توێژینەوە و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی و ئەو ئامانج و دەرەنجامانەی لە توێژنەوەکانی پێشووەوە بەدەستهاتوون لەگەڵ کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوەکاندا.

بە گشتی ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکانی پێشوو لەوەدا یەکیانگرتووە، کە کاریان لەسەر کاریگەریی ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی لەسەر ڕەفتاری بەکاربەرو دەرهاویشتەکانی کردووە لەگەڵ ڕادەی گرنگیدانی بینەران بە ڕیکلامە تەلەفزیۆنییەکان. بەگشتی توێژەرەکان ڕێبازی وەسفیی– ڕووپێوییان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکانیان بەکارهێناوە. لە ڕووی کۆمەڵگەی توێژنەوەکانیانەوە کاریان لەسەر گەنجانی

قوتابخانەو زانکۆکان، یاخود بازاڕەکان کردووە، هەرچەندە سامپڵی توێژینەوەکان بە پێی کات و شوێنی توێژینەوەکان و ئامانجەکانیان جیاواز بووە، لە نێوان (80-400) لێتوێژراو. ئەو ئامرازانەی بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی و داتاکان بەکاریان هێناوە، زیاتر لە چوارچێوەی فۆڕمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتندا بووە.

ئەو دەرەنجامانەی، کە توێژینەوەکانی پێشوو پێیان گەشتوون، هەرچەندە بەهۆی جیاوازی کات و شوێنی ئەنجامدانی توێژینەوەکانەوە لە یەکتر جیاوازن، بەڵام لەوەدا هاوبەشن، کە ڕیکلامە تەلەفزیۆنییەکان کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر هەیە بۆ کڕینی کاڵاو شمەکەکان و شێوازی ڕەفتارو کاروباری ڕۆژانەیان و دروستکردنی ڕەفتاری نوێ لەلایان. لە هەمانکاتدا بینەران ڕیکلامە تەلەفزیۆنییەکانیان وەك سەرچاوەیەکی بەدەستهێنانی زانیاری تەماشاکردووە.

جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو لەوەدایە، کە کار دەکات لەسەر دیاریکردنی کاریگەریی ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەسەر ڕەفتاری کڕینی پۆشاك و بەباوکردنی پۆشاکێکی دیاریکراو لە ڕێگەی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی و فیلم و دراماو خودی ڕیکلامی بەرهەمەکان و دەرکەوتنی کەسایەتییەکان لە هەواڵ و بەرنامەکانی تەلەفزیۆندا، ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت کاریگەری ئەو ڕیکلامە تەلەفزیۆنییانە لەسەر ڕەفتارو کلتووری پۆشاکپۆشین لەلای خوێندکارانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی بزانێت.

توێژینەوەکانی پێشوو، زیاتر کاریان لەسەر کاریگەریی ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی لەسەر ڕەفتاری کڕینو بەکاربەر بەگشتی کردووە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە ڕۆشتۆتە ناو بوارێکی دیاریکراوی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی کە ڕیکلامکردنە بۆ پۆشاك، واتە کارەکەی چڕ کردۆتەوە لە بوارێکی دیاریکراودا، بەمەش جۆرێك لە پسپۆڕی و تایبەتمەندبوون بە توێژینەوەکە دەبەخشرێت و لە چوارچێوە گشتییەکەی توێژینەوە لەسەر ڕەفتاری بەکاربەرو کڕین دەرباز دەبێت، هەنگاو دەنێت بەرەو پسپۆڕی و تایبەتمەندبوون و جیاکردنەوەی بابەت و پسپۆڕییە جیاوازەکان لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیدا.

توێژەر سودی لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرتووە بۆ دیاریکردنی ڕێرەوی گشتیی توێژینەوەکەی و دیاریکردنی ئامانجەکانی و ڕێکخستنی فۆڕمی ڕاپرسیی و بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییەکان بۆ بەتاڵکردنەوەو شیکردنەوەی زانیارییە بەدەستهاتووەکان.

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکانی پێشوو زانینی ئاستی کاریگەری ڕیکلامە تەلەفزیۆنییەکانە لەسەر ڕەفتاری بەکاربەرو کڕیار، واتە لە چوارچێوەی کاریگەری ڕیکلام لەسەر کڕینی بەرهەمەکان لەلایەن

بەکاربەرەوە کاریان کردووە، ئەوەش توێژینەوەکانی چوارچێوەدار کردووە بۆ کاریگەری ڕیکلام بەپێی توانای داهاتی بەکاربەرو لایەنی ئابووری، بەڵام ئەم توێژینەوەیە کار لەسەر کاریگەری ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەسەر ڕفتاری بەکاربەر لە (پۆشاکپۆشیندا) دەکاتەوە، واتە لەلایەك لە لایەنی ئابووری و لەلایەکی دیکەوە لەلایەنی کۆمەڵایەتی و کلتووری کاریگەری ڕیکلامەکان لەسەر کلتوورو ڕەفتاری کۆمەڵایەتی بەکاربەران لە (پۆشاکپۆشیندا) توێژینەوە دەکات.

## 14.1 پێناسەکردنی چەمکەکان

بە سودوەرگرتن لە سەرچاوە زانستییەکانی بوارە جیاوازەکان، هەریەك لە چەمکەکانی (ڕۆڵ، ڕیکلام، ڕەفتار، ڕەفتاری پۆشاکپۆشین) پێناسە دەکەین.

**یەکەم/ ڕۆڵ:** یەکێکە لە زاراوە باوەکان و لە توێژینەوەکاندا بەکاردەهێنرێت، بەتایبەت لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا، کە بە مانای جیاواز بەکاردەهێنرێت، (کۆترێل) بەو شێوەیە پێناسەی دەکات : "کۆمەڵێك وەڵامدانەوەی پەیوەستە بەیەکتر ئەندامێك پێی هەڵدەستێت لە هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتیدا ئەم زنجیرەیە دەبێت بە چەشنێك لە وروژاندن، لە هەمانکاتدا وەڵامدانەوەو لەلای کەسانی دیکە دروست دەکات". (النجمی، 1974: 117)

دکتۆر (محمد فرج) پێناسەی ڕۆڵی کردووە بەوەی کە "ڕەفتارێکی ڕێکخراوە کەسێك پێی هەڵدەستێت لە پێگەو هەڵوێستە گونجاوەکان، بەمەبەستی بەشداریکردن لە هەڵوێستەکان و ڕێکخستنی کۆمەڵێك بەهاو پێوەری کۆمەڵایەتی تایبەت بە ئاراستەکانە کە کۆمەڵگە دەیسەپێنێت". (سعید، 1989: 436)

ڕۆڵ ئەو فرمان یان ئیشەیە، کە هۆکارێك لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دەیکەن بۆ جەماوەر، لە بوارێکی دیاریکراودا وەك (فێرکردن، هەواڵ، ڕێنمایی، ئاراستەکاری و ....هتد). (عەبدول،2004: 566)

زانا (بارسۆنز) لە پێناسی ڕۆڵدا دەڵێت: "ڕۆڵ بریتییە لەو کارو کۆششانەی کەسێك یاخود لایەنێك دەتوانێت ئەنجامی بدات کاریگەریی هەبێت" (Parsons,1951: 8)

پێناسەی کارڕایی (اجرائی): ڕۆڵ لەو چالاکی و هەوڵ و کۆششەی کەسێك یان کۆمەڵە کەسێك دەیدەن لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجێك، لە ڕێگەیەوە کاریگەری دروستدەکەن بەو جۆرەی کە خۆیان مەبەستیانەو لە بەرژەوەندییاندایە.

**دووەم/ ڕیکلام:** پێناسەی زۆر لەلایەن شارەزایانی بوارەکەوە بۆ ڕیکلام کراوە، کە پێناسەکان لەیەکدی جیاوازن، ئەمەش بەهۆی جیاوازیی بۆچوون و سیستەمەکانی ڕاگەیاندنەوە.

ڕیکلام بریتییە لە "کرداری ناساندنی بەرهەمە بازرگانی و پیشەسازییەکان و بروپاپێهێنانی جەماوەر بە باشیی بەرهەمەکان و دروستکردنی پێویستی و ئارەزووی بەکارهێنانیان". (ألفار،330:2006).

کۆمەڵەی بەبازارکردنی ئەمریکی، پێناسەی ڕیکلام بەوە دەکات، کە "کارێکی بەکۆمەڵە بەمەبەستی برەودان بە کاڵا، یان بیرۆکەو خزمەتگوزارییەك، کە لەلایەن دەستەیەك، یان گرووپێك، یاخود کومپانیایەکی دیاریکراوەوە بەشێوەیەکی دیار و ئاشکرا ئەنجامدەدرێتو لە بەرامبەر بڕێك پارەدا بلاوەدەکرێتەوە. (شمس،18:2009).

ڕیکلام بریتییە لە "کۆی ئەو چالاکییانەی دەبێتەهۆی بلاوکردنەوەو پەخشکردنی پەیامی مەبەست بۆ جەماوەر، بەمەبەستی هاندانی بۆ کڕینی کاڵا". (عساف،29:1977).

بە جۆرێکی دیکەش پێناسەی ڕیکلام دەکرێت بەوەی، کە "هونەری فریودانی ڕەفتاری تاکەکەسە بە ڕێگەیەکی دیاریکراو" (أبو سمرە،9:2009). یەکێکی دیکە لە پێناسەکانی ڕیکلام "هونەری ناساندنی کاڵاو شمەکەکانە" (محمد،7:2011).

هەرچی پێناسەی کارڕایی (أجرائی)شە، ڕیکلام بریتییە لە چالاکییەك لەلایەن تاکەکەس، یان گرووپێکەوە بەمەبەستی خستنەڕووی کاڵاو خزمەتگوزارییەکی دیاریکراو، لە ڕێگەی ئامرازێکی ڕاگەیاندنەوە بەشێوەیەکی ئاشکرا و لەبەرچاو لە بەرامبەر کرێیەکی دیاریکراودا، بە مەبەستی بڕواپێهێنانی وەرگر و ئەنجامدانی ڕەفتاری کڕین و بەرکاربردن لەلایەن جەماوەرەوە.

**سێیەم/ ڕەفتار:** بریتییە لەو چالاکیەی، کە تاك گوزارشتی لێدەکات لە میانەی پەیوەندییەکانی بە دەوروبەری، ڕەفتار لەژێر کاریگەریی پاڵنەرە بۆماوەییەکان کۆمەڵێك ڕێسای سروشتی و ماددی ڕێکخراوی هەیە بۆ هەر تاکێك بە گوێرەی ریزبەندیی بۆماوەییە بایەلۆژییەکە بێت، تا دەگاتە ئەندازەی کرۆمۆسۆمەکانی، نەخشەیەکی دیاریکراو لە ڕەفتاری بۆ دەکێشرێت. (عبیدات،13:1995).

قۆناغەکانی پرۆسەی دروستبوونی ڕەفتاری تاك بریتین لە (شیکردنەوەو دەستنیشانکردنی هەڵوێستەکە (موقف)، دیاریکردنی ئامانجەکان، کۆکردنەوەی زانیارییەکان، دیاریکردنی گۆڕاوەکان، هەڵسەنگاندنی گۆڕاوەکان، جێبەجێکردنی ڕەفتار و هەڵسەنگاندنی). (مستەفا، 50:2009).

ڕەفتار تەنها لە چوارچێوەی جوڵەی جەستەدا نییە، بەڵکو فراوان دەبێت بۆ گوزارشتی زمانی ڕەفتاری کەسێتیی فێربوون و بیرکردنەوە و یادکردن و خەیاڵ و هەستکردن و پەییردن، هەروەها پرۆسە ویژدانییەکان و پێکەنین و گریانیش دەگرێتەوە. (حجاب، 289:2004) (ألسيد،12:1997).

پێناسەی کارڕایی (اجرائی): ڕەفتار چالاکییەکە گوزارشت لە بیروبۆچوون و تێڕوانینی مرۆڤ دەکات بۆ شێوازی ژیان و بەڕێکردنی، واتە سەرجەمی ئەو پەیامانەی وەریدەگرێت بەشێوەیەکی ناوەکی یان دەرەکی بەرجەستەیان دەکات، بەو شێوەیەی کە خۆی مەبەستییەتی.

**چوارەم/ پۆشاک:** بریتییە لە ناسنامەی گەل، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکەو ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاوازە، پاڵنەرەکانی کەشوهەواو کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و دەروونیی و ئاین، کاریگەرییان لەسەری دەبێت. (نصر،1998: 13) پۆشاك یەکێکە لە پێداویستییە گرنگ و بنەڕەتییە ڕۆژانەییەکانی تاکەکان، لەهەمانکاتدا کاریگەریی لەسەر چالاکیی کۆمەڵایەتی دەبێت، لە هەموو سەردەمێکدا جێگیرو بەهێز بووە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی کۆمەڵگەدا. (عابدین، 1996: 43)

گرنگیی و بابەخی پۆشاك کاتێك دەردەکەوێت، کە بە "ناسنامەو تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی گەل" (نصر، 1998: 13) وێنا دەکرێت.

پێناسەی کارڕایی (اجرائی): پۆشاك بەرگێکە جەستەی مرۆڤ دادەپۆشێت و لە کاریگەرییە خراپەکانی کەشوهەوا دەیپارێزێت، سیماو شێوەیەکی جوانیش بە ڕووکاری دەرەوەی مرۆڤ دەبەخشێت، ڕەنگدەرەوەی باری ئایینی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و جوگرافیی نەتەوەو ناوچەی نیشتەجێبوونیەتی.

**پێنجەم/ ڕەفتاری بەکاربەر:** ڕەفتاری بەکاربەر کۆی کردەوە و هەڵسوکەوتی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیە، کە تاك پێی هەڵدەستێت بەمەبەستی بەدەستهێنانی کەلوپەل و خزمەتگوزارییەکی دیاریکراو لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا. (ألزعبی،90:2009)، یاخود "کۆی ئەو چالاکییانەیە، تاك پێی هەڵدەستێت لە ڕێگەی بەدەستهێنان و بەکارهێنانی کاڵاکان لەماوەی بڕیاردانی کڕیندا ". (ألصحن،111:1988)

ڕەفتاری بەکاربەر کۆمەڵێك هەڵسوکەوتە، کە تاکەکان پێی هەڵدەستن، پەیوەستە بە کڕین و بەکارهێنانی کاڵاو خزمەتگوزارییەکانەوە. (عبیدات،1995: 17)

ڕەفتاری بەکاربردن تێرکردنی ئارەزووەکانی تاکە، بە بەدەستهێنانی ئەو شتانەی، کە دەیەوێت لە شمەك و خزمەتگوزاریی، بە ڕێگەی دوور، یان نزیك، ئەم جۆرە ڕەفتارە شێوەیەکی سەرەکیی ڕەفتاری مرۆڤایەتییە، کە گوزارشت لە پوختەی کڕینی شمەك و خزمەتگوزارییەکان دەکات لەلایەن تاکەوە. (حجاب،289:2004)

پێناسەی کارڕایی (اجرائی) ڕەفتاری بەکاربەر هەڵسوکەوتێکی دیاریکراوە لە ئەنجامی کاریگەربوونی تاك بە پەیامێکی دیاریکراو، بڕیار لەسەر بەکاربردنی بەرهەمێکی دیاریکراو دەدات، واتە دەرهاویشتەی بڕیارێکە، کە پێشتر دەرکراوە، کە ئەو هەڵسوکەوتەی لێوە سەرچاوە دەگرێت.

بەپشتبەستن بە هەریەك لە پێناسەی ڕەفتاری بەکاربەرو پۆشاك، دەتوانین بڵێین:

**ڕەفتاری پۆشاکپۆشین** جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕەفتاری مرۆڤایەتی، کە تاك پێی هەڵدەستێت بەمەبەستی پاراستنی جەستەی لەو مەترسییانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە، هەروەها خۆڕازاندنەوەو دەرخستنی جوانیی جەستەی لە لای کەسانی دەورووبەریدا بەهۆی ئەو پۆشاکەی لەبەریدەکات.

# بەشی دووەم

# چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە

2.1 ڕیکلام

2.2 ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی

2.3 ڕەفتارو ڕەفتاری پۆشاکپۆشین

2.4 پۆشاک و کلتووری پۆشاکپۆشین

# 2. 1 ڕیکلام

## 2. 1. 1چەمك و پێناسەی ڕیکلام

ڕیکلام لەوە دەرچووە تەنها لە بواری ڕاگەیاندندا توێژینەوەی لەسەر بکرێت، بەڵکو لە زانستەکانی دیکەی وەك (ئابووری و کۆمەڵناسی و دەروونناسی و بازاڕکاری و تەنانەت زمانەوانیشدا) توێژینەوەی فراوان و قوڵی لەسەر ئەنجامدەدرێت، لەبەرئەوە لێکدانەوەی قوڵ و پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە. لەگەڵ ئەوەشدا "ڕیکلام بە شادەماری سەرەکیی هەر دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن دادەنرێت" (محمد،25:2008)

زاراوەی ڕیکلام لە بنچینەدا لە وشەی لاتینی (Reclamo)ەوە هاتووە، کە بە واتای دەنگدانەوە (Resound) و ناڕەزایی دەربڕین (Protest) دێت و لە دوو بەش پێکدێت، (reo) بە واتای دووبارە، یان پاش (Back,again) و (clamo) پەیوەندی و هاوار (call,shout). (حەسەن،13:2015).

بنەڕەتی وشەی ڕیکلام (REKLAM) بۆ زمانی فەرەنسی دەگەڕێتەوە ، کە مانای هاوارکردن دەگەیەنێت.(El-Ezabi,Hornby,parnby,1984:12) (فانگ،120:2009)

"وشەی ڕاگەیاندراو (ڕیکلام) لە قورئانی پیرۆزدا شانزە جار لە چەند سورەتێکدا هاتووە"، (الحدیدی،16:2002) لەوانە (ثم انی اعلنت لهم واسررت لهم اسرارا ) (قرأن الكريم، سورة نوح: الاية9) واتە: "بەشێوەی نهێنی و ئاشکرا بانگەوازم بۆ کردن". (کاکە محمود،910:2013) ، (والله يعلم ما تسرون وما تعلنون)(قرأن الكريم، سورة النحل: الاية 19) واتە: "هەر شتێك ئێوە بە پەنامەکی، یان بە ئاشکرا بیکەن، خودا دەیزانێت" (کاکە محمود،442:2013) و چەندین ئایەتی دیکەی لەو جۆرە.

"وشەی ئاگاداری[4] لە ئینجیل و شانۆگەرییەکانی شکسپیردا هاتووە بەمانای ئاگادارکردنەوە، یان پێ ڕاگەیاندن". (فانگ،120:2009)

"لە زمانی کوردیدا دەستەواژە هەیە لە بەرامبەر دەستەواژەی ڕیکلامەوە وەك (ئاگاداری، بانگەشە، بانگەواز، ئاگانامە، جاڕدان، جاڕنامە، داخۆیان، و ڕێنمایی و .....هتد)". (ئەحمەد،63:2016).

---

[4] - مەبەست لە وشەی ئاگاداری لەو دەقەدا، ڕیکلامە. (توێژەر)

له فەرهەنگی ئینگلیزی (Robert)دا ڕیکلام "چالاکی، یان هونەرێکە، ئامانج لێی دروستکردنی کاریگەریی دەروونییە لەسەر جەماوەر، لە پێناو هێنانەدی ئامانجە بازرگانییەکاندا". (بەدەوی،97:2014).

فەرهەنگی فەرەنسی (La La rouse) ڕیکلام وەها پێناسە دەکات: "کۆمەڵێك ئامرازی بەکارهاتووە بەمەبەستی ناساندنی پرۆژەیەکی پیشەسازی، یان بازرگانی، یاخود پیاهەڵدان بە بەرهەمهێنراوێکدا". (ألبدوی،79:2006) ڕیکلام چالاکییەکە هونەرو زانست لەخۆدەگرێت بۆ بزواندنی ئارەزووی کەسەکان و بەکاربەران بۆ کڕینی کاڵا، بەرامبەر بە بڕێك پارە بانگەشەی بۆ دەکرێت، (بەدەوی، 100:2014) دەبێت کومپانیا بڕی پارەی پێویستی بۆ تەرخان بکات و بیدات بە کەس و لایەنێکی تایبەت بۆ بڵاوکردنەوەی، زۆربەی جار ئەو کەسە بەمیدیای گشتی لەقەڵەم دەدرێت. (خۆشناو، 13:2013) ئەم دوو پیچناسەیە لەگەڵ تەوەرەی توێژینەوەکەدا یەکدەگرێتەوە کە کار لەسەر ڕۆڵی ریکلام دەکات.

ڕیکلام بریتییە لە بەهێزترین پەیامێك بۆ لاوازکردنی بەرگریی بەرامبەر، یاخود بریتییە لە خەرجکردنی کەمترین مایە بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین قازانج. (صدیق،36:2013).

**لە کۆی** ئەو پێناسەو شیکردنەوانەی لەلایەن زانایان و ناوەندەکانی توێژینەوەی ڕیکلامەوە کراوە، دەتوانین واتا سەرەکییەکانی ڕیکلام لەم خاڵانەدا کورتبکەینەوە:

**یەکەم:** ریکلام چالاکییەکی کەسیی نییە، بەڵکو کردارێکی پەیوەندیکردنی جەماوەرییە بە ڕێگەی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و ڕاگەیاندنەوە.

**دووەم:** بەگشتی ڕیکلام لە بەرامبەر بڕێك پارەی دیاریکراودا دەکرێت، کە لەلایەن کۆمپانیا خاوەن بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانەوە بۆ دەزگای ڕیکلامکار داببن دەکرێت، واتە خاوەن سروشتێکی بازرگانییە.

**سێیەم:** ئامانجی سەرەکیی ڕیکلام بریتییە لە دروستکردنی کاریگەری و بڕواپێهێنانی جەماوەرو دروستکردنی پێداویستیی و ئارەزووی وەرگر بۆ بەرهەمەکان، بۆ ئەمانەش پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی زیادەڕەویی.

**چوارەم:** پەیامی ڕیکلام هەڵگری دوو واتاو ناوەڕۆکە، لەلایەك پەیامەکە ئاراستەی عەقڵ دەکرێت و دەیەوێت بە بەڵگەی عەقڵیی پەیامەکان بگەیەنێتە وەرگر، لە هەمانکاتدا هەوڵدەدات لە ڕێگەی هەست و سۆزەوە پێویستبوونی جەماوەر بەو بەرهەمە بهێنێتەکایەوە.

## 2.1.2 سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕیکلام

گەشەکردن "پرۆسەی گۆڕانکاریی پلە پلەیە، کە لە کۆمەڵگە یان شتێکی دیاریکراودا ڕوودەدات"، یاخود "گوزارشتە لە جوڵەی خودیی لە سەرەتاوە (سادەیی) بۆ کۆتایی (پێکەوەیی و گەشەکردوو)". (محمد،19:2007)

وەك چۆن سەرهەڵدان و گەشەی پەیوەندیکردن بە قۆناغەکانی "نیشانەی ئاگرو دوکەڵ و هێماو ئاماژەو قسەکردن، بەکارهێنانی زمان و نوسین، کە ماوەی هەزار ساڵ بەردەوام بووە، قۆناغی چاپ و شۆڕشی پیشەسازی لە ساڵی (1500-1900) تا گەشتووەتە سەردەمی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردنی ئەلیکترۆنی لە ساڵی (1900)ەوە تاوەکو ئێستا" (عەزیز، 2002: 10-13) (حمید،41:2013) تێپەڕیوە،

هەستکردنی مرۆڤ بۆ پێویستیی ڕیکلامکردن دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی، بیری لە بەرهەمهێنان کردووەتەوە بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی ژیانی، کە دواتر بەرهەمەکانی ئاڵوگۆڕ پێدەکرد. (الزعبی،30:2009).

بەڵگەنامە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە یەکەم ڕیکلامی بڕواپێهێنان لەسەر شێوەی پارە زیوییەکاندا (مسکوکات فضیة) لە شاری (Cyrene) لە باکوری ئەفریقیا بووە لە نیو سەدە پێش زایینەوە. (ألعلاق و الربابعە، 147:1998) هەروەها "شارەزایان، مێژووی ڕیکلام دەگەڕێننەوە بۆ نزیکەی (3000) ساڵ پێش زایین" (ناصر، 105:1998)

قۆناغەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕیکلام بەسەر سێ قۆناغدا دابەش دەکرێت:

### قۆناغی یەکەم: ڕیکلام لە چاخە کۆنەکاندا

کاتی خۆی مرۆڤ بە ڕێگایەکی خۆڕسك و سەرەتایی وەك هەڵکەندن لەسەر بەردو درەخت و هاوارکردن لە ڕێگاکان و لوتکەی چیاکان و لەڕێی لێدانی تەپڵ و هاتوهاواری بانگەشەکاران ڕیکلامی کردووە. (بەدەوی،103:2014) کاتێك بانگەشەکاران هەواڵەکانی دەوڵەت و کاتی گەیشتنی کەشتییەکانیان ڕاگەیاندووە، هەروەها هێماو ئاماژەی وەك (گۆزەو مار) وەك هێمایەك بۆ دەرمانخانە بەکارهاتووە. (ألغالیی و العسکری، 15:2003)

## قۆناغی دووەم: ڕیکلام لە چاخەکانی ناوەڕاستدا

"ڕیکلام لە چاخەکانی ناوەڕاستدا مۆرکی ژیانی ئایینی و سیاسیی و ئابووریی بەخۆیەوە گرتووە، هەروەك رۆڵێکی بنەڕەتیشی لە بواری بانگەشەی ئایینییدا گێڕاوە، سەرەتا خۆی لە وشەی بستراو لە ڕێگەی بانگەشەکەرانەوە (Criers) بینیوەتەوە"، (بەدەوی، 105:2014) ئەم سەردەمە بە سادەیی و سنورداریی بڵاوبوونەوەو ڕیکلامی زارەکی دەناسرێتەوە. (العلاق و الربابعە، 149:1998). "نەزانیی و نەخوێندەواریی، هۆکاری بەکارهێنانی هێما و ئاماژەو بانگکردن بوون" (ألغالیي و العسکري، 15:2003) بۆ ڕیکلامکردن لەو قۆناغانەدا.

## قۆناغی سێیەم: ڕیکلام لە سەردەمی هاوچەرخدا

دۆزینەوەی پیتی چاپ لە ساڵی (1450 ز)دا لەلایەن گۆتەنبێرگی ئەڵمانی و پاشان گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی بە وڵاتانی ئەوروپادا پێش شۆڕشی پیشەسازیی و ڕۆشنگەریی (سەپان، 173:2008)، کە هۆکارێکی گرنگی ئەو شۆڕشانە بوو، هەنگاوێکی گەورەی بە ڕیکلام ناوە وەك سەرجەم کایەکانی دیکەی ئەوکاتەی ژیانی مرۆڤایەتی.

دامەزراندنی یەکەمین ئاژانسی ڕیکلامی فەرەنسی لەلایەن دکتۆر (تیۆفراست ڕینۆدر) بۆ ساڵی (1630) دەگەڕێتەوە، کە دامەزرێنەری یەکەم ئاژانسی ڕیکلامی چاپکراوە بەشێوەی سەردەمیانەی ئەوکات، کە بەو ڕیکلامانە دەگوترا "ڕێنمایی". (أبوغانم،42:2011).

لە سەردەمی هاوچەرخدا دۆزینەوەی (چاپ و ڕۆژنامەو ڕادیۆو تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت و مانگە دەستکردەکان و کەناڵە ئاسمانییەکان لەلایەك و بڵاوبوونەوەی خوێندەواری لەلایەکی ترەوە، هۆکاری گەورەو سەرەکی بوون لە گەشەکردنی ڕیکلامدا. (ألنادي و،شهیب، 17:2006) (محمد،2011: 17-18)

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستدا پێشکەوتنەکان لە بواری گواستنەوەو هەناردەکردنی بەرهەمەکان بۆ شوێنە دوورەکان، پێویستی بە ڕیکلامی زیاتر بوو بۆ ئەو بەرهەمانە. (أبوغانم، 40:2011) لەلایەکی دیکەوە "لە سەدەی بیستەمەوە دەرکەوتن و فراوانبوونی کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان، کە نوسینگەیان لە چەندین وڵاتدا کردووەتەوەو لە بواری ڕیکلامدا کاردەکەن"، (محمد،

هەروەها "قۆناغی تێکەڵبوونی ڕیکلام لەگەڵ زانستەکانی (دەروونناسیی و کۆمەڵناسیی و ئابووریی و پەیوەندیی گشتیی و ڕاگەیاندن) سەریهەڵدا". (حەسەن، 2011: 10) (18:2011

لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی، تەلەفزیۆن وەك ئامرازێکی ڕاگەیاندن لە بواری ڕیکلامدا بەکارخرا، بەجۆرێکیش گەشەیکرد، کە تەنها لە ماوەی دە ساڵدا بوو بە سێیەم ئامرازی ڕیکلامکردن لە جیهاندا، (ألنادی و شهیب،18:2006) (العلاق و الربابعە، 149:1998) هەموو ئەمانە پێویستیی لەڕادەبەدەری مرۆڤ بوون، کە "مامۆستای شارستانێتیی و ئەو پیشەسازیەشن، کە بە هۆکارو بنەما تەواوەکان تەیار کراوە". (نوورسی، 582:2012)

بە دروستبوونی پەیوەندیی لە نێوان زانستی ڕیکلام و زانستەکانی دیکەی وەك (دەروونناسیی و کۆمەڵناسیی و بیرکاریی و ڕاگەیاندن و پەیوەندیی گشتیی و ئابووریی و بازاڕکاریی)دا، ڕیکلام وەك هونەر، یاخود وەك زانستێکی هاوشانی زانستەکانی دیکە وەستاوەو کاری تێدا دەکرێت. (الزعبی،32:2009) لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا بڵاوبوونەوەی ئینتەرنێت بە جیهانداو بەکارهێنانی لەلایەن خەڵکییەوە، قۆناغێکی نوێی مێژوویی لە ریکلامدا هێنایەئاراوە (أحمد، 107:1998) بە جۆرێك کۆی هەموو شێوەو جۆرو ئاستەکانی ڕیکلام لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرێتەوە بڵاودەکرانەوە.

لە هەرێمی کوردستاندا ڕیکلام لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەرییەوە بایەخی پێدراوە، لە ژمارەکانی سەرەتای یەکەم ڕۆژنامەی کوردییەوە (کوردستان) باسکردن لە خودی ڕۆژنامەکە جۆرێك بووە لە ڕیکلامکردن بۆی، لەسەردەمی یەکەم حکومەتی کوردیدا لە باشوری کوردستان، لە ئەنجامی گەشەکردنی ڕۆژنامەگەری و دەرکردنی چەندین ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی کوردی وەك (ڕۆژی کوردستان، پێشکەوتن، تێگەیشتنی ڕاستی، ژیان، ژیانەوە، ڕووناکی و ....هتد) بایەخ بە بڵاوکردنەوەی ڕیکلامەکان دراوە، کە ئەوکاتە لەژێر ناونیشانی "اعلان"دا ڕیکلام بڵاوکراوەتەوە، چ ڕیکلامی بازرگانی بێت یاخود ڕیکلامی نابازرگانی بێت.

ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان) کە ڕۆژنامەیەکی ڕەسمی زمانحاڵی حکومەتی کوردستانی خواروو بووە، یەکەم ژمارەی لە (15/11/1922) دەرچووەو پاشان تا (15) ژمارەی لێ دەرچووە، ڕیکلامی تێدا بڵاوکراوەتەوە، لە ژمارە (2)ی ڕۆژنامەکەدا ڕیکلامێك بۆ (مهندسخانە) کراوە، بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت لە "مهندسخانە" فێری پیشەو کارێکی باش بن، دەتوانن سەردانی "مهندسخانە بکەن بۆ ئەو مەبەستە". (خەزنەدار، 1973: 20)

ڕۆژنامەی ژیان کە یەکەم ژمارەی لە (21/1/1926) بڵاوکراوەتەوە، بایەخی بە ڕیکلام داوە، یەکەمین ڕیکلامیش بۆ چاپخانەکەی خۆی بووە، تێیدا ڕیکلامی بۆ چاپخانەکەی خۆی کردووە کە ئامادەیە بۆ چاپکردنی هەر جۆرە کاغەزێکی حکومی و بازرگانی، بە کوالێتی بەرزی ئەو سەردەمە، هەر لەو ڕیکلامەدا ڕستەی سەرنجڕاکێشانی لە کۆتایی ڕیکلامەکەدا نوسراوە کە دەڵێت: "بۆ ئەمە تەجرەبە دەلیلمانە". (ئەمین، 2002: 346)

ڕۆژنامەی ژیانەوە کە ڕۆژنامەیەکی حکومی بووە، یەکەم ژمارەی لە (18/8/1924) لە سلێمانی بڵاوکراوەتەوە، هەر لە یەکەم ژمارەیەوە بایەخی بە بڵاوکردنەوەی (اعلانات) داوە، هەر لەو کاتەوە لە بەرامبەر اعلاناتدا پارەیان وەرگرتووە، وەك ڕۆژنامەکە نووسیویەتی "ئیعلانات بە دێڕێك سێ ئانە دەستێنرێت"، تەنانەت لە ژمارە (36) تا ژمارە (52) نرخی ئیعلانات بەرزکراوەتەوەو "بە دێڕێك چوار ئانە" وەرگیراوە. یەکێك لە ڕیکلامەکانی بۆ دیوانی مەحوییە کە سەرنجی خوێنەران ڕادەکێشێت بە هەرزانی نرخ و چاکی و تەواوبوونی نوسخەکان و دەستنەکەوتنەوەی، لەم ڕۆژنامەیەدا ڕیکلام بۆ (بازرگانەکان، دەزگا نارەسمییەکان، دام و دەزگاکانی حکومەت) کراوە (عبدالله،2008: 177-182)

گۆڤاری ڕووناکی کە لە (24/10/1935) یەکەم ژمارەی دەرکراوە، ڕیکلامی تێدا بڵاوکراوەتەوە بۆ (چاپخانە، کاری پارێزەری، فرۆشتنی زەوی و زار، ڕیکلامی دەزگا حکومییەکان). (عبدالله، 2008: 32)

**کۆمەڵێك هۆکار ڕۆڵیان هەبووە لە گەشەکردنی ڕیکلامدا تا گەشتۆتە ئەم قۆناغەی ئێستای وەك:**

1- دۆزینەوەی پیتی چاپ و گەشەکردنی، گرنگترین هەنگاوی بەرەوپێشچوونی ڕیکلام بووە، (ألغالیی و العسکری، 17:2003) بەرلەوەی سەدەی پانزەیەم کۆتایی بێت، سەرەتایەکی نوێ لە بواری ڕۆژنامەگەری و دەرکردنی کتێب و ڕۆژنامەو بڵاوکردنەوەی ڕیکلامەکان هاتە کایەوە. (مەزهەر، 27:2006)

2- سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازیی لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەدا، هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ بەرزکردنەوەی بەرهەمی کارکەران، (حەسەن، 12:2011) ئەو شۆڕشە بوو بەهۆی "وەدەرنانی جوتیارو کرێکارەکان لە کێڵگەو کارگەکان و جێگرتنەوەیان بە ئامێرو کەرەستە پیشەسازییەکان". (حسن،30:2014)

3- ئەو پێشکەوتنەی لە بواری تەکنەلۆجیای پەیوەندیی و ڕاگەیاندندا هاتەکایەوە، لە ماوەیەکی کەمدا بەرهەم و ڕیکلامەکان بۆ ناوچە دوورەدەستەکان دەگوازرانەوە. (النادی و شهیب، 15:2006) (ألبدوی،93:2006)

4- زۆربوونی ڕێژەی بەرهەمهێنان ، بڕی بەرهەم لە پێداویستیی تاکەکان، یان بەرهەمهێنەران زیاتر بوو، (ألبیاتی و اخرون،143:2012) بەرهەمهێنەران کاڵاو شمەکیان بەرهەمدەهێنا و قازانجیان لێدەکرد، بەکاربەریش ئەو کاڵایانەیان بەکاردەهێنا، (قەرەداغی، 2015: 370) بەکارهێنانی ڕیکلام بۆ خستنەڕووی بەرهەمەکانیان گەشتبووە ئاستێك ئەو پارەیەی، کە کۆمپانیا گەورە فرەڕەگەزەکان بۆ ڕیکلام تەرخانیاندەکرد، حکومەتەکان هێندەیان بۆ بواری پەروەدە تەرخاننەکردبوو. (فؤاد،1994: 67)

5- سەرهەڵدانی دیاردەی بازاڕی گەورە (Supermarket)، کە ئامادەیی وەرگرتنی ڕێژەیەکی زۆری لە بەرهەمە جۆراوجۆرەکان هەیە بۆ هەڵگرتن و فرۆشتنەوەی بە خەڵکی. (محمد، 11:2008)

6- بەرزبوونەوەی داهاتی خەڵکی و جیاوازیی بڕیاری کڕین لەناو خێزاندا، بەتایبەت چینی ناوەندی کۆمەڵگە، کە ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان پێکدەهینن.( محمد، 18:2011) (بەدەوی، 113:2014)

7- سەرهەڵدانی کۆمپانیای تایبەت بە بەرهەمهێنانی ڕیکلام و بڵاوکردنەوەی، گەشەکردنی زانست و لەدایکبوونی چەندین پسپۆڕی نوێ، ئەم هونەرەیان بەرەو پیشەیی و زانستیبوون برد. (العلاق و ربابعه، 151:1998/ محمد،2011: 18)

8- دووریی ماوەی نێوان بەرهەمهێن و بەکاربەر، پێویستیی بە ناوەندێك هەبوو بۆ گەیاندنی بەرهەمەکان و ناساندنیان بە بەکاربەر.. (محمد، 12:2008)

9- دابەشبوونی کۆمەڵایەتیی کار بووەهۆی دابەشبوونی زیاتری پسپۆڕییەکان و کۆمپانیای بەرهەمهێنی تایبەت بە بەرهەمە جیاوازەکان. (النادی و شهیب، 2006: 16) دابەشبوونی کاریش دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی بڵاوەو لە هەموو کۆمەڵگەکاندا هەیە، کاریگەریشی لەسەر ژیانیان هەبووە، لەپێناو دابینکردنی پێداویستیی مرۆڤدا. (الدقس، 2005: 153)

## 2. 1. 3 جۆرەکانی ڕیکلام

هێندەی جۆری ڕیکلامەکان بیروبۆچوون لەسەریان هەیە، جۆرەکانی ڕیکلامیش بە گۆڕانی پۆلێنی بەکارهاتوو بۆیان دەگۆڕێت. (سەپان،2012: 147). ڕیکلامەکان لەسەر چەند بنەماو پێوەرێکی (جوگرافی و ئامانج و بابەت و جەماوەری مەبەست و ئەرکەکان) پۆلێن دەکرێن. (سعید، 1997: 253)

جۆرەکانی ڕیکلام زۆرن، ئەوەش بەهۆی زۆری ئەرك و ئامانجەکانییەوەیە، بە پشتبەستن بە سەرچاوەکانی ئەم بوارە، دەتوانین بەم جۆرەی خوارەوە دەستنیشانیان بکەین:

### 2. 1. 3. 1 جۆرەکانی ڕیکلام بەپێی ئەرکەکانی

1- **ڕیکلامی فێرکاریی:** ئامانجی ئەم جۆرە ڕیکلامە، ناساندنی بەرهەمەکەیە بە بەکاربەر لەگەڵ تایبەتمەندی و چۆنێتیی بەکارهێنانی بەرهەمەکە، یان بۆ چۆنێتیی بەکارهێنانی نوێی بەرهەمێك، کە پێشتر خراوەتەوە بازاڕەوە. (الزعبی، 2009: 35)

2- **ڕیکلامی ڕێنمایی:** ئامانجی پێدانی زانیارییە بە بەکاربەر دەربارەی بەرهەمی ڕیکلامبۆکراو بە کەمترین کات و تێچوون و ڕێنماییکردنی بۆ چۆنێتیی تێرکردنی پێداویستییەکانی. (عبدالقادر،2003: 25) ئامانجی ئەم ڕیکلامە بریتییە لە هاندانی بەکاربەر بۆ ئەوەی دەستبەجێ بەرهەمە ڕیکلامبۆکراوەکە بکڕێت، وەك ڕیکلامی ئەو بەرهەمانەی، کە تازە دەخرێنەبازاڕەوە. (ألمؤذن،1999: 430)

3- **ڕیکلامی بەبیرهێنانەوە:** مەبەستی بیرهێنانەوەی جەماوەرە بۆ بەرهەمە ڕیکلامبۆکراوەکان، کە بەهۆی سەرقاڵییانەوە ئەگەری لەبیرچوونەوەیان هەیە، واتە دژایەتیکردنی بیرچوونەوەیە. (ألنجار،1996: 58)

4- **ڕیکلامی هەواڵیی:** ئەمەیان لە شێوەی هەواڵێکدایە، هەندێکجار وەك هەواڵێکی ئاسایی بڵاودەکرێتەوە، بەڵام مەبەستی شاراوەو ناڕاستەوخۆی لە پشتەوەیە، وەك هەواڵی کردنەوەی پێشانگایەکی بازرگانی، یان کردنەوەی پرۆژەیەك لەلایەن بەرپرسێکەوە، کە زانیاریی دەربارەی شوێنی پرۆژەکەو کاتی کردنەوەی و سودەکانی دەدات بە جەماوەر، یان داشکاندنی نرخی شمەکەکان. (ألبیاتی و اخرون، 2012: 152)

5- **ڕیکلامی ڕکابەریی:** لەم جۆرەدا هەوڵدەدرێت تایبەتمەندیی و باشییەکانی بەرهەمەکە سەربخرێت بەسەر بەرهەمەکانی دیکەی هاوشێوەی لە بازاڕدا، (الزعبی، 2009: 36) ئامانجی کاریگەریی دوورمەودایە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەسەر جەماوەر، ئەم جۆرەی ڕیکلام زیاتر بۆ ئەو بەرهەمانە دەکرێت، کە ماوەیەکە لە بازاڕدان. (ألمؤذن،1999: 430)

6- **ڕیکلامی بەراوردکاریی:** لەم جۆرەدا بەراوردی بەرهەمی خاوەن ڕیکلامو بەرهەمێکی دیکە دەکرێت بەبێ نیشاندانی ناو و ناونیشانی بەرهەمەکەی دیکە، یان بەراوردکردنی بەرهەمی ڕەسەن و ناڕەسەن، یان بەراوردکردنی دوو دیاردەی جوان و ناشیرین لە کۆمەڵگەدا. (ألنادی و شهیب، 2005: 25) یاخود بەراوردکردنی هەمان بەرهەم لە دوو کاتی جیاوازدا.

## 2. 1. 3. 2 جۆرەکانی ڕیکلام بەپێی جەماوەری مەبەست

1- **ڕیکلامی پیشەسازیی:** زیاتر ئاراستەی ئەو جەماوەرە دەکرێت، کە ئامێرە پیشەسازییەکان بەکاردەهێنن، واتە زیاتر ڕیکلام بۆ ئامێرەکان دەکرێت، کە بۆ بەرهەمهێنان بەکاردەهێنرێن. (ألنجار،1996: 59)

2- **ڕیکلامی بازرگانیی:** ئامانج لێی، فرۆشتنی زیاتری بەرهەمە بازرگانییەکانە .(ناصر، 1998: 12)

3- **ڕیکلامی پیشەیی:** ئەم ڕیکلامە ئاراستەی خاوەن پیشەیەکی دیاریکراو دەکرێت، وەك (پزیشکان، ئەندازیاران، جوتیاران و ....هتد). (عبدالقادر،2003: 26)

## 2. 1. 3. 3 جۆرەکانی ڕیکلام بەپێی شوێنی جوگرافی و دابەشکردنی بەرهەم

1- **ڕیکلامی ناوچەیی:** ڕیکلامە بۆ ئەو بەرهەم و کەل و پەل و شوێنانەی، کە لە ناوچەیەکی جوگرافیی سنورداردان. (ألنجار،1996: 60)

2- **ڕیکلامی هەرێمی:** ڕیکلامە لە چوارچێوەی هەرێمیکی دیاریکراودا. (عبدالقادر،2003: 27)

3- **ڕیکلامی نیشتیمانیی:** ئەو ریکلامانەن، کە لەسەر ئاستی وڵاتدا بڵاودەکرێنەوە. (ئەحمەد ،2016: 69)

4- **ڕیکلامی نێودەوڵەتیی:** ڕیکلامی ئەو بەرهەم، یان شمەکانەی لە ئاستی نێودەوڵەتیدان، ئەم جۆرە ڕیکلامانە لە ڕێگەی ئەو ڕاگەیاندنانەوە بڵاودەکرێنەوە، کە لە سەرانسەری جیهاندا بینەرێکی زۆریان

هەیە، (الزعبی، 2009: 37) وەك ڕیكلامكردن بۆ ناوچە گەشتیارییەكانی توركیا، یان یابان لە ڕێگەی كەناڵی (CNN)ی ئەمریكی و (BBC)ی بەریتانییەوە.

### 2. 1. 3. 4 جۆرەكانی ڕیكلام بەپێی ناوەندی ڕیكلامكردن (بڵاوكەرەوە) (اتزل و اخرون، 2006: 530)

1- **ڕیكلامی چاپكراو :** ڕۆژنامەو پۆستەرو تابلۆكانی سەر ڕێگە.

2- **ڕیكلامی بیستراو:** ڕادیۆو كاسێت و سیدی.

3- **ڕیكلامی بینراو:** ڕیكلام لە تەلەفزیۆن و سینەماكان.

4- **ڕیكلامی ئەلیكترۆنی:** بریتییە لە ڕیكلامی ئینتەرنێتیی (مەڵتی میدیا).

### 2. 1. 3. 5 جۆرەكانی ڕیكلام بەپێی مەبەست و ئامانجەكانی ڕیكلامكار

1- **ڕیكلامی بەرهەمەكان:** دەزگا بەرهەمهێنەرەكان بەمەبەستی دابەشكردن و فرۆشتنی بەرهەمەكانیان ڕیكلامی بۆ دەكەن. (ئەحمەد ،2016: 71)

2- **ڕیكلام بۆ ناوبانگی بەرهەمهێن:** زیاتر كارگەو كۆمپانیاكانی بەهەمهێنان بەمەبەستی هێشتنەوەی ناوی خۆیان لەلای جەماوەر، ڕیكلام بۆ خۆیان دەكەن، بەبێ ئاماژەدان بە ناوی هیچ بەرهەمێكی كۆمپانیاكە. (الزعبی، 2009: 38)

3- **ڕیكلامی پەیوەندییە گشتییەكان:** ئامانج لەم جۆرە، مەبەستی بازرگانی نییە، بەڵكو بەشدارپێكردنی جەماوەرە لە چارەسەركردنی كێشەكانی كۆمپانیاو سەرنج و پیشنیاریان بۆ كارەكانی داهاتوو، ئەمەش لە ڕێگەی بەشی پەیوەندیی گشتیی كۆمپانیاوە دەكرێت. (ألنادی – شهیب، 2005: 26)

4- **ڕیكلامی نەتەوەیی و نیشتیمانیی:** ئەم ڕیكلامە لەلایەن كۆمپانیاكانەوە بڵاودەكرێتەوە، بەمەبەستی پاراستنی سەروەتی نیشتیمانی و دەستكەوتە نەتەوەییەكان. (عبدالقادر ،2003: 27)

### 2.1.3.6 جۆرەکانی ڕیکلام بەپێی لایەنی بڵاوکەرەوەی ڕیکلام (الغالیی و العسکری، 2003: 22) (سلوم،2001: 13)

1- **ڕیکلامی حکومی:** ئەو ریکلامەیە، کە دەوڵەت و حکومەت بۆ هوشیارکردنەوەی هاوڵاتیان پێیهەڵدەستن، لە هەمانکاتدا بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵکیی لە داواکاریی و بلاڤۆکەکانی دەوڵەت، زیاتر لە ڕیکلامی نەتەوەییەوە نزیکە، کە ئامانج لێی، هوشیارکردنەوەی هاولاتییانە بۆ پاراستنی سەروەتی نیشتیمانی و نەتەوەیی، یان بۆ خۆپاراستن لە کێشەو نەخۆشییەکان.

2- **ڕیکلامی کۆمەڵیی:** ئەو ڕیکلامەیە، کە کۆمەڵە کەسێك، یان دەزگاو دامەزراوەیەك پێی هەڵدەستێت، بەمەبەستی ناساندنی بەرهەم، یان دامەزراوە، یان پیشەیەك بە جەماوەر بۆ بەدەستهێنانی قازانجێکی دیاریکراو.

### 2.1.3.7 جۆرەکانی ڕیکلام بەپێی بابەت

1- **ڕیکلامی بازرگانیی:** ڕیکلامکردنە بۆ بەرهەمە بازرگانییەکان، بەمەبەستی ڕەواجپێدانی و ناساندنی بە جەماوەرو ساغکردنەوەی لە بازاڕەکاندا. (ئەحمەد ،2016: 70)

2- **ڕیکلامی سیاسیی:** ڕیکلام بۆ بیرۆکە و ئایدۆلۆژیایەکی سیاسیی دیاریکراو دەکات، بەمەبەستی برەودان بەو بیرۆکەیە، یان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و هوشیاریی سیاسیی بڵاودەکرێتەوە. (عبدالقادر،2003: 28)

3- **ڕیکلامی ڕۆشنبیریی و هونەری:** ڕیکلامکردنە بۆ بۆنەو یادە هونەرییەکان و ڤیستیڤاڵ و کۆنسێرت و کۆڕو شانۆگەریی و ئەو بابەتانەی لەو بوارەدان. (محمد ،2011: 50)

4- **ڕیکلامی کۆمەڵایەتیی:** زیاتر بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەستە، بەمەبەستی هوشیارکردنەوەی هاوڵاتیان سەبارەت بە ژیانی کۆمەڵایەتی بڵاودەکرێتەوە. (عبدالقادر،2003: 27)

5- **ڕیکلامی پەروەردەیی:** ڕیکلامکردنە لە بواری پەروەردەو فێرکردن بەمەبەستی هاندانی جەماوەر بۆ خوێندن و خوێنەدەواریی. (الزعبی، 2009: 39)

6- **ڕیکلامی ئایینی:** ڕیکلامە بۆ بۆنە و سروت و بەها ئاینییەکانی ناو کۆمەڵگە، لەگەڵ ئەو داب‌ونەریت و ڕەفتارە ئاینییانەی لە کۆمەڵگەدان. (محمد ،2011: 51)

7- **ڕیکلامی سەربازیی و ئاسایشیی:** ئەو ڕیکلامانەن، کە لە بواری سەربازی و ئاسایشی وڵاتدا دەکرێن، بۆ هوشیارکردنەوەی جەماوەر لە ڕووی ئەمنی و پاراستنی سەروەریی و ئاسایشی وڵات لە مەترسیی ناوخۆیی و دەرەکیی. (مصطفى،1999: 29)

پسپۆڕان باس لە جۆرێکی دیکەی ڕیکلام دەکەن، کە بە بواری کۆمەڵایەتی و بڵاوکراوەو ڕێنماییە حکومیەکانەوە پەیوەستە، کە بریتین لە: (مصطفى،1999: 63) ( الرضا- عمار، 1998: 172)

1- **ڕیکلامی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیی:** ئەو ڕیکلامانەن، کە زیاتر لە بواری هوشیارکردنەوەی هاوڵاتیاندایە، وەك ڕیکلام بۆ پارێزگاریی لە سروشت و سەروەتی نیشتیمانیی و ڕێگری لە ئاگرکەوتنەوەو .....هتد، ئەم ڕیکلامانەش،زیاتر لەلایەن ڕێکخراوە قازانج نەویستەکانو پەیوەندیی گشتییەوە بڵاودەکرێنەوە.

2- **ڕیکلامی چاککردنەوە (ڕاستکردنەوە):** ئامانج لەم ڕیکلامە ڕاستکردنەوەی زیادەڕەویی زانیاریی ڕیکلامەکانی دیکەیە دەربارەی ڕێژەو تایبەتمەندیی و پێکهاتەی بەرهەمەکان.

3- **ڕیکلامی دژ:** پشتیوانانی ڕیکلامی دژ دەڵێن، ڕیکلامە ئاساییەکان زانیاریی تەواو بەبەکاربەران نابەخشن بۆ وەرگرتنی بڕیاری گونجاوی کڕین، بۆیە ڕیکلامی دژ بە پێویست دەزانن بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو ڕیکلامانەی دەکرێن بەبێ ئاماژەدان بەکۆی تایبەتمەندیی و زیانەکانی بەکارهێنانی بەرهەمەکە، وەك ڕیکلام بۆ زیانەکانی جگەرەکێشان لەسەر تەندروستیی.

## 4.1.2 ئەرکەکانی ڕیکلام

ڕیکلام بە جێبەجێکردنی کۆمەڵێك ئەرکی گرنگ هەڵدەستێت، هەرچەندە "گرنگترین ئەرکی ڕیکلام بریتییە لە باوەڕپێهێنانی بەکاربەرە نزیکەکانی بۆ کڕینی بەرهەمەکەو ئامادەکردنیان لە ڕووی دەروونییەوە بۆ قبوڵکردن و بەکارهێنانی بەرهەمە ڕیکلامبۆکراوەکە". (النادی و شهیب، 2005: 24)." لەگەڵ ئەوەی "جێری ماندر" ئەرکی بنەڕەتیی ڕیکلام لەوەدا دەبینێتەوە، کە "وەها لە خەڵکی بکات بەردەوامبن لە کڕینی کاڵایەك، کە پێویستیان پێی نەبێت" (بەدەوی، 2014: 121)، بەڵام دەتوانین ئەو ئەرکانەی ڕیکلام لەم خاڵانەدا بخەینەڕوو:

### 1.4.1.2 ئەرکی ڕیکلام پەیوەست بە بەرهەمهێنەوە:

1- ساغکردنەوەی بەرهەم و کاڵاکان بەجۆرێك هانی بەکاربەر دەدات بۆ کڕینیان لەڕێگەی وروژاندنی هەستەوەرەکان و ڕاکێشانی سەرنج و دواتریش هاندانیان بۆ کڕینی، (ناصر،1997: 171) واتە ئەرکی ڕیکلام تەنها بە گەیاندنی زانیارییەکە بە بەکابەر کۆتایی نایەت، بەڵکو گرنگتر دروستکردنی کاریگەرییەکی ئەوتۆیە کە شێوەی واتاو چەمکگەلێك وەردەگرێت تاکەکان ڕازی دەکات و دەبێتە ڕەفتارێك لە ژیانیان. (فاروق،2013: 97).

2- بەرهەمهێن و دامەزراوەکان بە جەماوەر دەناسێنێت و گەشە بە پەیوەندیی کۆمپانیاو جەماوەر دەدات. (محمد،2011: 20 -21)

3- کەمکردنەوەی بڕی تێچوون، چونکە لە ڕێگەی ڕیکلامی بەرهەمەکانەوە ڕێژەی فرۆشتن زیاد دەکات، ئەمەش دەبێتەهۆی زیادکردنی بڕی بەرهەمهێنان، (منديل،1973: 19) لێرەوە زەمینە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی قازانج و کەمبوونەوەی تێچووی بەرهەمهێنان خۆشدەبێت. (العلاق و العبدلی، 1999: 241)

4- یارمەتیی کارمەندی فرۆشتنی خودی دەدات لە خستنەڕووی تایبەتمەندی و چۆنێتیی بەکارهێنانی بەرهەمەکە، پشتیوانییەکی دەروونیی بەهێزیشە بۆی. (ناصر،1998: 118)

5- گەشەپێدانی پەیوەندیی پیشەسازی نێوان کارکەران بەهۆی بەردەوامیی ڕیکلامەوە بۆ بەرهەمەکانی کومپانیا، چونکە هەست بە شانازیی و کاری خۆیان دەکەن، بەمەش ڕۆحی کارکردنیان بەرزدەبێتەوەو کاریگەریی لەسەر ئەدای کاریان دەبێت. (منديل،1973: 19)

6- ڕیکلام هێزێکی گەورەو کاریگەرە بۆ ڕێکخستنی داواکاری لەسەر کاڵاو خزمەتگوزارییەکان، بەوپێیەی ڕێنوێنیی ئاست و جۆری بەکارهێنانی کاڵایەکی دیاریکراو دەکات. (میخائيل،1976: 65)، لەلایەکی دیکەوە ئامرازێکی خێرای هەواڵ گەیاندنە. (المعلا،1996: 273).

7- یارمەتیدانی بریکاری کومپانیاکان و بازرگانە بچووکەکان بۆ وەرگرتنی زانیاری پێویست لەسەر شمەك و بەرهەمەکان و ئاگاداربوونیان لە گۆڕانکاریی بەرهەمی کۆمپانیاکان. (الغالبی و العسکری، 2003: 27) لە هەمانکاتدا ئەو ڕیکلامە سودی بۆ بریکارەکانیش دەبێت، چونکە دواجار ڕیکلامەکە لە هەوڵی بڕواپێهێنانی بەکاربەرە بۆ کڕینی ئەو بەرهەمە، کە لەلای بریکارەکەیە. (ألنادی و شهیب، 2005: 31).

8- ئاگاداركردنەوەی بەكاربەران لە گۆڕانكاریی نوێ بەسەر بەرهەمەكان و خستنەبازاڕی شێوازی نوێی بەرهەمەكان، بەمەبەستی زوو هاتنەپێشەوەیان بۆ كڕینی. (الغالیي و العسكری،2003: 27)

9- هاندانی خاوەن بەرهەمەكان بۆ ڕكابەریی و ململانێ و لێرەوە بەرزكردنەوەی ئاستی بەرهەمەكانیان لە ڕووی چۆنێتییەوە. (2016: www.startimes.com)

## 1.4.1.2 ئەركی ڕیكلام پەیوەست بەبەكاربەرەوە

بەركاربەر یەكێكە لە ڕەگەزە سەرەكییەكانی پرۆسەی بەبازاڕكردنی بەرهەمەكان و كڕینیان، (منصور، 2006: 96) كە دەیەوێت لە كاتوشوێنی گونجاودا ئەو بەرهەمانەی پێویستیەتی، دەستیبكەوێت، ڕیكلامیش وەك چالاكییەك هەوڵی بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی بەكاربەر دەدات. (ألنادي و شهیب، 2006: 31) ئەركی ڕیكلام پەیوەست بەبەكاربەر، بریتییە لە (هەستپێكردن، بڕواپێهێنان)، كە پەیوەستن بە ئەزموونی بەكاربەر لەگەڵ بەرهەمەكەو ڕەفتاری كڕین، (پشتیوانیی، بیرهێنانەوە)، ئەم دوانەیان پەیوەستن بە قۆناغی دوای ئەنجامدانی ڕەفتاری كڕینەوە. (كنعان،2014،ص260) سەرچاوەكان ئەركی ڕیكلام بۆ بەكاربەر لەم خاڵانەدا دەخەنەڕوو:

1- ئاسانكاریی بۆ هەڵبژاردنی بەرهەمەكان، بەهۆی زۆریی بەرهەمەكان و سەرقاڵیی هاوڵاتی بەژیانی ڕۆژانەوە، كاتی هێندە نییە تا بتوانێت سەرجەمی بەرهەمەكان تەماشابكات و جۆری باش و گونجاو لەگەڵ تایبەتمەندیی خۆیدا هەڵبژێرێت، (الغالیي و العسكری، 2003: 28) ڕیكلام دەستی بەكاربەر دەگرێت بۆ باشتر هەڵبژاردنی كاڵاو شمەكەكان و ڕێنماییدەكات بۆ ئەو شوێنەی بەرهەمە ڕیكلامبۆكراوەكەی تێدا دەستدەكەوێت. (حسین،1984: 29) (عطیة، 2006:21)

2- دیاریكردنی كاتو شوێنی خستنەڕووی بەرهەم، بەمەش كاتیان بۆ دەگێڕێتەوە. (ناصر،1998: 118)

3- پێشكەشكردنی ڕێنمایی و ئامۆژگاریی بە بەكاربەر دەبارەی بەكارهێنانی ئەو بەرهەمانەو ئاگاداركردنەوەیان لە هەر گۆڕانكارییەك، كە تیایدا ڕوودەدات. (الغالیي و العسكری، 2003،: 28).

4- بەراوردكاریی نێوان كاڵاكان و هەڵبژاردنی باشترینیان. (منصور، 2006 : 97)

5- هەندێك لە ڕیكلامەكان جۆرێكن لە بەرنامەو گرتەی كاتبەسەربردن بۆ جەماوەر،(محمد،2011: 20)، یان وەك گۆرانی و كورتەفیلم جەماوەر بە گوێگرتن و تەماشاكردنیان چێژی لێوەردەگرن.

## 2.4.1.2 ئەرکی ڕیکلام پەیوەست بە دەزگای بڵاوکەرەوەی ڕیکلامەوە:

دەزگاکانی ڕاگەیاندن، باشترین و خێراترین ئامرازن بۆ بڵاوکردنەوەی ڕیکلام و بڕواپێهێنانی جەماوەرو کاریگەریی دروستکردن لەسەریان، بۆیە بەرپرسانی بەشی ڕیکلام و ئابووری لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، هەڵدەستن بە دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ کومپانیا بەرهەمهێنەرەکان بۆ بڵاوکردنەوەی ڕیکلامی بەرهەمەکانیان. (الموسی،2003: 190) ئەرکی ڕیکلام بۆ ئەو دەزگایەی بڵاویدەکاتەوە بریتیە لە:

1- یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی بەدەستهێنانی داهات بۆیان، (محمد،2011: 20) ڕیکلام یەکێکە لە پایە سەرەکییەکانی هەر ناوەندێکی میدیایی و شادەماری ئابووریی دەزگای ڕاگەیاندنە، تەنانەت لە ئەمریکاشدا، ئەگەر هەر ڕۆژنامەیەکی هەفتانە ڕیکلامی نەبێت، ناتوانێت لە دەرچوون بەردەوامبێت، (هاملتون و کریمسکی، 2000: 49) (محمد،2008: 93) داهاتی ڕیکلامەکان "یارمەتیی بەرهەمهێنانی پرۆگرامی جۆراوجۆری زیاترو فراوانبوون‌و کرانەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەدات" (حمەسعید،2013،ل20) هەرچەندە "ئەم سارچاوە داراییە کاتییە، بەڵام هەر لە ساتەوەختی دامەزراندنی تەلەفزیۆنەوە تا ئەمڕۆ بەردەوامە". (قانع، 2012،ل40).

2- ناساندنی کەناڵەکەو خۆشەویستکردنی لای جەماوەر. (محمد،2011: 20).

بەپشتبەستن بە سەرچاوە زانستییەکان، دەتوانین ئەرکەکانی پەیوەست بە سێ لایەنەکەی ڕیکلام لە شەش خاڵدا کۆبکەینەوە:

1- **ئەرکی ئابووریی:** ڕیکلام کاریگەریی لەسەر بەرهەمهێنانی شمەك و کاڵاکان و ڕێژەی بەرهەمهێنانیان و ئەو نرخەی دەکەوێتە سەری بۆ هەریەك لە بەرهەمهێن و بەکاربەر دەبێت، جگەلەوەی کاریگەریی لەسەر جوڵەی ئابووریی و هەڵکشان و داکشانی نرخەکان لە بازاڕدا دەبێت، ڕیکلامیش بۆخۆی هۆکارێکە بۆ زیادبونی بەرهەم و کەمبوونەوەی بڕی تێچوون و نزمبوونەوەی نرخی بەرهەم و لەهەمانکاتدا قازانجی زیاتری بەرهەمهێن و فرۆشیار. (المعلا،1996: 24)

2- **ئەرکی بازاڕکاریی:** نمایشکردنی بەرهەمەکان و ڕوونکردنەوەی نرخ و چۆنێتیی بەکارهێنانی بەرهەمەکە، بەبازاڕکردنی کاڵاو شمەکەکانە، ئەمەش بە گرتنەبەری چەندین ڕێگەو شێوازی جیاواز بۆ گەیاندنی پەیامەکەو بڕواپێهێنانی بەکاربەر دەبێت. (أبو أصبح، 1995: 202)

3- **ئەرکی فێرکردن:** ئەرکی ڕیکلام لەوە دەرچووە، کە تەنها دروستکردنی ئارەزوو بێت بۆ کڕینی کاڵا، بەڵکو ئەرکی فێرکردنی هەیە لەسەر چۆنێتیی بەکارهێنانی کاڵا. (صابر، 2014: 18) لە

هەمانکاتدا جەماوەر فێری چۆنێتیی باشکردنی ژیانیان دەبن لە ڕێگەی ڕیکلامی بەرهەمەکانەوە. (علی،2000: 284)

4- **ئەرکی باوەڕپێهێنان:** لەگەڵ گەیاندنی زانیاریی بە بەکاربەر لەسەر نرخی بەرهەمەکان و تایبەتمەندی و پێکهاتەکەی، ڕیکلام بەجۆرێك ئەو زانیارییانە بە بەکاربەر دەبەخشێت، کە کاریگەریی لەسەر دروستبکاتو ببێتە هۆی باوەڕپێهێنانی بۆ بەکاربردنی ئەو بەرهەمە ڕیکلامبۆکراوە. (ألبکری، 1999: 129)

5- **ئەرکی کۆمەڵایەتیی:** ڕیکلام بەشداریدەکات لە پرۆسەکانی فێرکردن و ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵگە، زانیارییان لەسەر بەرهەمەکان پێدەدات و ڕەنگە ببێتەهۆی گۆڕینی داهاتی تاکەکانیش، لەلایەکی تریشەوە هەلی کار بە یەکسانی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە دەڕەخسێنێت، ڕیکلامەکان بەشداری لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی تاکەکاندا دەکەن، لە ڕیگەی ڕیکلامە قازانج نەویستەکانەوە کار بۆ پارێزگاریی لە بەکاربەرو ڕێنماییکردنی و چاودێریی تەندروستیی و کۆمەڵایەتیی دەکرێت. (ألبدوی، 2006: 102)

6- **ئەرکی کاتبەسەربردن:** ڕاگەیاندنەکان بوون بەسەرەکیترین ناوەندی کاتبەسەربردن، بەجۆرێك لەسەرجەمی پەیامەکاندا ڕەچاوی بواری کاتبەسەربردنو خۆشیی جەماوەر دەکرێت، ڕیکلامیش خزمەتگوزاریی کاتبەسەربردنی بۆ جەماوەر هەیە، بەجۆرێك ژمارەیەکی زۆر ڕیکلامی بەزمەساتو گۆرانی هونەرمەندان لە ڕێگەی کۆمپانیای بەرهەمهێن و ناوەندەکانی بڵاوکردنەوەی ڕیکلامەوە ئاراستەی وەرگر دەکرێن. لەگەڵ ئەوەشدا بەرنامەی گەشتەکان و بەسەربردنی کاتەکانی پشوو، بوون بە ڕیکلامێکی باشی بەرهەمەکان، جگە لەوەی چەندین بەرنامە تەنها بەهۆی دابینکردنی لایەنی داراییی بەرنامەکەوە (سپۆنسەرکردنی) ئامادەو پێشکەشدەکرێت. (عبدالعزیز و الهالم، 2004: 66)

دواجار دەبێت ئەوەمان لەیاد نەچێت، کە خودی ئەم ئەرکانەو جێبەجێکردنیان لە کاتو شوێنی خۆیدا بە گونجاویی، دەبێتە گرنگیی ڕیکلام بۆ هەریەك لەو سێ لایەنەی بە کاری ڕیکلامەوە پەیوەستن.

## 5.1.2 ئامانجەکانی ڕیکلام

ئامانجی ڕیکلام لەپێناو مەبەستێکی دیاریکراودایە، ئەمەش بە وشیارکردنەوە دەستپێدەکات و بە کڕین کۆتایی دێت. (G.William – D.Micheal,2002:381) ئەگەرچی "ڕیکلام هەڵگری یەك ئامانجە، کە هاندان و سەرنجڕاکێشانی وەرگرە بۆ مەبەست و ئاراستەیەکی دیاریکرا"، (حسین،2006:

112)، بەڵام لە ڕووی شێوازی ناساندن و چۆنێتیی خستنەڕووی ڕیکلامەوە جیاوازی هەیەو هەر دەستەو گرووپ و پسپۆڕێك بە جیاواز ئەو ئامانجانەیان خستۆتەروو.

**بەگشتی** دەتوانین ئامانجەکانی ڕیکلام لەم خاڵانەدا بخەینەڕوو:

1- زیادکردنی بەردەوام لە فرۆشتنی بەهەمەکان و پشکی کۆمپانیا لە بازاڕدا. (بەدەوی،2014: 121)

2- دەستەبەرکردنی زانیاریی وگواستنەوەی لە کۆمپانیای بەرهەمهێنەوە بۆ جەماوەرو دروستکردنی هوشیاریی لەلایان سەبارەت بە بەرهەمەکان، بەمەبەستی زیادکردنی خواستی جەماوەر لەسەر بەرهەمەکان و باوەڕپێهێنانیان، بەمەش کاریگەریی لەسەر ڕەفتاری بەکابەر دروستدەکات لە ڕێگەی ئەو زانیارییانەی، کە ئاگاییەکی تەواوی دەداتێ سەبارەت بەو لایەنانەی، کە پێشتر نەیدەزانی. (أبوعلفە، 2002: 74)

3- خستنەڕووی کاڵای نوێ و تایبەتمەندییەکانی و یارمەتیدانی بریکارو کڕیارەکان لە دۆزینەوەی شوێنی فرۆشتنیدا، بۆ ئەوەی بە کەمترین کات و ماندووبوون دەستیانبگات بە بەرهەمە نوێیەکە. (ألغالیی-العسکری، 2003: 25)

4- هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بازرگانان و دابەشکەرانی بەرهەمەکان و پشتیوانیکردنیان لە بەرهەمهێن، بەجۆرێك ئەو پشتیوانییەیان لەلا زیاد بکات، ئەمەش دەبێتەهۆی زیادبوونی متمانەی نێردراوەکە بەخۆی و کاڵاکەی دەستی. (ناصر،1997: 117). هەروەها ڕکابەری بەرهەمهێنەرو کۆمپانیاکانی دیکە، بەمەبەستی جوانترکردنی وێنەی بەرهەمەکانی کۆمپانیاکە لەلایان. (بەدەوی،2014: 121)

5- گۆڕینی ئارەزووی بەکاربەر لە ڕێگەی خستنەڕووی تایبەتمەندییە باشەکانی بەرهەمەکەو دروستکردنی کەشوهەوایەکی لەبار، بەجۆرێك کاریگەریی لەسەر بڕیارەکەی دەبێت. (ألنادی و شهیب، 2006: 30)

6- پشتیوانی و کاراکردنی کاری فرۆشتنی خودیی: ئەمەش لە ڕێگەی زانیاریدان بە بەکاربەر لەسەر بەرهەمەکەو تایبەتمەندیی و سودەکانی و پشتیوانییان بۆ بڕیاری کڕینی بەرهەمەکە، دەبێتە هۆی ئاسانکردن و خێراترکردنی کاری فرۆشتنی خودیی. (ألغانمی، 2012: 25)

7- بیرهێنانەوەی بەرهەم و تایبەتمەندییەکانی و دڵنیاکردنەوەی بەکاربەر لە گونجاویی بڕیاری کڕین. (أبوعلفه، 2002: 74) پێشکەشکردنی وێنەو زانیاریی و دەستەواژەی کورت بەمەبەستی دروستکردنی وێنەیەکی زیهنی جوانیی بەرهەم و کومپانیا لای بەکاربەرەکان. (ناصر،1997: 117)

## 6.1.2 قۆناغەکانی گەیشتنی پەیامی ڕیکلامی بە وەرگر

زانیارییەکانی هەر ڕیکلامێك بەچەند قۆناغێك بە جەماوەر دەگەیەنرێن تا کاریگەریی لەسەر دروستدەبێت، (عبدالکریم،2009: 250) پەیامی ڕیکلامی بە سێ قۆناغی سەرەکی و پەیوەندیدار بەیەکەوە تێپەڕ دەبێت، کە بریتین لە: (شمس،2009: 160 -161)

**قۆناغی هەستکردن:** لەم قۆناغەدا ئامانجی ڕیکلامکار بریتییە لە پێدانی زانیاریی بە وەرگر دەربارەی بەرهەم و شمەکەکەی، یەکەم قۆناغە، کە ڕیکلامکار هۆکارەکانی سەرنجڕاکێشان بەکاردەهێنێت، هەوڵدەدات کاریگەریی لەسەر وەرگر دروست بکات، بەجۆرێك بەدەستهێنانی ئەو بەرهەمە بخاتە ڕیزی پێداویستییە سەرەکییەکانی. ئەم قۆناغە پێویستی بە تێگەشتنی تەواوەتیی ڕەفتاری بەکاربەرو سروشتی دروستبوونی ئاراستە زانستیی و ڕەفتاریی و ویژدانییەکانی هەیە، لەم قۆناغەدا وێنەی بەرهەم و دامەزراوە لە مێشکی وەرگردا دروست دەبێت.

**قۆناغی کاریگەریی:** قۆناغی ناوەندییە لەدوای هەستکردنی وەرگرو ئامادەکردنیەتی بۆ وەرگرتنی پەیامی ڕیکلامییو کاریگەربوون پێی، هەروەها هەڵسەنگاندنی بەرهەم، دیاریکردنی بژاردە گۆڕاوەکان، ڕیکلامکار دەیەوێت پاڵنەری کڕین لای وەرگر دروستبکات، پاشان بەراوردکاری نێوان بەرهەمەکان، جەختکردنەوە لەسەر ڕەفتاری کڕینی پێشبینیکراو، لەگەڵ بەکارهێنانی کاریگەریی سۆزداریدا.

**قۆناغی وەڵامدانەوە:** قۆناغی کۆتاییە، کە وەرگر بۆ بەکاربەر دەگۆڕێتو هەڵدەستێت بە کڕینی بەرهەم و شمەکەکە، لێرەدا پێویستە ڕیکلامکار هەستێت بە توێژینەوەو پشتیوانی ریکلامەکەی و جەختکردنەوە لە پێگەی بەرهەمەکەو پارێزگاریی لە بەکاربەرو دڵنیاییدان بە وەرگر لەدروستیی بڕیاری کڕینی ئەو بەرهەمە.

## 2. 1. 7 پەیوەندیی ڕیکلام بە بوارەکانی ترەوە

### 2. 1. 7. 1 پەیوەندیی ڕیکلام و ڕاگەیاندن

ڕاگەیاندن ئەو چالاکیی پەیوەندیکردنە گەورەیەیە، کە ڕیکلامی خستووەتە خزمەتی خۆیەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە خێراکانی و بەدەستهێنانی داهات، بەتایبەت دەبینین کۆی گشتیی داهاتی ڕیکلامەکان لەمڕۆدا دەچێتە سندوقی دەزگا ڕاگەیاندنەکانەوە، واتە وەك چۆن ڕاگەیاندن ئامرازێکە بۆ بڵاوکردنەوەی ڕیکلام، ڕیکلامیش ئامرازێکە بۆ پەیداکردنی داهات و دەستکەوتی دارایی بۆ دەزگا ڕاگەیاندنەکان. (محمد، 2008: 20) (حسەین،2006: 17) ڕاگەیاندن "لە گەوهەردا پیشەیەکە بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە، لە پێناو بەرژەوەندی گشتیی تاکەکاندا". (ڕەسوڵ، 2013: 137)

لایەنی سەرەکی و گرنگی ڕاگەیاندن، هاوسەنگی و یارمەتیدانە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو لادانە فیکرییە ناوخۆیی و دەرەکییانەی ڕووبەڕووی کۆمەڵگە دەبێتەوەو پاراستنی ئاسایشیی کۆمەڵایەتیی لەچوارچێوەی بەرنامەی تایبەت بە هەریەکەیان. (أبو طعیمة، 2007: 90) لەگەڵ ئەوەشدا "ڕیکلامکاران هەڵدەستن بە نواندنی ڕۆڵێکی خراپ لەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ڕێگەی "کاریگەریی خستنەسەر ئازادیی بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن و ناچارکردنی بەرپرسانی دەزگا ڕاگەیاندنەکان بۆ پارێزگاریی لە بەرژەوەندی و ناوبانگی کۆمپانیای ڕیکلام، کە لەگەڵ بەرژەوەندییە باڵاکانی کۆمەڵگەدا پێچەوانەوە دەوەستێتەوە ". (عبدالحلیم،2006: 221)

**هاوبەشییەکانی ڕیکلام و ڕاگەیاندن بریتین لە:** (محمد،2011: 34)

1- هەردووکیان پرۆسەی پەیوەندیکردنن و ئاراستەی جەماوەر دەکرێن.

2- هەردووکیان چالاکیی ناتاکەکەسین لەلایەن دەزگای ڕاگەیاندن و کۆمپانیاکانەوە ئەنجامدەدرێن.

3- هەردووکیان زانست و هونەرو پیشەن و پلاندارێژراون.

4- هەردووکیان پێویستیان بە کەسانی شارەزاو تایبەتمەند هەیە، کە ڕەچاوی ئیتیکی تێدا بکەن.

**جیاوازیی ڕیکلام و ڕاگەیاندن لەم چەند خاڵەدا کۆدەبێتەوە:** (محمد،2011: 35/ بدر، 1998: 221).

1- ڕاگەیاندن پەیامێکی بابەتی و عەقڵانییەو پێویستە لایەنی وردبینییو ڕاستگۆییو بێلایەنییو واقیعیبوونی تێدا ڕەچاوبکرێت، بەپشتبەستن بە داتاو زانیاریی و بەڵگەنامەکان، بەڵام ڕیکلام پەیامێکی

ناسکەو ئاراستەی دەروون و سۆزی جەماوەر دەکرێت و زیادەڕۆیی تێدایەو باسی لایەنە باشەکانی بەرهەمەکە دەکات.

2- ڕاگەیاندن ئاراستەی چین‌وتوێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دەکرێت، بەڵام ڕیکلام دەکرێت ئاراستەی توێژێکی دیاریکراو بکرێت.

3- ڕاگەیاندن هەڵدەستێت بە بڵاوکردنەوەی ڕیکلام بەمەبەستی بەدەستێهانی داهات و قازانج، لەکاتێکا ڕیکلام هەڵدەستێت بەبەکارهێنانی ڕاگەیاندن وەك ئامرازێك بۆ پەیوەندیکردن بە جەماوەرەوە.

4- ڕاگەیاندن پرۆسەیەکی پلاندارێژراوی درێژخایەنە بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجە دوورەکان، بەڵام ڕیکلام پرۆسەیەکی پلانداری کورتخایەنە بەمەبەستی پێکانی ئامانجە نزیکەکان لەماوەیەکی کەمدا.

## 2.7.1.2 پەیوەندیی ڕیکلام و پڕوپاگەندە

مێژووی پەیدابوونی دەستەواژەی پروپاگەندە بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوەو لەگەڵ کۆنی کۆمەڵگە سیاسییەکان بەرێوەچووە، فیرعەونەکان لە میسری کۆندا پڕوپاگەندەیان بۆ دەسەڵاتیان کردووە، بەڵام بەو ڕادەیەی ئەمڕۆ دەبینرێت پەرەسەندو ئاڵۆزکاو نەبووە. (الرضا و عمار، (ب.م.): 340).

فەرهەنگی ئۆکسفۆرد پێناسەی پڕوپاگەندەی بەمجۆرە کردووە "بریتیە لە هەر پەیوەندیی، یان ئامرازێکی رێکخراو، یان جوولەو بزوتنی ئامادەکراوو ڕێککراو، بەمەبەستی پەخش و بڵاوکردنەوەی ڕایەك یان بۆچوونێك یان ڕاڤەکردنێکی دیاریکراو". (ئەبوبکر،1996: 64)

فەلسەفەی پڕوپاگەندە ئەوەیە، کە "بەهەر شێوەیەك بێت بەر بە زەینی چالاك بگرێت تا خۆ لە قەرەی بیرکردنەوەو داهێنان نەدات". (قادری، 2009: 42) بەپێی فەرهەنگی بەریتانیی، وشەی پڕوپاگەندە بۆ یەکەمجار لە وەسفی چالاکییەکانی کەنیسەی ڕۆمانیدا لەساڵی (1622) بەکارهاتووە، کە پاپا گریکۆری پانزەیەم دامەزراوەیەکی بۆ ڕاهێنانی پیاوە ئایینییەکان بنیاد ناوە بۆ فێرکردنیان بۆ کاری تەبشیری.

پڕوپاگەندە بەکارهێنانی هەر ئامرازێکە لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی گشتی، یان میللی، بەمەبەستی کاریگەرییدانان لەسەر عەقڵی تاکەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو، یان هەست‌وسۆزیان بە ئامانجی بەدیهێنانی مەبەستێکی دیاریکراوی سیاسی، یان سەربازی، یان ئابووری و ......هتد. (عبدالله، 1997: 659)

وشەی پڕۆپاگەندە(Propaganda)، کە وشەیەکی ئینگلیزییە بۆ زاراوەی (Propagare)ی لاتینی دەگەڕێتەوە، کە بە مانای زۆرکردنی درەخت و کێڵگەی کشتوکاڵی دێت. (عبدالحلیم،2006: 215) پڕۆپاگەندە دەکرێت بە سێ جۆری (سپی، ڕەش، خۆڵەمێشی)یەوە. (الشمیمری،2010: 100)

**جیاوازیی نێوان ڕیکلام و پڕۆپاگەندە:**

1- ئامانجی ناردنی زانیاریی لە پڕۆپاگەندەدا بۆ بڵاوکردنەوەی بەها کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانە بەمەبەستی دروستکردنی ڕەفتارێکی دیاریکراو، بەڵام ئامانجی ناردنی زانیاریی لە ڕیکلامدا بۆ بڕواپێهێنانی جەماوەر و قازانجی داراییە. (مهنا، 2002: 36) پڕۆپاگەندە بێبەرامبەر بڵاودەکرێتەوە، لە کاتێکدا ڕیکلام لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە لەبەرامبەر کرێیەکی دیاریکراودا بڵاودەکرێتەوە. (عبدالحلیم، 2006: 221)

2- پڕۆپاگەندە ڕەهەندێکی فەلسەفیی و سیاسیی لە پشتەوەیە، بەڵام ڕیکلام لە ڕەهەندێکی فەلسەفیی ئابوورییەوە سەرچاوەدەگرێت. (دۆرندان،2011: 11) پڕۆپاگەندە بۆ بابەتێك تەنها یەکجار بڵاودەکرێتەوە، لە کاتێکدا ڕیکلام چەندینجار دووبارە دەکرێتەوە. (الخزرجي،1984: 30)

3- پڕۆپاگەندە لە سەرچاوەی نادیارو سێبەرو درۆو فێڵەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام سەرچاوەی ڕیکلام ئاشکراو دیارەو بەڕوونی زانیارییەکان دەخاتەڕوو، لەگەڵ ڕەچاوکردنی بوونی زیادەڕەویی لە باسی باشییەکانی بابەتی ریکلامبۆکراودا. (عمر، 2013: 22)

لەگەڵ هەموو ئەو جیاوازییانەشدا هێشتا تێکەڵیی لەنێوان ڕیکلام و پڕۆپاگەندەدا بەدیدەکرێت و وەك پێویست لێکجیاناکرێنەوە. (مستەفا، 2008: 178)

## 3.7.1.2 پەیوەندیی ڕیکلام و پەیوەندیی گشتیی

سەرهەڵدانی ڕیکلام، کۆنترو لە پێشترە لە پەیوەندیی گشتیی، لەبەرئەوەی ڕیکلام دەرەنجامی زیادبوونی بەرهەم و دروستبوونی ڕکابەریی بوو لە نێوان بەرهەمهێنەرو بازاڕو کارگەکاندا بەمەبەستی بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەر، بەڵام پەیوەندیی گشیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی جەماوەر لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەی دەزگا سەریهەڵداو گەشەیکرد. (ألعبدلي و العبدلي، 1996: 239) جگە لە گەشەی بەردەوام و خێرای ئامرازەکانی ڕاگەیاندنو پەیوەندیی جەماوەریی، لێرەوە نامۆبوونی دەزگاکان بە جەماوەرو لاوازبوونی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان بەڕێوەبەرانی دەزگاو کارکەرانیان لەلایەكو لەگەڵ

جەماوەر لەلایەکی دیکەوە بە تایبەت لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا، هۆکار بوون بۆ سەرهەڵدانی پەیوەندیی گشتیی وەك بەش و پیشەیەك لە دەزگاکان و دواتریش وەك ناوەندێکی زانستیی لە زانکۆکاندا. (حجاب و وهبی، (د.ت.): 39)

پەیوەندیی گشتیی، چالاکییەکی بەردەوامە، کارگێڕیی دەزگا پێیهەڵدەستێت بەمەبەستی بەدەستهێنانی متمانەو بڕوای کارکەرانی دەزگاو جەماوەرو بەرهەمهێنەران، بە ئامانجی بەدیهێنانی تێگەشتن و ئالوگۆڕکردنی بیروڕاکان و لێکتێگەشتنی یەکدی. (عساف و صالح، 2004: 19)

بەشێك لە شارەزایانی بواری ڕاگەیاندن پێیان وایە، ڕیکلام و پەیوەندیی گشتیی "سەرباری لێکنزیکیان لە یەکدی، خالێکی هاوبەش و هەماهەنگی بۆ بەیەکەوەکارکردن نادۆزنەوە، بەڵکو بایەخپێدەرانی بواری ڕیکلام پەیوەندییە گشتییەکان بە ڕیکلامێکی مشەخۆر ناودەبەن" (ژوبیان،2009: 87) لەگەڵ ئەوەشدا "پەیوەندییە گشتییەکان پیشەیەکی زۆر بڵاوە، ئەو بودجەیەی ئەمڕۆ بۆ ئەو پیشەیە تەرخاندەکرێت ساڵی لەسەروی یەك ملیار دۆلارەوەیە"، (چۆمسکی،2008: 22) چونکە پەیوەندیی گشتیی "ئەندازیاری پەیوەندییە لەنێوان خەڵك و دامەزراوە"دا. (حەسیب، 2011: 12)

## جیاوازیی نێوان ڕیکلام و پەیوەندیی گشتیی:

1- ڕیکلام هەوڵی ڕاکێشانی کڕیار دەدات بۆ بەرهەمەکان، باسی سودو باشیەکانی بەرهەمەکە دەکات، لەکاتێکدا پەیوەندیی گشتیی، بۆ دەرخستنی دەزگا بەشێوە ڕاستییەکەی کاردەکات. (جودە، 2002: 30)

2- ڕیکلام وەڵامی پێداویستیی جەماوەر ناداتەوە، بەڵکو پێداویستیی بۆ دروستدەکات، بەڵام پەیوەندیی گشتیی هەڵدەستێت بە لێکۆڵینەوە لە پێداویستییەکانی جەماوەر و ئامۆژگاری دەزگا دەکات بۆ مامەڵەکردنی بەشێوەیەکی دروست. (البیاتی و اخرون، 2012: 167)

3- ڕیکلام دەرەنجامی زیادبوونی بەرهەم و زۆربوونی کۆمپانیاکان بوو، بەڵام پەیوەندیی گشتیی بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی خراپی لاوازیی پەیوەندیی نێوان جەماوەرو دەزگا دەرکەوت. (العلاق و ربابعە، 1998: 48)

4- هەڵوێستی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ڕیکلامدا بازرگانییەو لە پێناوی بەدەستهێنانی قازانج و زیادکردنی فرۆش ڕیکلامەکە دەکەن، بەڵام لە پەیوەندیی گشتییدا بەمەبەستی ڕۆشنبیرکردنی جەماوەر زانیارییەکان دەگەیەنن. (Russell- Lane, 2002: 27)

## هاوبەشییەکانی ڕیکلام و پەیوەندیی گشتیی

لەگەڵ ئەو جیاوازییانەی نێوانیاندا، لەهەندێك کاروباریاندا "پەیوەندیی گشتییو دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە بازرگانی دەرەکیو کردنەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمی وڵاتو ململانێی کۆمپانیاکاندا". (رشوان،2008: 16-17) خاڵە هاوبەشەکانی پەیوەندیی گشتیی و ڕیکلام بریتین لە:

1- هەردووکیان چالاکییەکی پەیوەندیکردن و کارگێڕین و لە ڕێگەی ئامرازەکانی پەیوەندیکردنەوە ئاراستەی جەماوەر دەکرێن، کە کۆمپانیای تایبەت هەڵدەستن بە جێبەجێکردنیان.( محمد،2011: 116)

2- هەردووکیان وەك پیشەو زانستێکی سەربەخۆ لە زانکۆکاندا دەخوێنرێن و بەشی تایبەتیان لە دەزگاو کۆمپانیاکاندا هەیەو هونەرێکی بەرزی کارکردنیان تێدا دەبینرێت. (أحمد،2016: 196)

3- هەردووکیان کارەکانیان لەسەر لێکۆڵینەوەی لایەنە جیاوازەکانی ڕەفتاری تاکەکان و ئاراستەو بەهاکانی کۆمەڵ بنیاتدەنێن. (ألجوهر، 2004: 84)

# 2.2 ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی

## 1.2.2 چەمکی تەلەفزیۆن

چەمکی تەلەفزیۆن (Television) لە دوو بەش پێکدێت، کە دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو زمانی یۆنانی و لاتینیی، (Tele) وشەیەکی یۆنانییەو بەمانای دوور دێت، (Vision یان Videre) وشەیەکی لاتینییەو بەمانای بینین دێت، هەردووکیان پێکەوە (Television) بەمانای (تۆمارکردنی دەنگ و وێنە لە شوێنێکداو گواستنەوەی لە هەمانکاتدا بۆ شوێنێکی تر)دێت، جگە لەوەی بە مانای (ئامرازی وەرگرتنی وێنەی جولاّو لە ماوەیەکی دوورەوە) دێت. (Hornby, 1984: 1592 / البكري،2003: 55) لە هەمانکاتدا چەمکی (Television) "لە زمانی ئینگلیزیدا بەواتای بینین لە دوورەوە" (کەرکوکی،2008: 55)دێت.

وەك چۆن کارو بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنیی بەکۆمەڵ و گرووپ دەبێت، بەهەمانشێوە داهێنانەکانیشی لە بواری تەکنیکی بەرنامەدا بەکۆمەڵ بووەو "ناتوانرێت بکرێت بەناوی تەنها کەسێکەوە، هەرچەندە بەشێوەیەکی گشتی ناوی (جون لوجی بيرد – John Logie Baird)[5] وەك داهێنەری تەلەفزیۆن ئاماژەی بۆ دەکرێت" (راغب،1999: 449)

مێژووی دەستپێکی داهێنانەکانی تەلەفزیۆن دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1853)، تا ساڵی (1923)، کە (فلاديمير زوركين) ئامێری (ئایکۆنۆسکۆبی) داهێنا، کە بە چاوی ئەلیکترۆنی تەلەفزیۆن ناسرابوو. لەساڵی (1924)دا بێرد توانی یەکەم سیستەمی تەلەفزیۆنی بخاتەڕوو، کە ناوینا (Analog)، (کەرکوکی، 2008: 55)

تەلەفزیۆن "یەکێکە لە ئامرازە سەرکەوتووەکانی بواری پەیوەندیکردن و کاریگەرییەکی وای بەدیهێناوە کە لەگەڵ داهێنانەکانی پێشتری ئەو بوارەدا بەراوردناکرێت، چونکە دەنگ و وشەو وێنەی پێکەوە گرێداوە"، (الزعبي،2009: 280) "کە توانی دیمەن و ڕووداوەکان لە ڕێگەی وێنەی گوێزراوەوە لە هزری بینەردا بەرجەستەبکات". (فاروق،2013: 55). جگەلەوەی، کە "وێنەی جولاّو لە تەلەفزیۆن لوتکەی هەرەمی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پێکدەهێنێت" (الغذامي،2005: 126) هەر سێ جۆری پەیوەندیی (ڕووبەڕوو گفتووگۆکردن لە نزیکەوە، پەیوەندی دووراو دوور لە ڕێگەی تەلەفۆن و

---

[5]- جۆن لۆجی بێرد لە (13 ئابی 1888) لە سکۆتلەندا لەدایك بووە، لە (14 یونیۆی 1946) کۆچی دوایی کردووە، ئەندازیاری کارەبا بووەو یەکەم کەس بووە کاری لەسەر بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆن کردووە. (http://www.marefa.org/index.php 2016)

ئینتەرنێتەوە، پەیوەندیی ڕاستەوخۆو ڕووبەڕوو لە دوورەوە) لە تەلەفزیۆندا بەرجەستەدەبن، (روستی،2009: 35) هەروەها ئەو کاتەی، کە تایبەتمەندییەکانی ڕاگەیاندن بەسەر ڕادیۆ و ڕۆژنامەو سینەمادا دابەش بووبوو، بەجۆرێك، کە "بڵاوبوونەوەو خێرایی بۆ ڕادیۆ، شیکاریی و بۆچوونی سیاسیی‌و ڕیکلام بۆ ڕۆژنامە، خۆشی و کاتبەسەربردن بۆ سینەما بوو، تەلەفزیۆن توانی تایبەتمەندیی هەرسێکیان لە خۆیدا کۆبکاتەوە" (الصبان،2001: 5) تەلەفزیۆن بەهۆی پەخشکردنی وشەی بارگاویی بەوێنە، توانی پێشی پەخشی ڕادیۆو ڕۆژنامە بکەوێت، (ژووبیان،2009: 51) چونکە بەرکەوتنی لەگەڵ گرنگترین هەستەکانی مرۆڤدا هەیە، کە بە بیرو هۆشیەوە پەیوەستن، (ناصر،1998: 27) کەواتە "ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی، تا ڕادەیەکی زۆر لە مایەپووچبوونی ژمارەیەك لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی جیهان بەرپرسە، لەوانەش گۆڤاری (Live)ی ئەمریکی و (News Kroneil, Daily extish)ی بەریتانیی". (سمعان،1975: 10- 11)

تەلەفزیۆنی فەرەنسا پەخشی ئەزموونیی لە ساڵی (1932) دەستپێکرد، تا ساڵی (1935) بوو بە پەخشی فەرمیی، بەریتانیا لە ساڵی (1936) بە وێستگەی BBC دەستی بە پەخش کرد،لە هەمان ساڵدا ئەڵمانیا پەخشی تەلەفزیۆنی کرد، بەڵام لە ئەمریکا بەشێوەیەکی نارێکخراو لە ساڵی (1939) پەخشی تەلەفزیۆنی دەستپێکرد، هەتا ساڵی (1941) بوو بەشێوەیەکی رێکخراو. (ألطائي،2007: 53) (البكري،2003: 55)

لە جیهانی عەرەبیشدا یەکەم تەلەفزیۆنی فەرمی لەساڵی (1956)دا لە عێراق پەخش کراوە، لە (1959) لە لوبنان و (1960) لە کوەیت و (1965) لە لیبیاو (1968) لە ئەردەن و پاشان بە هەموو وڵاتانی عەرەبیدا بڵاوبووەتەوە. (الزعبی،2009: 281)

## 2.2.2 سەرهەڵدان و گەشەکردنی تەلەفزیۆن لە هەرێمی کوردستان

لە هەرێمی کوردستان مێژووی دامەزراندنی تەلەفزیۆن دەگەڕێتەوە بۆ شەستەکانی سەدەی بیستەم، کاتێك تەلەفزیۆنی (تەئمیم) لە 1967/11/18) دەستی بە پەخش کردووە، توانای پەخشەکەی (146) کیلۆوات بوو، بەشێوەیەکی بازنەیی و نیوەتیرەی (100) کیلۆوات پەخشدەکرا، لە ساڵانی (1970-1974) ئەم تەلەفزیۆنە تاڕادەیەکی زۆر سەربەخۆیی هەبووە و خزمەتی بە کورد کردووە، بەڵام لە ساڵی 1974 بەدواوە بۆ خزمەتی ڕژێمی بەعس بەکارهێنراوەو لە خزمەتی بیرو کەلتووری عەرەب و حیزبی بەعسی عێراقیدا بووە بۆ دژایەتی و سەرکوتکردنی نەتەوەی کورد بەکارهێنراوە،

(مەجید، 2007: 25-30 ⁄ الراوي، 1992: 141) بەشی کوردی تەلەفزیۆنی (موسڵ) کە لە هاوینی (1978) دامەزرا، کە بە زمانی کوردی (شێوەزاری کرمانجی ژووری) پەخشی بەرنامەکانی بۆ ماوەی (دوو کاتژمێرو نیو) کردووە، تا ساڵی (1990) داخراوە، (مەجید، 2007: 25) ئەم تەلەفزیۆنە لە ساڵی (1992) دەستی بە پەخش کردەوە تا ساڵی (2003) ئەم تەلەفزیۆنەش بە هەمان شێوەی تەلەفزیۆنی (تەئمیم) لە خزمەتی بیرو سیاسەتی حیزبی بەعس و دیکتاتۆریەتدا بووە. (صابر،2014: 62) تەلەفزیۆنی (مهاباد) لەلایەنی حکومەتی ئێرانەوە دامەزرێنرا، کە بۆ خزمەتی دەوڵەتی ئێران بوو. (مەجید، 2007: 30) کەواتە ئەو تەلەفزیۆنانە لەسەرجەم بوارەکاندا خزمەتی بە نەتەوەو کەلتووری کورد نەکردووە، لە بواری ڕیکلامیشدا ئەو سەرچاوانەی بەردەستی توێژەر کەوتوون هیچ ئاماژەیەکیان بە ڕیکلام لەو تەلەفزیۆنانە نەکردووە کە بڵاوکرابێتەوە.

لە دوای ڕاپەڕینەوە یەکەم تەلەفزیۆنی کوردی لە زاخۆ لە ناوەڕاستی ئابی (1991) لەلایەن یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە بە ناوی (TV زاخۆ) دامەزرا، بەدوای ئەمەشدا چەندین تەلەفزیۆنی دیکەی ناوخۆیی دامەزرا، کە زۆرێکیان زمانحاڵی پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بوون، لەوانە (تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، تەلەفزیۆنی خاك، K.TV، تەلەفزیۆنی ئازادی، U.TV، IMK). (مەجید،2007: 33-42) تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان یەکەمین تەلەفزیۆنی کوردی بوو لە شاری سلێمانی لە ساڵی (1991) لەلایەن یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دامەزرا، کە دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ (puk tv) (ردینی، 2005: 61) لە مانگی ئابی (1992) تەلەفزیۆنی (هەرێم) لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە شاری هەولێر دامەزرا، کە بە یەکەمین تەلەفزیۆنی حکومی دادەنرێت لە دوای ڕاپەڕینەوە، لە ساڵی (2005) پەخشی ئەم تەلەفزیۆنە جگە لە شاری هەولێر شارەکانی سلێمانی و دهۆك و کەرکوکی گرتەوە. (ردینی، 2005: 62)

کورد لە بواری کەناڵی ئاسمانی توانی زوو فریای خۆی بکەوێت و تەلەفزیۆنی ئاسمانی دابمەزرێنێت، یەکەم کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانی کوردی لە دەرەوەی کوردستان بەناوی کەناڵی (Media T.V) لە (1995⁄5⁄15) لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا دامەزرا، (ئەحمەد، 2006: 83) لە (1999⁄1⁄17) یەکەمین کەناڵی ئاسمانی کوردی لە ناوەوەی کوردستان بەناوی (کەناڵی سەتەلایتی کوردستان) دامەزرا، پاشان لە (1⁄1⁄2000) کەناڵی (کوردسات) دامەزرا، لە هاوینی (2005) لە یەکگرتنی هەردوو تەلەفزیۆنی (KTV) و تەلەفزیۆنی گوڵان، کەناڵی ئاسمانی (زاگرۆس) دامەزرا. (مەجید،2007: 43)

له (2007/5/15) كەناڵی (VIN TV) له چوارچێوەی بڵاوكردنەوەی میوزیك و گۆرانی و هونەری كوردیدا كاریان كردووه. كەناڵی ئاسمانی سپێده له (2008/5/29) دامەزراوه كه زمانحاڵی یەكگرتووی ئیسلامی كوردستانه، كەناڵی ئاسمانی پەیام كه زمانحاڵی كۆمەڵی ئیسلامی كوردستان له (2008/12/1)دەستی به پەخش كردووه. (صابر، 2014: 78)

كەناڵی ئاسمانی (KNN) تۆڕی هەواڵی كوردی له (2008/12/20) وەك كەناڵێكی ئەهلی سەر به كومپانیای وشه دەستی به پەخش كردووه، هەرچەنده له سەرەتاوه ڕێژەی بڵاوكردنەوەی ڕیكلامەكان لەو كەناڵەدا كەم بووه، بەڵام دواتر گەشەی سەندووه، ئێستا كۆمپانیای (BOX) بریكاری سەرەكی ئەم كەناڵەیه، له هەمانكاتدا هەردوو كومپانیای (Plus Daimond, Apple Art) بریكاری ئەم كەناڵەن بۆ ریكلامكردن. (2017,WWW.KNNC.COM)

سەتەلایتی جەماوەر له ساڵی 2008 لەلایەن حزبی سۆسیالیست دیموكراتی كوردستان دامەزرا، بەرنامەكانی به هەردوو زمانی كوردی و عربی پەخشدەكرد،(ئەحمەد، 2010: 102) له ئێستادا بەهۆی قەیرانی داراییەوه پەخشی ئەو كەناڵه ڕاگیراوه.

سەتەلایتی گەلی كوردستان له (2009/6/1) دەستی به پەخش كردووه، جگه له داهاتی ڕیكلام سەرجەم پێداویستییەكانی لەلایەن یەكێتی نیشتیمانی كوردستانەوه دابین دەكرێت، (عوسمان، 2010: 151)كومپانیای (ئاڤا میدیا) بریكاری سەرەكی ئەم كەناڵەیه بۆ كاری ڕیكلامی، واته سەرجەم گرێبەستەكانی ڕیكلامه بازرگانییەكانی ئەم كەناڵه لەلایەن ئەم كومپانیایەوه ئەنجامدەدرێت. ( 2017 WWW.GKSAT.COM)

كەناڵی (KOREK TV) له شاری هەولێر لەلایەن كومپانیای كۆرەك تیلیكۆم له (2009/12/1) دامەزراوه، كەناڵێكی بازرگانییه زیاتر بایەخ به بابەتی هونەری و میوزیك و گۆرانی و ڕیكلام دەدات، كومپانیای بابلیۆن بریكاری سەرەكی ئەم كەناڵەیه بۆ ڕیكلام، (ئەحمەد،2010: 101) لەگەڵ ڕیكلامی بەرهەم و شمەكەكان به گشتی، خودی كەناڵەكه بووه به ڕیكلام بۆ كومپانیای كۆرەك.

كەناڵ چوار (KANAL 4) له ساڵی 2010 له هەولێر دامەزراوه وەك كەناڵێك بازرگانی، خاوەندارێتی كەرتی تایبەته، زیاتر بایەخ به هونەرو رۆشنبیری و كۆمەڵایەتی و ڕیكلام دەدات، كومپانیای (بابلیۆن) بریكاری سەرەكی ئەم كەناڵەیه بۆ بڵاوكردنەوەی ڕیكلام. (ئەحمەد،2010: 101)

دامەزراوەی میدیایی (NRT) کە خاوەندارێتی کەناڵەکانی (nrt 2, nrt عربی, nrt, ڕادیۆی نالیا و چەند دامەزراوەیەکی دیکەی میدیایی دەکات)، یەکەمین کەناڵی هەواڵی کەرتی تایبەتی دامەزراند لە هەرێمی کوردستان، لە (2011/2/17) دەستی بە پەخشکردووە، بارەگای سەرەکی لە شاری سلێمانییە و لە بواری سیاسی و هونەری و تەلەفزیۆن و ڕادیۆدا چالاکیی میدیایی هەیە، ڕیکلام بەشێکە لە سەرچاوە داراییەکانی ئەم دامەزراوەیە. (www.nrt.com 2017)

کەناڵی (Kirkuk tv) لە (2011/9/3) دەستی بە پەخش کردووە،، کەناڵێکی گشتییە.

کەناڵی (پێلیستانك) وەك یەکەم کەناڵی ئاسمانی کوردی تایبەتمەند لە بواری منداڵاندا لە (2012/5/1) دەستی بە پەخشکردووە، کەناڵێکی ئەهلییەو لەلایەن چەند بازرگانێکەوە دامەزراوە.

کەناڵی (kurdmax) پەخشی بەرنامەکانی لە (2012/7/5) دەستپێکردووە، سەرجەم بابەت و بەرنامەکانی ئەم کەناڵە لەلایەن کومپانیا بازرگانییەکانەوە سپۆنسەر دەکرێت، ئەمەش پێشکەوتنێکی باشە لە بواری داهاتی تەلەفزیۆنیدا، کومپانیای (ئیدیکۆ) بریکاری سەرەکی و تایبەتی ئەم کەناڵەیە بۆ ڕیکلامکردن. (صابر،2014: 82)

کەناڵی ڕووداو (Rudaw) لە (2013/5/29) دەستی بە پەخش کردووە، بەیەکەم کەناڵی ئاسمانی کوردی (HD) دادەنرێت، تۆڕی میدیایی ڕووداو گرووپێکی میدیایی فراوانە، لە بوارەکانی میدیای بینراو بیستراو و خوێنراو بەرهەمەکانی پێشکەش دەکات، بریکاری سەرەکی ئەم کەناڵە بۆ بڵاوکردنەوەی ڕیکلامەکان کومپانیای (سیدار ئەجێنسی)یە. (www.Rudaw.net 2017)

کەناڵی (Kurdistan 24) وەك کەناڵێکی ئەهلیی لە بواری هەواڵی سیاسیدا پەخشی بەرنامەکانی لە ( ) دەستپێکردووە، خاوەنی تۆڕێکی فرفوانی پەیامنێرانە، دامەزراوەی (Kurdistan 24) پێکهاتووە لە کەناڵی (Kurdistan 24) و ڕادیۆی (Kurdistan 24) و ماڵپەڕێك کە بە چوار زمان هەواڵ و زانیاری بڵاودەکاتەوە. (www.kurdistan24.net 2017)

## 3.2.2 ڕیکلامی تەلەفزیۆنی

ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی گوزارشتە لەکۆمەڵێك زانیاریی پەیوەست بە شمەكو بەرهەمو خزمەتگوزاریی، کە کەناڵێکی تەلەفزیۆنیی لە چوارچێوەی بەرنامەیەکدا، بە جۆرو شێوازی جۆراوجۆر لە پێناو بەبازاڕکردنی بەرهەمەکەدا پەخشیدەکات، (العزیز واخرون،2002: 118)، یاخود "پەیامێکە بۆ فرۆشتنی کاڵاو خزمەتگوزاریی بۆ کۆمەڵە خەڵکێکی دیاریکراو لە بەکاربەر، لەرێگەی

ئامرازی تەلەفزیۆنەوە بەرامبەر کرێیەکی دیاریکراو بڵاودەکرێتەوە"، (العالم،1998: 13)، یان ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی "بریتییە لەو چالاکییەی پەیامی ڕیکلامی بینراوو بیستراو بە جەماوەر پێشکەشدەکات، بۆ ڕاکێشانی سەرنجیان لەپێناو کڕینی کاڵایەك، یان خزمەتگوزارییەك لەبەرامبەر کرێیەکی دیاریکراو"[9]. (عبدالفتاح،1986: 527)

تایبەتمەندیی سەرەکیی تەلەفزیۆن، کە لە ئامرازەکانی دیکەی پەیوەندیکردنی جیادەکاتەوە "لەڕووی ڕاپەڕاندنی کارەکانییەوە ئەوەیە، کارەکانی بەشێوەی گرووپ و بەکۆمەڵ ئەنجامدەدرێت"، (حمیدی، 2010: 32) (ستانتۆن) ئەم کاری بەکۆمەڵەی لە تەلەفزیۆندا دەرخستووە، کە دەڵێت ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی "هەموو جۆرە چالاکییەکە بەشێوەی کۆمەڵ پێشکەشدەکرێت و بەڕێگەیەکی گشتی نەك تاکی، بینراو بیستراو لە ڕێگەی پەیامێکی دیارکراو لەلایەن ڕیکلامکارەوە پەیوەست بەکاڵا یان خزمەتگوزاریەك". (Stanton,1993: 34)

د.مظفر مندوب دەڵێت:"ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی هەوڵێکی پەیوەندیکردنی گشتی و ئاراستەکراوی پلاندارێژراوە لەلایەن ڕیکلامکارەوە بۆ جەماوەرێکی دیاریکراو، بەئامانجی هاندانیان بۆ کڕینی کاڵا، یان وەرگرتنی ڕەفتارێکی دیاریکراو لەژێر ڕۆشنایی ئامانجی ڕیکلامەکەدا" (مندوب، 2003: 31)

ئامرازە ڕیکلامییەکان ئەو کەناڵانەن لە ڕێگەیانەوە پەیامی ڕیکلامی دەنێردرێت لەلایەن نێرەرەوە، کە ڕیکلامکارە بۆ بەکاربەر، کە وەرگری پەیامە ڕیکلامییەکەیە، (الزعبی،2009: 279) تەلەفزیۆنیش یەکێکە لە ئامرازەکانی بڵاوکردنەوەی ڕیکلام.

لەگەڵ ئەوەی ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی، پێشکەوتنی تەواوی سروشتی تەکنەلۆژیامان بۆ ڕوونەکاتەوە، هەندێك لە پسپۆڕان ئەم چالاکییە بە "هونەری فرۆشتنی خەونەکان" دەناسێنن. (العزیز،2003: 138) بەشێکی زۆری بینەران پێیانوایە "ڕیکلامی تەلەفزیۆنشی تەنها چالاکییەکی بازرگانییەو بە فرۆشتنی بەرهەمەکانەوە پەیوەستە"، (الشمیمری،2010: 127)، هەرچەندە ئەم بۆچوونە قبوڵکراو نییە، بەڵام "ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی خاوەن دوو ڕوانگەیە، یەکەمیان پەیوەست بە بەرهەمەکەوەو دووەمیان پەیوەست بە بەهاو ڕەفتارە کۆمەڵایەتیی و کلتوورییەکانەوە" (الشمیمری،2010: 127) لە تەلەفزیۆندا ڕیکلامکار دەتوانێت وێنەی بەرهەکەمەو شێوازی بەکارهێنانی بەشێوەیەکی کرداری

---

9- لە ئێستادا خودی کەرەستە زیندوو و نازیندووەکانی ناو ڕیکلامە تەلەفزیۆنییەکان، ڕیکلامێکی دیکە دەکەن، یاخود ڕیکلام لە چوارچێوەی فیلم و دراما تەلەفزیۆنییەکاندا، تەنانەت ئەوەی لە بینەرانەوە وەردەگیرێت بێژەرو پێشکەشکاری هەواڵ و بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان بوون بە ئامرازێکی ڕیکلامکردن، بەتایبەت ڕیکلام بۆ ئەو پۆشاکەی، کە لە بەریاندایە، ئەمەش تەوەرەیەکە لە توێژینەوەکەمان.

پێشکەشبکات،(ألزبیدی، 1988: 58)، هەرچەندە (جیری ماندر) وایدەبینێ، "ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی، ڕەنگدانەوەی هەموو شتێکە جگە لە ڕاستییەکان لە پشتی خەڵکەوە". (کچك،1988: 150)

**لە کۆی** ئەو پێناسانە، دەگەینە ئەوەی، کە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی:

1- لە سایەی ئامرازە تەکنەلۆژییەکەیدا هەردوو ڕەگەزی دەنگ و ڕەنگ بە وشەو وێنەی جوڵاوەوە پێشکەشی بینەران دەکات، بەمەش کاریگەریی زیاتر دروستدەکات.

2- بەهۆی پەخشی فراوانەوە ئاراستەی ژمارەیەکی زۆری جەماوەر دەکرێت لەیەك کاتدا.

3- کارێکە بەکۆمەڵ دەکرێت، نەك بە تاك.

4- کاردانەوەی بەکاربەر لەسەر ڕادەی وەرگرتنی ڕیکلامەکەو کاریگەربوون پێی تێیدا دەردەکەوێت.

5- ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی، بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش و خەیاڵاویی پەیامەکان بە بینەران دەگەیەنێت.

## 2. 2. 4 سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی

پەیوەندیی ڕیکلام و تەلەفزیۆن بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی تەلەفزیۆن دەگەڕێتەوە وەك ئامرازێکی جەماوەریی لە ساڵی (1941)دا لە ڕێگەی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی ئەمریکاوە، پاشان بە خێراییەکی لەڕادەبەدەر بڵاوبووەوە بۆ ئەوروپا، بەتایبەتی دوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی دووەم. (الحدیدی و علی،2005: 115) دەرکەوتنی یەکەم ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی بۆ (1941/7/1) دەگەڕێتەوە لە کەناڵێکی ناوخۆیی نیویۆرك، پەخشکردنی ڕیکلامێك لە ماوەی دە چرکەدا بە نرخی (9) دۆلار لەکاتی پەخشکردنی یاری بەیسبۆڵ. دوای ساڵی (1948) چەندین دەرگای دیکە لەلایەن ڕیکلامکارانەوە بۆ ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی کرایەوە بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین جەماوەر لە ڕیکلامەکانیان. ئەم پێشکەوتنەی ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی لە ئاستێکدا بوو، کە هۆڵەکانی سینەما ترسیان لێنیشت، کە تەلەفزیۆن ببێتەهۆی لەناوچوونی هەموو هۆکارەکانی دیکەی ڕاگەیاندن. (شاندرو،(ب.ت.): 69)

سەرەتای ساڵی (1950) گۆڕانکارییەکی گەورە لە بواری ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی هاتەکایەوە، هەمەجۆری ڕیکلامکردن و مافی سپۆنسەریکردن بۆ بەرهەمهێنەران ڕەخسا، تاوەکو لە چوارچێوەی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکاندا ڕیکلامی بەرهەمەکانیان نیشانی جەماوەر بدەن، لەو کاتەدا ژمارەیەکی کەم لە کۆمپانیاکانی وەکو (کرافت، کۆلگەیت، جنرال ئەلیکتریك) سودیان لەم دەرفەتە وەرگرت، لێرەوە

**نرخی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی بەرزبوویەوەو ئاژانسەکان پارەی زیاتریان وەردەگرت، ئەمەش هەنگاوێکی تر بوو بەرەو گۆڕانکاریی گەورەتر لە دەیەی شەشەمی سەدەی رابردوودا. (صابر،2014: 63)**

**دوای دروستکردنی تەلەفزیۆنی ملەوەن لەساڵی (1951)دا، بایەخی ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی زیاتر دەرکەوت. (النجار،1996: 64)**

**ڕەزامەندی لیژنەی پەیوەندییە فیدراڵیەکانی ئەمریکا (FCC)[7] لەسەر سیستەمی تەلەفزیۆنی بازرگانیی، هێزی بە ڕیکلامی تەلەفزیۆنی بەخشی، بە شێوەیەك، کە تۆڕەکانی ( ABC, CBS, NBC)ی ئەمریکیی، بوونە گەورەترین ئەو تۆڕانەی کە قۆرخی زۆربەی گرێبەست و مافەکانی ڕیکلام بۆخۆیان دەکەن. (عوض، 1986: 202)**

**لە ساڵی (1960)دا کەناڵی (NBC) لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ڕیکلام تا (2) خولەك لە ناوبڕەکاندا هەنگاوێکی گەورەی بەڕیکلامی تەلەفزیۆنیی نا، کە کۆمپانیاکانی (تاید و کریست) سودیان لەم هەنگاوەی وەرگرت، لە پرۆگرامێکی یەك کاتژمێریدا بەشێوەیەکی گشتی (9) خولەك ڕیکلامکردن هەبوو، زۆرترین ڕیکلامی بازرگانیی لەنێوان (30 تاکو 60) چرکە بوو. (صابر،2014: 24)**

**لە ك ۆتا دەیەی سەدەی بیستەمدا لە پرۆگرامێکی تەلەفزیۆنیی یەك کاتژمێریدا ماوەی ڕیکلامکردن گەیشتە زیاتر لە (19) خولەك، دواتر کۆمپانیاکانی ڕیکلامکردن لە ڕێگای بەکارهێنانی کەسایەتییە بەناوبانگ و خۆشەویستەکانەوە هەوڵیاندا زیاتر کاریگەریی بخەنە سەر جەماوەرو (بیتز،1987: 168) خێراتر ئارەزووی کڕین لای بینەرەکان دروستبکەن، ئەمەش پاڵنەرێکی گەورەبوو تاکو ڕیکلامکارەکان زیاتر ڕوو لە تەلەفزیۆن بکەن بۆ بڵاوکردنەوەی ڕیکلامەکانیان. (حجازی،2001: 77) بەهۆی بەکارهێنانی تۆڕی ئینتەرنێت لەبواری پەیوەندیکردندا ڕیکلامەکان بەرەو کورتبڕی و بەرزبوونەوەی نرخی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە چوون.(بیتز،1987: 168)**

**ئێستا لە سایەی بڵاوبوونەوەی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئاسانیی پەخشی تەلەفزیۆنیی و گەیشتنی بەسەرجەم ناوچەکانی جیهان، ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی لەوپەڕی گەشەو بڵاوبوونەوەدایە، بەجۆرێك لەگەڵ سەرهەڵدانی تەلەفزیۆنی نێودەوڵەتیدا ڕیکلامی نێودەوڵەتیش سەریهەڵداوە، ئیدی هیچ چوارچێوەو سنورێکی سیاسی و ئابووری و زمانی و کلتووری و ئایینی نەماوە پەخشی تەلەفزیۆنیی بە**

---

[7]- لیژنەی فیدراڵی بۆ پەیوەندیکردن: ڕێکخراوێکی ئەمریکی نێودەوڵەتییە، دەسەڵاتی بەسەر پەیوەندییەکاندا هەیە، ئامانجی لەسەرەتاوە ڕێکخستنی کاری ڕادیۆیی لە کۆمەڵگە و ڕێکخستنی بەرنامەکان بوو. (حمید،2013 :132)

گشتیی و ڕیکلامەکەی بەتایبەتی نەبڕیبێت‌و نەگەشتبێتە سەرجەم ناوچەو زمان و کلتوورو ئایینەکانەوە.

## 2.2.5 لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی تەلەفزیۆن وەك ئامرازێکی ڕیکلام

کاریگەریی تەلەفزیۆن دەوەستێتە سەر ئاستی (ڕۆشنبیریی جەماوەرو پێوەرو بەها کۆمەڵایەتی‌و کەلتوورییەکان‌و ئاراستەو بۆچوون‌و ڕەفتاری مرۆڤایەتیی، بەهاو هەڵوێست‌و ئاراستە فیکریی‌و سۆزدارییەکان)، (الدليمي،2005: 31) بۆیە ئەم کاریگەرییەی تەلەفزیۆنیش بە ئاسانی‌و لەماوەیەکی کورتدا لەسەر ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵ ڕەنگناداتەوە.

### 2.2.5. 1 لایەنە ئەرێنییەکانی تەلەفزیۆن وەك ئامرازێکی ڕیکلامکردن

1- پێکەوەلکانی دەنگ و وێنەی جوڵاو، ئامرازێکی کاریگەرو بڕواپێهێنەرە بۆ بینین و سەرنجڕاکێشان. (قانع،2012: 37) سەرباری ڕەخساندنی دەرفەت بۆ داهێنانی کاراترین ڕیکلام. (حەسەن،2011: 115)

2- ئامرازێکی گرنگ و پڕبایەخی پەیوەندییکردنی جەماوەرییە و هەواڵ و بەرنامەکانی هەمەچەشنەیەو (محمد،2011: 66) نزیکترین ئامرازی پەیوەندییکردنی ڕووبەڕووەو ئاراستەی ژمارەیەکی زۆر لە جەماوەر دەکرێت لە تەمەن و ڕەگەزو رۆشنبیری و ناوچەی جوگرافیی جیاواز. (رشتي،1978: 368)

3- دەتوانێت لە یەك کات و بەخێراییەکی زۆر بگاتە ژمارەیەکی زۆر لە جەماوەر، ئامرازێکی قەبوڵکراویشە لای جەماوەرو کۆمپانیاکان بۆ بڵاوکردنەوەی ڕیکلامی بەرهەمەکان. (الحديدي،علي،2005: 116 - 117)

4- بەهۆی ئەو شێوازە هونەرییە بەرزانەی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیدا بەکاردەهێنرێن لە توانای گەورەکردنی شتی بچووك و جوڵەپێکردنی شتی جێگیرو خستنەرووی هەموو وشەیەك لە چوارچێوەیەکی ڕیکلامیی سەرنجڕاکێشدا بەشێوازی جۆراوجۆر، بە خێرایی و ئاسانیی کاریگەریی لەسەر جەماوەر دروستدەکات بۆ بڕواپێهێنانیان بە بەکاربردنی بەرهەمەکە. (الحديدي و علي،2005: 117) بەرجەستەکردنی شێوەو بیرۆکە ڕیکلامییەکەش لەڕێگەی بەکارهێنانی دیکۆرو جوانکاریی‌و جلوبەرگ‌و کاریگەرییە دەنگی‌و ڕەنگییەکانەوە، (العزيز واخرون،2002: 119) توانای بەکارهێنانی فیلی کامێراو جوانکاریی ڕەنگ

بەجۆرێك جەختبکاتە سەر ئەو تایبەتمەندییانەی بەرهەمەکە کە ڕیکلامکار مەبەستییەتی. (الزعبي،2009: 282 -283)

5- تەلەفزیۆن لەگەڵ ئەوەی هۆکارێکی کاتبەسەربردنە، لە هەمانکاتدا هاوڕێیەکی نزیکە لەناو ماڵدا، ئەمەش هەلی ئاوێتەبوونی زیاتری بینەرو شاشەی تەلەفزیۆن دەستەبەردەکات. (ژووبیان،2009: 50)

6- ڕیکلامکار دەتوانێت کات و بەرنامەی گونجاو بەویستی خۆی هەڵبژێرێت بۆ بڵاوکردنەوەی ڕیکلامەکەی، (موسى و عبدالعباس، 1990: 422) واتە هەڵبژاردنی ئەو جەماوەرەی، کە ڕیکلامکار مەبەستیەتی پەیامە ڕیکلامییەکەیان پێبگات لە ڕێگەی دیاریکردنی ڕۆژو کات و جۆری ئەو بەرنامە و تەلەفزیۆنەی، کە ڕیکلامەکەی تێدا بڵاوبکرێتەوە لە هەفتەدا. (عباس،2012: 62)

7- ئاراستەی هەردوو هەستی بینین و بیستن دەکرێت بە بەکارهێنانی نوسینو دەنگو وێنەی جوڵاو، کاریگەریی لەسەر بینەر دادەنێتو سەرنجی ڕادەکێشێت بەتەواویو بیرۆکە ڕیکلامییەکە لە زیهنیدا جێگیردەکات، ئەمەش بەهۆی نزیکی زۆری بابەتە ڕیکلامییەکە لە واقیعەوە، (العزيز واخرون،2002: 119) لەبەرئەوەی "وێنەی زیندووی ڕووداوەکان دەگوێزێتەوە"، (أبو سمره، 2009: 147)، یان وەك ئەو پەندەی کە دەڵێت (Seeing is Believing): "بینین بنەمای بڕواپێهێنانە". (معوض،2011: 36)

8- تێگەشتن لە پەیامی ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی خوێندەوارییەکی زۆری پێویست نییە. (ژووبیان،2009: 50)

9- دووبارەکردنەوەی ڕیکلامەکان لە ماوەیەکی دیاریکراودا بە چەندین جار، ئەمەش دەبێتەهۆی جێگیرکردنی ڕیکلامەکە لە مێشکی بینەرداو کاریگەریی لەسەری دەبێت. (أبو سمره،2009: 147)

10- بەرهەمەکان بەتەنها نیشانی بینەر دەدرێن، بەبێ هیچ وێنەو ناونیشانێکی بەدەر لەو پەیامە ڕیکلامییەی بەرهەمەکە، تەنانەت ناسنامەی تەلەفزیۆنەکەش لەسەر شاشە دەرناکەوێت.(ألصحن،2005: 216)

## 2.5.2.2 لایەنە نەرێنییەکانی تەلەفزیۆن وەك ئامرازێکی ڕیکلامکردن

1- تەلەفزیۆن ئامرازێکە تێچوونی دارایی زۆرە، کرێی ڕیکلامەکانیش دەکەوێتە ئەستۆی خاوەن بەرهەمەکان، (الحديدى و على،2005: 118) بەجۆرێك هەموو خاوەن بەرهەمێك ناتوانێت ڕیکلام لەم ئامرازەوە بڵاوبکاتەوە (العزيز واخرون، 2002: 119) ئەمەش لە دوو لایەنەوەیە، یەکەمیان "

بەرهەمهێنانی ریکلامەکە"، (الزعبی، 2009: 284) دووەمیان "کرێی بڵاوکردنەوەی لە تەلەفزیۆنەوە"، (موسی و عبدالعباس،1990: 422)، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی بەرهەمەکان. هەرچەندە (د.بشیر العلاق و علی ربابعە) پێیانوایە:"بەلەبەرچاوگرتنی پەخشی فراوانی تەلەفزیۆن بۆ هەر هەزار بینەرێك تێچوونەکەی بەرێژەیی دادەبەزێنێت لەکۆی گشتیی تێچووی ڕیکلامەکە". (العلاق،ربابعە،2009: 304) (د.محمد فرید)یش پشتیوانیی هەمان بۆچوون دەکات و پێی وایە:"هەرچەندە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی لە ڕوانگەی بەرهەمهێنانی ڕیکلامەکەو کاتو شوێنی پەخشەکەی تێچووی زۆرە، بەڵام دواجار تێچووی سەیرکردنی تاك بۆ ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی زۆر کەمە" (الصحن،2005: 216) بەڵام لە ئەمڕۆی ژیانی سەرمایەداری و بازاڕی ئازاددا هێندە هەست بە بەرزبوونەوەی نرخی بەرهەمەکان بەهۆی ڕیکلامەکانیانەوە ناکەین.

2- بەهۆی ڕکابەریی بەرهەمهێنەرانەوە، کەڵەکەبوونی ماددەی ڕیکلامیی لە تەلەفزیۆنەکان دروستدەبێت، چونکە خاوەن ڕیکلامەکان دەیانەوێت لەکاتی ئاڵتونیدا[8] ڕیکلامەکانیان بڵاوبکرێتەوە، ئەمەش دەبێتە مایەی کەڵەکەبوونی ڕیکلامەکان و (الحدیدی – علی،2005: 118) ئاڵۆزی لای جەماوەر دروستدەکات و (أبو سمرە،2009: 147) لەیەکچوونی ڕیکلامەکان کاریگەرییان کەمدەبێتەوە. (حەسەن،2011: 115)

3- سنورداریی سەرنجڕاکێشانی جەماوەر، بینەرانی تەلەفزیۆن تەماشای هەموو ڕیکلامەکانی تەلەفزیۆن ناکەن، بەهۆی زۆریی ڕیکلامەکان و نەگونجاوییان لە ڕووی ئایینی و کۆمەڵایەتی و کلتوورییەوە، (الحدیدی – علی،2005: 119) جگە لەوەی جەماوەر بێزار دەبێت لە دووبارەو چەندبارەکردنەوەی بەردەوامی ڕیکلامەکان، (محمد،2011: 68) بەتایبەت ئێستا بەهۆی بوونی ئامێری کۆنترۆڵ (Remote Control) دەتوانێت کەناڵی تەلەفزیۆنەکە بۆ یەکێکی دیکە بگۆڕیت. (الحدیدی – علی،2005: 119)

4- لەکاتی ئاڵۆزیی و پچڕانی پەخشی تەلەفزیۆنیی، مەترسیی نەگەیشتنی پەیامە ڕیکلامییەکە بەو جۆرەی کە پێویستە، دروستدەبێت. (عساف و صالح،2004: 99) ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی چەندبارەکردنەوەی ڕیکلامەکان، "مەودای پەخشی تەلەفزیۆنیش دیاریکراوە، بەجۆرێك لەهەندێك وڵاتدا سەرانسەری ئەو وڵاتە ناگرێتەوە". ((العزیز واخرون،2002: 11 -120) وەك کەناڵە تەلەفزیۆنییە ناوخۆییەکان.

---

[8]- لە ئێستا بەهۆی زۆربوونی ژمارەی کەناڵە تەلەفزیۆنییە تایبەتمەندەکان و دروستبوونی کەناڵی تەلەفزیۆنی تایبەت بە ڕیکلام، کاتی ئاڵتوونی ئەو بایەخ و کاریگەرییەی نەماوە کە لە ڕابردوودا هەیبوو – توێژەر.

## 2. 2. 6 جۆرەکانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی

شارەزایانی ئەم بوارە لە سێ ڕوانگەوە دابەشکاریی بۆ ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی دەکەن، کە بریتین لە:

### 2. 2. 6. 1 لە ڕوانگەی چۆنێتی پێشکەشکردنی ڕیکلامی تەلەفزیۆنییەوە

1- **ڕیکلامی ڕاستەوخۆ:** ئەمەیان لەسەر شێوەی ئاراستەکردنی پەیامێکی راستەوخۆیە لە کەسێکەوە بۆ بینەران، کە بۆ بەکاربردنی ئەو بەرهەمە بانگیاندەکات، هەندێك لە بەرهەمهێنەرانی ڕیکلام لە ڕێگەی بەکارهێنانی کەسایەتییەکی ناودارەوە ئەم بانگکردنە ئەنجامدەدەن. (العلاق و ربابعە،1998: 305)

2- **ڕیکلامی گفتووگۆ یان ڕووبەڕوو:** پشتدەبەستێت بە گفتووگۆی دوو کەس، یان زیاتر، دەربارەی تایبەتمەندییەکانی بەرهەمەکە، لە ڕێگەی دەربڕینی بۆچوونیان لەسەری، یان ئاراستەکردنی کەسێکیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی دیاریکراو لە ڕێگەی بەرکاهێنانی ئەو بەرهەمەوە. (الكاملی، 2001: 95)

3- **ڕیکلامی وەبیرهێنانەوە:** ئامانجی بیرهێنانەوەی بینەرە بە بەرهەمێکی ناسراو، کە ماوەیەکی درێژ بەسەر ڕیکلام و بەرهەمهێنانیدا بەسەرچووبێت. (النادی و شهیب،2005: 102)

4- **ڕیکلام لە ڕێگەی پیشاندانی بەرهەمەکەوە:** ئەم جۆرە پشتدەبەستێت بە نیشاندانی بەرهەمەکە لە ڕێگەی باسکردنی تایبەتمەندییەکانیو جیاوازیی لەگەڵ بەرهەمەکانی دیکەو چۆنێتیی بەکارهێنانیو بێبەشبوون لە سودەکانی بەکارنەهێنانی. (العلاق و ربابعە،1998: 306)

5- **ڕیکلام لەڕێگەی بەکارهێنانی کەسایەتییەکانەوە:** لەمجۆرەدا پەنا دەبرێتە بەر یەکێك لە کەسایەتییە بەناوبانگەکانی کۆمەڵگە، کە لە ڕیکلامەکەدا بەرهەمەکە بەکاردەهێنێت، یان جەماوەر بۆ بەکاربردنی ئەو شمەکە بانگدەکات. (الزعبی،2009: 286)

6- **ڕیکلام لە ڕێگەی وێنەی جوڵاوەوە:** لە ڕێگەی بەکارهێنانی وێنەی جوڵاوەوە لە شێوەی کەس، یان ئاژەڵ، یان باڵندەی (کارتۆنیی- بێگیان)، هەرچەندە ئەمەیان گوزارشت لە جۆرێکی ڕیکلام ناکات، بەڵکو شێوەیەکە لە شێوەکانی گوزارشت لە بیرۆکەیەکی ڕیکلامیی، لەو چوارچێوەیەدا دەکرێت جۆری ڕیکلامی گفتووگۆ، یان درامایی بەکاربهێنێت. (ألعامری،2006: 96)

7- **ڕیکلامی درامیی:** لەمەیاندا لە ڕێگەی پێشکەشکردنی بابەت، یان چیرۆکێکی درامییەوە، تایبەتمەندیی بەرهەمەکە دەخاتەڕوو، لە ڕێگای نیشاندانی جیاوازیی دۆخی کەسێك پێش بەکارهێنانی

بەرهەمەکەو دوای بەکارهێنانی، ئەم جۆرە جەخت دەکاتە سەر بەکارهێنانی کاریگەرییە دەنگییە ترسێنەرەکان لەکاتی بەکارنەهێنانی بەرهەمەکەدا. (الکاملی، 2001: 95)

8- **ڕیکلامی بەڵگەداریی:** ئەم ڕیکلامە لە ڕێگەی خستنەڕووی ئەو بەڵگەو نیشانانەی، کە باشیی بەرهەمەکە پشتڕاستدەکەنەوە، وەك ڕاپۆرتە پزیشکییەکان، یان ئەو بڕوانامەو ڕێزلێنانانەی بە خاوەن بەرهەمەکە بەخشراون. (الزعبی،2009: 286)

## 2.2.6. 2 لە ڕوانگەی چۆنێتیی کڕینی کاتی ڕیکلامەوە

1- **ڕیکلامی تاك:** لە ڕێگەی کڕینی کاتێکی دیاریکراو لەلایەن ڕیکلامکار، بەشێوەی دابەشکردنی ئەو کاتە بەسەر ژمارەیەك لە ڕیکلامەکان بۆ هەمان بەرهەم لەماوەی  ناردنیدا. (الکاملی، 2001: 95)

2- **لەئەستۆگرتنی تێچوونی تەواوی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیی:** لێرەدا ڕیکلامکار هەڵدەستێت بە بڵاوکردنەوەی ڕیکلامی بەرهەمەکانی لە ماوەی ئەو بەرنامەیەی تێچوونەکەی دەگرێتەئەستۆ، تەنانەت هەندێکجار لەسەرەتاو کۆتایی بەرنامەکەشدا ڕیکلامی بۆ دەکرێت. (العلاق و ربابعە،1998: 306)

3- **بەشداریکردن:** بەشداریکردنی ژمارەیەك خاوەن بەرهەمە لە کڕینی کاتێکی دیاریکراو بۆ ڕیکلامی بەرهەمەکانیان، لە پێناوی کەمکردنەوەی تێچووی ڕیکلامی بەرهەمەکانیان. (ألعامری،2006: 96)

## 2. 2. 7 شێوەکانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنیی

سەرچاوەکان ڕیکلامی تەلەفزیۆنی لە چوار شێوەی سەرەکیدا کۆدەکەنەوە، کە بریتین لە:

1- **ڕیکلامی ڕۆڵە:** لەم ڕیکلامەدا وشەکان بەشێوەی ڕۆڵە لە خوارەوە بۆ سەرەوەی شاشەی تەلەفزیۆن، یان بە پێچەوانەوە دەڕوات، دەنگی بێژەر لەگەڵ وشەکانی سەرشاشە دەبیسترێت، هاوتەرییبیەکی تەواو هەیە لەنێوان دەنگ و وشەو نوسراوەکانی سەر شاشە، لەبەرئەوەی لە بیری بینەردا بچەسپێت و بەبەردەوامی وێنەیەکی زیهنیی بەرهەمەکەی لەلا دروستبکات ، لەم شێوەیەدا زیاتر ڕیکلامی هەلی کارو زیادکردنی ئاشکراو زەوی دەکرێت. (سمعان،1975: 41)

2- **ڕیکلامی ژێرنووس:** لەم شێوەیەدا ڕیکلام بە وشەو نوسین دەکرێت، لەلای چەپی خوارەوەی شاشە بۆلای ڕاست بێ ئەوەی هیچ دەنگێکی لەگەڵدابێت، وەك شریتی هەواڵەکانی تەلەفزیۆن. ئەم شێوەیە زیاتر بۆ

داشکاندن، یان ڕیکلامی پزیشکی، گرووپی گەشتیاری و کاڵای نوێ بەکاردێت. (عساف،1977: 327)

3- **ڕیکلامی جێگیر:** بریتییە لە ماددەیەکی ڕیکلامیی نوسراو لەسەر شاشەیەك، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەسەر شاشە دەردەکەوێت و دەنگێکی لەگەڵدایە، کە بریتییە لە خوێندنەوەی نوسراوەکە، سروشتی کاڵاکەو تایبەتمەندییەکەی ڕووندەکاتەوە، بەزۆری ئەم شێوازە بۆ ئەو کاڵایانەی کە تازە دێنە بازاڕەوە بەکاردێت، یان بۆ خزمەتگوزاریی. (عساف،1977: 327)

4- **ڕیکلامی جوڵاو:** شێوەی ڕیکلامی وێنەی ڤیدیۆی تەلەفزیۆنیی، یان سینەماییە، هەریەکە لە وێنەی جوڵاو، دەنگ و گفتووگۆو، کاریگەریی دەنگی، گونجاوترین و کاریگەرترینی شێوەکانی ریکلامن، کە ئاراستەی هەردوو هەستی بینین و بیستن دەکرێن، دەتوانرێت هەموو جۆرەکانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی تێدا جیاواز لە شێوەکانی پێشووی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی بەرجەستە بکرێت. (سمعان،1975: 41)

لە ئێستادا بەشێوەیەك لە ڕێگەی فیلم و دراماکانەوە ڕیکلام بۆ بەرهەم و کاڵاو شوێنە گەشتیارییەکان دەکرێت، بە سودوەرگرتن لەو کەسایەتییانەی بەشداریی ئەو فیلمو درامایانە دەکەن، یان لە ڕێگەی بەرنامەی تایبەت لە بوارێکدا، یان لەسەر بەرهەمێك، تەنانەت خودی ڕیکلامەکان جارێکی دیکە دەبنەوە بە ڕیکلام بۆ بەرهەم، یان شوێنێکی دیکە، بەتایبەت پۆشاکی کەسە ڕیکلامکارەکان دەبنەوە بە کاڵایەکی گرنگیی ڕیکلامبۆکراو، کە سەرنجی وەرگران ڕادەکێشێت.

# 2. 3 ڕەفتارو ڕەفتاری پۆشاکپۆشین

## 2. 3. 1 چەمك و پێناسەی ڕەفتار

ڕەفتار (سلوك - Behaviour) "وەڵام، یان کاردانەوەی تاکەکانە، ئەم چەمکە بەمانا گشتییەکەی تەنها لە چوارچێوەی وەڵام، یان جوڵەی جەستەدا دەرناکەوێت، بەڵکو فراوان دەبێت بۆ گوزارشتی زمانی و ڕۆشتن و بیرکردنەوەو خەیاڵ و هەستکردن و کاری ویژدانی وەك گریان و پێکەنین". (السید،1997: 11)

(Max Weber) لە کتێبی (نظرية تنظيم الاجتماعى الاقتصادي)دا دەڵێت: ڕەفتار بریتییە لە جووڵە، یان چالاکییەکی بەمەبەست، کە تاك پێی هەڵدەستێت، ئەو جووڵە یان چالاکییە پەیوەندیی بەبوونی تاکەکانەوە هەیە لە کۆمەڵگەدا، ئەم ڕەفتارەش بەڕۆڵی تاك لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا پەیوەستە. (فاربی،2004: 147)

ڕەفتار زنجیرەیەك کارو کاردانەوەی یەك لەدوای یەکی کەسێتییە بۆ تێرکردنی پێداویستیی و ئارەزووەکانو بەدیهێنانی ئامانجەکان، مرۆڤ لە ڕێگەیەوە گوزارشت لە قبوڵکردن، یان ڕەتکردنەوەی ئەو هەوڵو کارلێکە دەکات، کە لە ڕەگەزو ژینگەی دەوروبەرییەوە ئاراستەی دەکرێت. (السلمی،1979: 55)

ڕەفتار بەواتای زانستی کۆمەڵگە دێت، کە جەخت لەسەر توێژینەوە و شیکردنەوەی ڕەفتاری مرۆڤایەتیی دەکاتەوە، کە بەستراوەتەوە بە سێ زانستەوە (دەروونناسی و کۆمەڵناسی و گەلناسی (ئەنثرۆپۆلۆجیا)، ڕیکلامیش بەستراوەتەوە بە زانستی ڕەفتارەوە. لێکۆڵینەوەش لە ڕەفتاری بەکاربەر وەك زانایان ئاماژەیان پێکردووە، بریتییە لە تێگەیشتن لە سروشتی مرۆڤ لە ڕێگەی هەڵچوونو کردارەکانییەوە. (تایە،2007: 57) زانستی ڕەفتاریش ئامانجی لێکۆڵینەوەیە لە ڕەفتاری مرۆڤایەتی لە ڕوانگەی: (أبو سمره،2009: 107)

1- ئەو کێشەو بابەتە زانستییە بنەڕەتییانەی لە چەمکی ڕەفتاری مرۆڤایەتیدایە.
2- ئەو پاڵنەرانەی ڕۆڵیان هەیە وەك گۆڕاوێکی جێگیر(سەربەخۆ) بەسەر گۆڕاوە ناجێگیر (شوێنکەوتەکانەوە).
3- سروشتی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوە جێگیرو ناجێگیرەکان و گرنگیی ڕێژەیی هەریەکەیان بۆ یەکدی.

ڕەفتاری کۆمەڵایەتی (Social Behaviour) هەر جوڵەو کردارێکی مەبەستدارە، کە تاك ئەنجامیدەدات بۆ سەلماندنی بوونی کەسێتیی لای ئەوانی تر، کە بەهۆی ژینگەو ڕووداوەکان، یان ئەو کەسانەی کە پابەندییان بۆ ڕەفتاری کۆمەڵایەتی هەیە، هەڵدەستن بە ئەنجامدانی ڕەفتار. (حسن،1999: 332) بێگومان ڕەفتاری بەکاربەریش جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی.

هەموو ڕەفتارێك پاڵنەرێك یان زیاتری لە پشتەو ئامانجدارەو تەنها بە خودی تاکەوە پەیوەستنییە، بەڵکو بە ڕووداوەکانی دەورووبەرەوە پەیوەستە. (راشد،1981: 96)

لە ناونیشانی (ڕەفتار)دا، دەردەکەوێت، ئەم زانستە توێژینەوە لە ڕەفتاری گشتیی و ( ڕەفتاری بەکاربەر) دەکات، گوزارشت لە بەکارهێنەرانی کۆتایی بەرهەم دەکاتەوە، چ کۆمەڵ، یان تاك بێت، هەربۆیە ئەو زانستانەش بایەخی پێدەدەن. (العبدلی و العبدلی، 1993: 166)

## 2. 3. 2 ڕەفتاری بەکاربەر (السلوك الاستهلاکی)

ڕەفتاری بەکاربەر بریتییە لە تێرکردنی ئارەزووەکانی تاك لە هەموو ئەو شتانەی دەیەوێت لە شمەك و خزمەتگوزاریی بەرپێگەیەکی دوور، بە جۆرێکی سەرەکی ڕەفتاری مرۆڤایەتیی دادەنرێت، کە هەموومان بەرجەستەی دەکەین بەسەرجەم شێوە جیاوازو ئاستەکانی ژیانەوە، گوزارشتە لە پوختەی کاری کڕینی شمەك و خزمەتگوزاریی. (حجاب،2004: 286)

"کۆی ئەو کردەوەو هەڵسوکەوتە ڕاستەوخۆو ناراستەوخۆیانەیە، کە تاك پێی هەڵدەستێت بەمەبەستی بەدەستهێنانی شمەك و خزمەتگوزارییەکی دیاریکراو لە کاتو شوێنێکی دیاریکراودا، (الزعبی،2009: 90) لە قۆناغەکانی پرۆسەی بەکاربردن، یاخود کڕیندا، (أبو طعیمة،2007: 160)

ڕەفتاری بەکاربەر کۆی کردارو هەڵسوکەوتی ڕاستەوخۆو ناراستەوخۆیە وەك چالاکییەکی عەقڵی کە تاکەکان پێیهەڵدەستن بەمەبەستی هەڵبژاردن و بەدەستهێنانی شمەك و خزمەتگوزاریی بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانیان، کە بڕیاری کڕینیش لەخۆدەگرێت لە کاتو شوێنێکی دیاریکراودا. (العذیر والساعد، 1998: 6) (عبدالفتاح،1992: 42) لەئاکامی بوونی وروژێنەر و بەئاگاهێنەرێکی ناوخۆیی، یان دەرەکی، وەك ئارەزوو پێویستی لەبەرامبەر ئەو کاڵایانەی نمایش دەکرێن بۆ ئەوەی بڕیاری کڕینی بدات، لەکاتی گەڕانی بەدوای ئەو کاڵایانەی پێشبینیدەکات پێداویستییەکانی پڕبکاتەوە، (الصمیدعی و یوسف،2000: 256)، یاخود هەر وەڵامدانەوەیەکی زارەکی، یان جەستەییە بۆ

کاریگەرییە ناوەکی و دەرەکییەکان، کە ڕووبەڕووی تاك دەبێتەوە بەمەبەستی دروستکردنی هاوسەنگیی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەری. (الصمیدی، 2000: 126)

هەریەك لە (د.شفیق ابراهیم الحداد و د.نظام موسی السویدان) پێیان وایە ڕەفتاری بەکاربەر "لایەنێکە لە لایەنەکانی ڕەفتاری مرۆیی، گوزارشتە لەو ڕەفتارانەی تاك ئەنجامی دەدات لە پلاندانان و کڕینی کاڵاو بەکارهێنانی، واتە پێش کڕین و لەکاتی کڕین و دوای کڕینی". (الحدادو السویدان، 1998: 24)

(د.محمد ابراهیم عبیدات) دەڵێت ڕەفتاری بەکاربەر"ئەو ڕەفتارەیە، کە بەکاربەر ئەنجامی دەدات لەکاتی گەڕان بەدوای کاڵاو شمەکەکان، کڕین و بەکارهێنانی بەرهەمەکان و پێشبینیدەکات پێداویستییەکانی تێربکات بەگوێرەی ئەو توانا داراییەی، کە هەیەتی". (عبیدات، 1997: 51)

ئابووریناسان ڕەفتاری بەکاربەر بەبڕی داهاتەوە پەیوەستدەکەنو پێیانوایە:"بەکاربەر کەسێکە خاوەن ئامانجێکی ئابوورییە بۆ بەکاربردنی شمەك و سودوەرگرتنی لە خزمەتگوزارییەکان، بەمەبەستی بەدەستهێنانی زۆرترین سودی گونجاو".(أبو سمرە،2009: 103)

تاك پێویستی بەزانیارییە لەبارەی ئەو کاڵاو شمەکانەی، کە پێویستی پێیەتی و شیکردنەوەی زانیارییەکانو هەڵبژاردنی گونجاوترینیان، لێرەوە کڕیار هەڵدەستێت بە دیاریکردنی ئەو کاڵایانەی، کە پێداویستیو ئارەزووەکانی تێردەکەن و پڕیدەکەنەوە بەپێی توانای دارایی و کاتی بەردەستی بۆ کرداری کڕین، ئەمەش دەرەنجامی کۆتایی بڕیاری کڕینە. دواجار ئەگەر ئەو کاڵایە پێداویستی کڕیاری تێرکرد، ئەوا دووبارەی دەکاتەوە، بەپێچەوانەشەوە بەدوای جۆرێکی دیکەی کاڵاو شمەکدا دەگەڕێت. (WWW.Qafila.Com,2016)

زۆرێك لە توێژەران و پسپۆڕان وایدەبینن، بەکاربەر کاتێك ڕەفتار دەکات بۆ هەڵبژاردنی ئەو بەرهەمەی دەیەوێت لەنێوان ئەو ژمارە زۆرەی بەرهەمەکاندا، پرۆسەیەکی عەقلانیی هەستیارە. (مصطفي،2004: 31)

کەواتە ڕەفتاری بەکاربەر "کارلێکی پاڵنەرە ناوەکیی و دەرەکییەکانە بەهۆی کۆکردنەوەو وەرگرتن و شیکردنەوەی زانیاریی ڕاستەوە، بەمەبەستی هەڵبژاردنی گونجاوترین بەرهەم لەنێوان ژمارەیەکی زۆری بەرهەمدا بە ئامانجی تێرکردنی پێداویستیی و ئارەزووەکان". (الزعبی،2009: 92)

## 2. 3. 3 جۆرەکانی بەکاربەر

سێ پۆلێنبەندی بۆ جۆرەکانی بەکاربەر دەکرێت، کە دەتوانین بەم جۆرە بیانخەینەڕوو:

### 2. 3. 3. 1 جۆری بەکاربەر بەپێی ئامانج و بازاڕی کاڵاکان (أبو قحف،(د.ت): 478) (یسرا و دعبس،1992: 10) (حەسیب،2014: 15)

1- **بەکاربەری کۆتایی:** ئەو بەکاربەرانەن کەلوپەل دەکڕن بۆ بەکارهێنانی ڕۆژانە، بەرهەمی تاکەکەسی، یان خێزانین، وەك خواردن و خواردنەوەو جلوبەرگ و پێداویستییەکانی ماڵ.

2- **بەکاربەری پیشەسازیی:** تاك، یان کۆمەڵێك کەسن، پێکەوە هەڵدەستن بەکڕینی کەرەستەی خاو، یان کاڵایەکی تەواو، یان نیوە دروستکراو بۆ بەکارهێنان، یان بەرهەمهێنانی کاڵایەك، کە بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت و دووبارە فرۆشتنەوەی لە بازاڕدا، ئەمانە لەبازاڕدا ناتوانن هەموو پێداویستییەکانیان دابینبکەن، واتە لێرەدا کەسەکان لەیەك کاتدا بەکاربەرو بەرهەمهێنیشن.

3- **بازرگان (دابەشکار – نێوەند):** ئەم کەسانە وەك نێوەندێك وان لە نێوان بەرهەمهێنی یەکەم و بەکاربەری کۆتاییدا، جیاوازی ئەمانە لەگەڵ جۆری دووەمی بەکاربەر ئەوەیە، کە بەرهەمە کڕدراوەکان دووبارە لە بەرهەمهێنانەوەی شمەکدا بەکارناخەن، بەڵکو بەهەمان جۆری یەکەمی دەیفرۆشنەوە بە بەکاربەری کۆتایی.

### 2.3.3. 2 جۆری بەکاربەر بەپێی دووبارەبوونەوەی ڕەفتاری کڕین (المیناوی، 1998: 11)

1- **بەکاربەری پێشبینیکراو:** ئەو کەسانەن، کە چاوەڕێدەکرێت کاڵاکە بکڕن و حەزیان بۆ کاڵا ڕیکلامبۆکراوەکە هەیە، بەو مانایەی هەرچەندە زانیاریی تەواو لەسەر کاڵاکە نازانن، بەڵام هەستێکیان تێدایە بۆ ئارەزووی بەکاربردنی کاڵاکە بەبێ ئەوەی لەو بارودۆخەدا هیچ ڕێگرێك هەستپێبکرێت.

2- **بەکاربەری پێشبینینەکراو:** ئەو بەکاربەرانەن، کە ئارەزوویان بۆ کڕین و بەکاربردنی کاڵاکە هەیە، بەڵام پێشبینییناکرێت، کە هەستن بەکڕین و بەکاربردنی ئەو کاڵا ڕیکلامبۆکراوانە.

3- **بەکاربەری ڕاستەقینە:** بەکاربەری بەردەوامی کاڵا ڕیکلامبۆکراوەکانن و دووبارە بەکاری دەبەنەوە، ئەمانە بە کڕیاری ڕاستەقینە دادەنرێن و ڕەفتاری بەکاربردنی ئەو بەرهەمانە لایان جێگیربووە.

### 3.3.3.2 جۆری بەکاربەر بەپێی ژمارە (تاك و کۆ):

1- **بەکاربەری تاك:** ئەو کەسەیە بەتەنها هەڵدەستێت بە گەڕان بەدوای بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان و کڕین و بەکاربردنیان بۆ ژیانی کەسیی و خێزانیی. (عبدالوهاب، 2006: 10)

2- **بەکاربەری کۆ، یان دامەزراوەو کۆمپانیاکان:** هەموو دامەزراوە گشتیی و تایبەتەکان دەگرێتەوە، کە هەڵدەستن بە کڕینی بەرهەمەکان و خستنەوەگەڕی لە بواری بەرهەمهێناندا. (لیلی، 2008: 102)

## 4.3.2 پاڵنەرەکانی پشت ئەنجامدانی ڕەفتاری کڕین و پۆشاکپۆشین

بەبێ تێگەشتن لە پاڵنەرەکان، توێژینەوە لە ڕەفتاری مرۆڤایەتیی ناکرێت، بەوپێیەی جوڵێنەری ئەو ڕەفتارەیە، (راشد،1981: 93 -94) پاڵنەر (الدافعیە Motivation) بریتییە لە "هاندان و جوڵاندن و پاڵنەرێك، کە تەنها لە بواری جەستەییدا کورتناکرێتەوە، بەڵکو بۆ بواری دەروونی و کۆمەڵایەتی فراواندەبێت. گوزارشتە لە زیندووکەرەوە، یان جوڵێنەر، وزە دەبەخشێت بۆ ڕەفتاری مرۆڤایەتیی لەچوارچێوەی ئامانجێکی هەستی و ڕەفتاریی بە ئاراستەی تێرکردنی پێداویستییەکان". (العادلی،2004: 14 -15)

پاڵنەر ئەو وزە فیسیۆلۆژیی و سایکۆلۆژییەیە لەناخی تاکدا هەیەو وایلێدەکات بە چالاکییەکی دیاریکراو هەستێت، ئاراستەی مرۆڤ دەکات، نهێنیی سەرکەوتن پاڵنەرە. (زانا،2013: 27)

فرۆید لە بیردۆزی "پاڵنەرەکانی ڕەفتار"دا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەموو ڕەفتارێکی مرۆڤ پاڵنەرێکی هەیە، یەکەمجاریش ئەم پاڵنەرە هەستییەو لە ناخی کەسەکەدایە، هەموو ڕەفتارێکیش ئامانج و مەبەستێکی هەیە و پەیوەستە بە ڕووداوەکانی ڕابردووەوە، کە ڕوویانداوە، ئەم ڕەفتارەش بەستراوە بە ئەزموونی تاکەوە لە ڕابردوو و خەون و ئاواتەکانی ئایندەی و کاریگەریی ژینگەی دەوروبەری. (الزعبی،2009: 84)

ئەوەی گرنگە زانینی پاڵنەرەکانی هاندانی تاکە کە وایلێدەکات ڕەفتارێکی دیاریکراوی لەلا دروست ببێت و بڕیارێکی گونجاو بدات لە کاتێکی دیاریکراودا کاڵایەك بکڕێت. (ألعبری،2006: 11)

بەکاربەر لە بڕیاری کڕیندا کاریگەر دەبێت بە هۆکاری زۆر، کە بە بارودۆخی ئابوورییەوە پەیوەستن، جگە لە بارودۆخی دەروونیی و جوانکاریی لە ڕیکلامی بەرهەمەکەدا، هەروەها پەروەردەی خێزان و

کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئایینیی، (أبو قحف و احمد، 2006: 74) بۆ نموونە مسوڵمانێك بەهۆی ڕێگری ئایینەوە ڕیکلامی خواردنەوە قەدەغەکراوەکان کاریگەریی لەسەر دروستناکات. لەگەڵ ئەوەشدا "ڕەفتاری کڕین و جۆرو ڕەنگی پۆشاك بە کاریگەرییە کاتییەکان" (الشمیمری،2010: 59) دەگۆڕێت و ڕەفتارێکی جێگیرو دامەزراو نییە.

پاڵنەر چەمکێکی گریمانەییە، واتە ئێمە ڕەنگدانەوەی دۆخەکە دەبینین و هەستی پێدەکەین، نەك خودی دۆخەکە، بە مانایەکی دیکە، ئێمە پاڵنەرەکان نابینین، بەڵام لە دەرەنجامی ڕەفتاری کەسەکان لە کارەکانیان دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە تێیدا ڕێژەی پاڵنەریان بۆ کارەکانیان دیاریدەکرێت. (عزیز، 2011: 65)

سەرچاوەکان پاڵنەرەکانی پشت ئەنجامدانی ڕەفتاری کڕین بۆ دوو کۆمەڵە دابەشدەکەن، کە بریتین لە:

1- **پاڵنەرە خودییەکان (بۆماوەییەکان):** (ڕەمەك، پێداویستییەکان، هەستکردن، فێربوون ،کەسێتی)

2- **پاڵنەرە دەرەکییەکان (وەرگیراوەکان):** بریتین لە (خێزان، سەرکردەی ڕا، کەلتوور، چینی کۆمەڵایەتیی، کۆمەڵەو گرووپەکان).

## 1.4.3.2 پاڵنەرە خودییەکان (بۆماوەییەکان)

ئەو هۆکارانەن، کە پەیوەندییان بە خودی تاکەوە هەیە و کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری بەکاربردنی دەبێت، (الخیر و ناصر،2005: 64)، کە دەرەنجامی ئەزموونی ژیانی کەسەکە نین. (راشد،1981: 103)

**یەکەم/ ڕەمەکەکان (الغرائز):** ئەو پێداویستییانەی مرۆڤن، کە پڕنەکراونەتەوە، هەمیشە بەریەککەوتن ڕوودەدات لەنێوان پاڵنەرە زۆرو جیاوازەکانی مرۆڤدا، کە هێزی کارتێکردنیان لەیەکدی جیاوازە، (العلاق و ربابعە،1998: 424 -425) پاڵنەر هێزێکی شاراوەی بزوێنەرە لە ناخی تاکدا گەشە دەکات و پاڵپێوەنەریەتی و ڕەفتارەکانی ڕێکدەخات و بۆ بەرهەمهێنانی ڕەفتارێکی دیاریکراوو ئەنجامدانی ئاراستەیاندەکات، ئەمەش دەرەنجامی بەریەککەوتنی هەماهەنگی و کاریگەرییە بەرکەوتووەکانی تاکە لەگەڵ پێداویستییەکانیدا، لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە ئەو پێداویستیە هەمان پاڵنەر دروست بکات بۆ کەسێکی دیکە، ئەمەیە سەرچاوەی جیاوازی بڕیاری کڕین. (عبیدات،2004: 76)

**دووەم/ هەستکردن:** بریتییە لە پرۆسەی تێگەیشتنی ژینگەی دەوروبەری مرۆڤ و هەزمکردنی، (العلاق- الربابعە،1998: 432) هەستکردن "بە سادەترین پرۆسە دەروونییەکان دەژمێردرێت، کە لە دەرەنجامی کاریگەریی شتەکان و دیاردەکانی جیهانی دەرەکیی و دۆخی ناوەوەی مرۆڤ دروستدەبێت و ڕەنگدانەوەی لەسەری دەبێت". (عزیز،2011: 44) مەبەست لە وەرگرتن و شیکردنەوەی کارتێکەرە بازاڕگەرییە ژینگەییەکانە لەلایەن بەکاربەرەوە لەڕێگەی هەستەکانییەوە، هەستکردنیش بریتییە لە پرۆسەی هەڵبژاردن و ڕێکخستن و شیکردنەوەی زانیاریی و ئاماژەکان لە ڕێگەی هەستەوەرەکان و پاڵپێوەنەرە بۆ بیرکردنەوەو بیرکردنەوەش پاڵپێوەنەری ڕەفتارە. (عبدالحمید و عبدالحمید، 2006: 217) (الصحن،1988: 128 -129)

**سێیەم/ کەسایەتیی:** ئەو ڕێکخستنە دەروونییەیە هەموو تایبەتمەندییەکان کۆدەکاتەوە لە ئامادەباشی و توانای جەستەیی و هەڵچوون و درککردن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕەفتاری گونجاو لە بارودۆخە جیاجیاکان، بەشێوەیەکی ڕێژەیی لەچوارچێوەی ڕەفتارە هاوشێوەکانی دەتوانین لە داهاتوودا پێشبینیی ڕەفتارەکانی بکەین.(عزیز،2011: 187) کاریگەریی کەسایەتیی، سیستەمێکە تەواو تایبەتمەندییەکانی تاك لەوانی تر جیادەکاتەوە، پەیوەندیی نێوان ئەو تایبەتمەندییانەی، کە یارمەتی تاك دەدات خۆی بگونجێنێت لەگەڵ خەڵك و ژینگەی دەوروبەریدا. (عمر،2002: 114) خێزان بەرپرسیارە لە پرۆسەی پێکهێنانی کەسایەتیی بۆ تاك و سەرپەرشتیکردنی لە ئاراستەکردنی ڕەفتارو کردارو بڕیارەکانیدا، (مستەفا،2009: 54)، کەواتە خودی ئەو پاڵنەرانەی ڕەفتار، هاوکێشەیەکی ئاڵۆزو بەیەکداچوون و کارتێکەری یەکدین.

**چوارەم/ پێداویستیی:** پێویستبوون بە شتێك، یان هەستکردن بە کەم و کورتییەکی دیاریکراو، پاڵنەری تاك دەبێت بۆ ئەنجامدانی ڕەفتاری کڕین و بەکاربردنی بەرهەم و پێداویستییەکان. (ماهر، 1998: 181) ئەبراهام ماسلۆی زانای دەروونناس (Abraham Maslow) لە بیردۆزی پاڵنەرە مرۆڤایەتییەکاندا، پێداویستییەکانی مرۆڤی دابەشکردووە بۆ هەریەك لە پێداویستییە (فسیۆلۆژییەکان - جەستەییەکان، سەلامەتیی و ئارامیی، ئەندامێتی و ئینتیما، پێزانین و ڕێزگرتن، مەعریفە، جوانکارییەکان، هەستکردن بە خود). (الصحن،1988: 128) (عزیز،2011: 70 -71) پێداویستیی مرۆڤ بۆ بەرهەمەکان هێندەیە، کە بیردۆزێکی تایبەتی لەلایەن زانایانی پەیوەندییەوە بۆ داڕێژراوە بەناوی "بیردۆزی بەکارهێنان و تێرکردن"، (نظرية الاستخدام والاشباعات)، ئەم بیردۆزە زیاتر جەخت لەسەر بەکاربەر (وەرگر) دەکات، نەك لەسەر پەیامە میدیاییەکە. داڕێژەرانی ئەم بیردۆزە پێیانوایە:"جەماوەری دەزگا ڕاگەیاندنەکان دەیانەوێت ئامانجێکی دیاریکراو بەدەستبهێنن، کە تێرکردنی

پێداویستییەکانیانە لەچوارچێوەی بەرکەوتنیان بۆ پەیامی ڕاگەیاندراوی پێشکەشکراو، بەجۆرێك بەرپرسیارە بەرامبەر ئەو بەرهەمەی هەڵیدەبژێرێت و بەگونجاوی دەزانێت، ". (البشر،1997: 47 - 48)

**پێنجەم/ فێربوون**[9]**:** پرۆسەیەکی دەروونیی کۆمەڵایەتیی بەردەوامە، لە لەدایکبوونی مرۆڤەوە دەستپێدەکات و تا کۆتایی ژیانی بەردەوام دەبێت، یارمەتی تاك دەدات لە پشتبەستن بە کەسانی دیکەوە بۆ پشتبەستن بەخۆی بگۆڕێت و سەربەخۆ بێت. (محامید،2003: 62)، فێربوون گۆڕانێکی بەرچاوە لە ڕەفتاردا بەهۆی پیادەکاری (ئەزموون – ممارسە)یەکی بەرێژە جێگیر، یان هەموارکردنەوەو ڕاستکردنەوەو گۆڕینی ڕەفتارە. (عەدەس، القتامی،2013: 234) فێروون پەیوەستە بە پرۆسەی بەدەستهێنانی زانیاریی و ئەزموون، کە دەرەنجامی بەریەککەوتنی چەندبارەیەو مرۆڤ دەکاتە خاوەن ڕەفتاری خۆی. (لۆبۆن،2006: 156) بەهۆی ئەزموونی ژیانی تاکەوە گۆڕانکاری بەسەر ڕەفتارو هەڵوێستەکانیدا دێت بەبەردەوامی و ڕێژەیی، ئەگەر ئەزموونی ڕەفتاری کڕین ئەرێنی بێت، ڕەفتارەکە چەندبارە دەبێتەوەو وەك نەریتی بەکاربردنی لێدێت، ئەگەر ئەزموونەکە نەرێنی بێت، ڕەفتارەکە دووبارە ناکەتەوە، (العامری، 2013: 56) لێرەدایە ڕیکلام ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە بڕواپێهێنانی بەکاربەر بۆ کڕینی بەرهەمێکی دیاریکراو و بەردەوامبوون لەسەر ئەو ڕەفتاری کڕینە. (الصحن،1988: 129)

## 2 .4 .3 .2 پاڵنەرە دەرەکییەکان (وەرگیراوەکان)

**یەکەم/ خێزان:** بە ناوکی کۆمەڵ دادەنرێت و کاریگەریی بنەڕەتیی هەیە لەسەر ئەخلاق و بەهاو پێوەرو هەڵوێستەکان، کە ڕۆڵ دەبینن لە دیاریکردنی ڕەفتاری تاکدا، (العلاق و ربابعە، 1998: 435) خێزان لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری بەکاربەردا، کە پایەیەکی سەرەکییە، تێیدا تاك فێری چۆنیەتیی بەدەستهێنانی بەرهەم و مامەڵکردنی لە بازاڕدا وەك بەکاربەرێکی هوشیار دەبێت، دایكوباوکیش وەك بەڕێوەبەری خێزان، ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە ڕەفتاری کڕیندا بۆ ئەندامانی خێزانەکەیان پێش ئەوەی بڕۆنە دەرەوەو کارلێك لەگەڵ کەسانی دیکەدا بکەن.(الصحن،1988: 120) (ادریس و المرسی، 2005: 24) زۆرێك لە تاکەکان شوێنکەوتەی هەمان شێوازی بەکاربردنی بنەڕەتین، کە لە خێزانەکانیاندا پەیڕەوی لێکراوەو بەردەوام دەگەڕێنەوە بۆی تاماوەیەکی دووری تەمەن. (الصحن،1988: 120) هوشیاری خێزان و بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووری لەگەڵ

---

[9]- لێرەدا فێربوون بە واتای بەدەستهێنانی ئەزموون لەو ڕەفتارو کردارانەی مرۆڤ دێت کە بەدرێژایی تەمەنی ئەنجامیاندەدات و ڕووبەڕووی دەبنەوە، ئەزموونکردنی هەر کردارێك، فێروونێکە بۆ ئەو مرۆڤە - توێژەر.

قەبارەو داهاتیدا کاریگەری دەبێت لەسەر ڕەفتاری کڕین، واتە تا قەبارەی خێزان گەورەتر بێت و داهاتیشی زیاتر بێت، ڕەفتاری کڕینی زیاتر دەبێت. (حەسیب، 2014: 15) (الحسن، 2005: 263)

**دووەم/ سەرکردەی ڕا:**"ئیرادەی ئەو ناوکەیە، کە بیروڕاکان خۆیانی پێدا هەڵدەواسن و تێیدا دەتوێنەوە" (لۆبۆن،2006: 187). هەندێك لە بەکاربەران ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لە گواستنەوەی زانیاریی تایبەتیی لەسەر بەرهەم و شمەکێك بۆ یەکێکی تر، لەو ڕووەوە، کە ناسراون بە (سەرکردەی ڕا)، وەك هونەرمەندان و کەسایەتییە بەناوبانگەکان. (العلاق و ربابعە،1998: 436) وەك چۆن ژمارەیەك لە بەرهەمەکان ڕیکلامیان بۆ دەکرێت بەهۆی "پەیوەندی لە ڕێگەی دەمەوە – الاتصال عن طریق الفم – Word of mouth communication" واتە گواستنەوەی زانیاریی تایبەت بە بەرهەم و شمەکێك لە بەکاربەرێکەوە بۆ یەکێکی تر، گرنگیی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ متمانەبوونی زیاتری بەکاربەر بە هاوڕێو کەسە نزیکەکانی زیاتر لە ئامرازەکانی پەیوەندیی و ڕاگەیاندن. (الصحن،1988: 124 -125) سەرکردەی ڕا هێزێکی پێیە دەتوانێت بەهۆیەوە کاریگەریی لەسەر دەورووبەر دروستبکات، بەجۆرێك هەموو مرۆڤێك ناتوانێت ئەو هێزە پیادەبکات. (سابیر،2015: 28)

**سێیەم/ کەلتوور:** لە کۆمەڵە ڕەگەزێکی جۆربەجۆری وەك (زمان و ئایین و مەزهەب و ....هتد) پێکدێت، کە هەرکامیان دەکرێت لە سەردەمێکی دیاریکراودا لایەنی گرنگیی نەتەوە بێت. (سابیر،2003: 20) کەلتوور بۆچوون و بەهاو هەڵوێستەکانەو زۆرێك لە کاردانەوەکانمان دیاریدەکات، کە تاك لە بارودۆخی دیاریکراودا دەینوێنێت، (العلاق و ربابعە،1998: 434) بەو مانایەی کەلتوور "شێوازێکە بۆ ڕەفتار، کە سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵ پەیڕەویدەکەن لە هەمان کاتدا" (الصحن،1988: 115)

کەلتوور بەپێی کۆمەڵگەکان جیاوازە، بناغەی ئەو جیاوازییەش پەیوەستە بە ئایین و ژینگەو ئەو بنەمایانەی کلتوور پێکدەهێنن، لە هەمانکاتدا کاریگەریی دەبێت لەسەر شێوازی ڕیکلامی بەرهەمەکان و تیایدا ڕەنگدەداتەوە، ئەو جیاوازییەش لە شێوازو ڕەفتاری بەکاربردنی تاکەکاندا ڕەنگدەداتەوە. (الصحن، 1988: 115-116) بایەخ و کاریگەریی کەلتوور لە ئاستێکدایە "وەك جیاکەرەوەیەکی شوناس وێنا دەکرێت و بە بنەمای پێکهاتنی کەسایەتیی نەتەوە دادەنرێت" (موحەممەد،2012: 15) لەمڕۆدا ڕۆڵی کەلتوورو کاریگەریی بەسەر ڕەفتارەوە لە ئاستێکدایە، کە وڵاتێکی زلهێزی وەك ئەمریکا "لەڕێگەی ئەو پێشکەوتنە شارستانی و ئابووریو تەکنەلۆژییەی هەیەتی، بەجیهانیبوون بکات بەجۆرێك لە ئەمریکاییبوون". (محەمەد،2014: 42 -43)

**چوارەم/ کۆمەڵەو گرووپەکان:** مرۆڤ بەبەردەوامیی ئەندامە لە چەند کۆمەڵەیەکداو کاریتێکەری دوولایەنەیان هەیە، ئەم ئەندام بوونەش لەپێناوی تێرکردنی پێداویستیی و ئارەزووەکاندایە، ئەو کۆمەڵانەش لە ڕوانگەی ئابوورییەوە گوزارشتن لە چوارچێوەیەکی سەرەکی بۆ تاکەکان لەکاتی بڕیاری کڕیندا، (عابد،2014: 109) لەبەرئەوە تاکەکان دەگەڕێنەوە بۆ ئەم کۆمەڵانە بۆ هەڵبژاردنی ڕەفتارێکی گونجاوی کڕین لەماوەی بەراورودی خۆیان و ئەوانی تر لە ئەندامانی کۆمەڵەکەیان،(العلاق-الربابعه،1998: 436)، یاخود دەکەونە ژێر کاریگەریی کەسانی بەناوبانگی ناو گرووپ و کۆمەڵەکانیان و کاریگەریی لەسەر ڕەفتاری بەکاربردنیان دەبێت. ((الصحن،1988: 124) کۆمەڵەو گرووپەکان بیروبۆچوون و سۆزمەندی و ئەخلاق و خووڕەوشتەکانیان چەسپاندووە. (لۆبۆن،2006: 151) گرنگیی ئەم کۆمەڵەو گرووپانە لەوەدایە "مرۆڤ تێیدا گەشە بەلایەنی هزریو جەستەییو کەسایەتییو کۆمەڵایەتی خۆی دەدات". (عبدالله، 2009: ل32)

**پێنجەم/ چینە کۆمەڵایەتییەکان:** ئەمەش یەکێکە لە پێکهاتە ژینگەییە کۆمەڵایەتییە گرنگەکان، مەبەست لێی ئەو پێگەیەیە، کە تاك و خێزان لە کۆمەڵگەدا هەیانە، کۆمەڵێك پێوەری دیاریکراوی هەنو بەپێی کۆمەڵگەکان دەگۆڕێن، بەوەش پێناسە دەکرێت، کە کۆمەڵێك کەسی تەبان لە ڕووی ڕەفتارو بۆچوونەوە لێکنزیکن. (عنابی، 2003: 143) هەموو چینێکی کۆمەڵایەتیی، خاوەن تایبەتمەندیی هاوبەشن وەك (داهات و هەڵوێست و بیروباوەڕو شێوازی ژیان و .....هتد). (العلاق، الربابعه،1998: 435) گرنگترین بنەمای چینەکانیش (داهات و پیشەو ئاستی زانستیی و خێزانە). (الصحن،1988: 117)

## 5 .3 .2 قۆناغەکانی دروستبوونی ڕەفتاری کڕین و پۆشاکپۆشین[10]

تاك لە سەرەتای ژیانیدا بە کەشی ناو خێزانەوە کاریگەردەبێت، پاشان بە هاوڕێیانی، کە چوارچێوەی بیروباوەڕەکانی بۆ دروستدەبێت و ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەفتاری دەبێت، پاشان بە پەروەردەی قوتابخانەو ڕاگەیاندن کاریگەر دەبێت، پاشان بە پاڵنەرەکانی ژینگە لە بەهاو کەلتوورو عادەتە باوەکانی کۆمەڵگە. لەگەڵ ئەوەشدا تاکەکان بەپێی ئەزموون و زانیاریی و تایبەتمەندیی کەسیی و خێزانیان لەیەکدی جیاوازن. ئەم پاڵنەرانە کارلێك لەگەڵ یەکدی دەکەن بەشێوەیەکی گشتی و کاریگەرییان لەسەر قۆناغەکانی ڕەفتاری کڕین دەبێت. (الصحن،1988: 113)

[10]- قۆناغەکانی دروستبوونی ڕەفتارو بڕیاری پۆشاکپۆشین، هەمان ئەو قۆناغانەن، کە ڕەفتاری بەکاربەری لێوە سەرچاوەدەگرێت.

بەپێی سەرچاوەکان پرۆسەی بڕیاری کڕین و پۆشاکپۆشین بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕدەبێت، کە بریتین لە:

1- **هەستکردن بە کێشە (پێداویستیی):** کاتێك بەکاربەر هەست بە کێشەیەك دەکات، پێداویستییەکی لا دروستدەبێت و پاڵنەری دەبێت بۆ پڕکردنەوەی، بەرهەم و شمەکەکان یەکێکن لە ئامرازە بەکارهێنراوەکان بەپلەی یەکەم لە تێرکردنی پێداویستیی و ئارەزووی بەکاربەران، ژینگەی دەوروبەریش کاریگەریی لەسەر مرۆڤ هەیە لە ڕوونکردنەوەو پێدانی هەل بۆ هەستکردن بە پێداویستییەکانی. (العاصی، 2006: 195).

2- **گەڕان بە دوای زانیاریدا:** هەرکات بەکاربەر هەستی بە بوونی پێداویستییەك کرد، ڕاستەوخۆ دەستدەکات بە کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەمەبەستی پڕکردنەوەی ئەو پێداویستییەو چارەسەرکردنی کێشەکەی، (العاصی، 2006: 195)، لەبەرئەوەی هەر کەموکورتییەك لە زانیارییەکاندا بڕیاری هەڵەی بەدوادادێت، پاشانیش بەرهەمی خراپ و نادروست. (بلّباس،2011: 14) پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیارییەکان لەسەرجەم قۆناغەکانی دروستبوونی ڕەفتارو بڕیاری کڕیندا بەشدارە. (سمان، www.mmsec.com،2008)

3- **شیکردنەوەو دەستنیشانکردنی هەڵوێست:** یەکێکە لە قۆناغەکانی پرۆسەی ڕەفتارو بڕیاردان، کە خۆی لە بوونی پێویستی بۆ بڕیاردا دەبینێتەوە، ڕەهەندەکانی بڕیاریش بریتیین لە (دیاریکردنی سروشتی کێشەو دووبارەبوونەوەیی‌و پاڵنەرەکانی‌و ئەو شوێنەوارانەی لەسەر تاك جێیدەهێڵێت). (بدری واخرون،2008: 22)

4- **دیاریکردنی ئامانجەکان:** یارمەتیدەرە لە هەڵبژاردنی ڕێڕەوی ڕەفتارێکی گونجاو بۆ چارەسەری کێشەکە، لەبەرئەوە بە هەنگاوێکی گرنگ هەژماردەکرێت، ئامانج سەنگێکە لە بڕیارداندا بەکاردەهێنرێت لەسەر ئاستی گونجاویی و سەرکەوتنی بڕیار. (الزغلول و الزغلول، 2003: 325)

5- **دیاریکردنی بەدیلەکان (گۆڕاوەکان - یەدەگەکان):** لەم قۆناغەدا دیاریکردنی گۆڕاوەکان یان بژاردەکان بەڕێوەدەچێت کە کۆتاجار بە یەکێکیانەوە پابەنددەبین، ئەم هەڵبژاردنە لە ڕێگەی زانیاریی و هۆکارەکانەوە دەبێت، هەمیشە هەڵبژاردن لەنێوان گۆڕاوەکاندا لەسەر بنەمای ئەزموونی خودی و پێشوو دەبێت بە ڕەچاوکردنی بۆچوونی شارەزایان و پسپۆڕان. (مستەفا،2009: 48) هەتا یەدەگەکان زیاتر بن، بڕیاری باشتر دەدرێت. (السویدان،2015: 8)

6- **هەڵسەنگاندنی بەدیلەکان (گۆڕاوەکان):** ئەو گۆڕاوانەی پێشنیاردەکرێن و پێیاندەگەین، بەیەك پلە گونجاو نین لە ڕووی باشی و خراپی ئەو کاریگەرییانەی هەیانە، بەکاربەر هەڵدەستێت بە بەراوردکردنی ئەو بەرهەمانەی لەبەردەستدایە لەڕووی نرخ و جۆرێتیی و چۆنێتیی بەدەستهێنانییەوە، دەبێت پێوەرێك دابنێین بۆ دیاریکردنی ئەو کاریگەرییانە، بەو مانایەی دەبێت ئەو گۆڕاوانە بە پرۆسەیەکی هەڵسەنگاندنی ورددا ببرێن. (الزغلول و الزغلول، 2003: 328)

7- **جێبەجێکردنی ڕەفتاری کڕین:** دوا قۆناغی پرۆسەی بڕیارو بەرهەمەکەیەتی، (الزغلول و الزغلول، 2003: 327) واتە تاك هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی ڕەفتارەکەو بڕیاری کڕین جێبەجێدەکات. (عبيدات،2004: 13) بڕیاری کڕین لەوەدا بەرجەستەدەبێت، کە بەکاربەر هەوڵدەدات هەماهەنگیی دروستبکات لەنێوان پاڵنەرەکانی کڕین و تایبەتمەندییەکانی کاڵای مەبەستدا. (صابر،2014: 50)

8- **قۆناغی دوای کڕین و هەڵسەنگاندنی ڕەفتاری کڕین:** کڕیار دوای بڕیاری کڕین، هەڵدەستێت بە هەڵسەنگاندنی پرۆسەکە لە تێرکردنی پێداویستییەکەی، ئەگەر ئەنجامەکەی ئەرێنی بوو، متمانەی بە بەرهەمەکە دروستدەبێت بەجۆرێك، کە کاڵاکە لە ڕووی کارامەییەوە لە ئاستی داواکاریی بەکاربەرەکەدا بێتو دووبارە هەڵدەستێت بە کڕینەوەی دوای بەکارهێنانی، بە پێچەوانەشەوە ڕاستە. (الزعبي،2009: 89) (عبيدات،1995: 13)

## 2. 3. 6 هۆکارو بایەخی لێکۆڵینەوە لە ڕەفتاری کڕین و پۆشاکپۆشین

لێکۆڵینەوە لە ڕەفتاری بەکاربەرو دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی، کارێکی ئەستەمە، ئەمەش بەهۆی گرانی زانین و تێگەشتن لە ناخی مرۆڤ و تایبەتمەندیی و ئارەزووەکانی، لەگەڵ ئەوەشدا ڕیکلام ناتوانێت ڕەفتاری ئەفسانەیی و سەرسوڕهێن لای بەکاربەر دروستبکات. (العلاق و ربابعە،1998: 372)

ڕابەرانی قوتابخانەی ڕەفتاری لە زانستی دەروونناسیدا (ئیڤان بافلۆف، جۆن واتسۆن و پوراندیك، سکینر) جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە "زۆر قورسە بزانین چی لە دەروونی خەڵکاندا دەگوزەرێت، کەواتە هەر دەبێت پشت بە تێبینیکردنی ڕەفتاری دەرەکیی و شرۆڤەکردنی بابەتییانەی ڕەفتارەکانی بوونەوەری زیندوو ببەستین، هەروەك دێتە بەرچاوانی خۆمان و خەڵکانی دیکەشەوە". (ئەلزینی،2012: 33) بەبۆچوونی ئەم قوتابخانەیە، بوونەوەر (مرۆڤ) "ڕەفتارەکانی میکانیکییە، بۆیە دەبێت لەکاتی ڕاڤەکردنی ڕەفتارەکانیدا پەنا ببەینە بەر پاڵنەرەکان". (عزیز، 2011: 32)

**کۆمەڵێك هۆکار لە پشت لێکۆڵینەوە لە ڕەفتاری بەکاربەرەوە هەن، کە بریتین لە:** (الصحن،1988: 110 -111)

1- بڵاوبوونەوەو زیادبوونی چەمکی بازاڕگەریی وەك فەلسەفەی دامەزراوە، بازاڕگەریش بریتییە لە "هەموو ئەو چالاکییانەی پەیوەستن بە دابینکردنی خواستی کڕیارەکانەوە، لەگەڵ دەستکەوتنی قازانج لەو کارەدا" (حەسیب،2015: 14) ئەمەش هەڵدەستێت بە توێژینەوە لە پێداویستییەکانی بەکاربەرو هەوڵی تێرکردنی وەك ئامانجی کۆتایی پڕۆژەکان.

2- زۆرێك لە توێژینەوەکان گەیشتوون بە دەرەنجامێك، کە بەرزبوونەوەی ڕێژەی شکستی ژمارەیەك لە بەرهەمە تازەکان، لە ئەنجامی خراپیی پلانی درێژخایەنی بازاڕگەری لە تێنەگەشتنی ڕەفتاری بەکاربەرو پاڵنەرو ئارەزووەکانییەوە سەرهەڵدەدات، چونکە "بەکاربەر پێگەیەکی گرنگی هەیە لە چالاکیی کۆمپانیاو دامەزراوە بازرگانییەکان، کە کاڵاو بەرهەم پێشکەشدەکەن، ئەو کۆمپانیایانە سەرکەوتوو نابن، ئەگەر بەکاربەر بەرهەمەکەیان بەکارنەهێنێت". (البکری،2008: 32)

3- ئاڵۆزیی پرۆسەی بڕیاری کڕین، ئەمەش بە لێکۆڵینەوە لە چۆنێتیی هەستانی بەکاربەر بە کڕین و لایەن و پاڵنەرەکانی، بەو مانایەی بەکاربەر تەنها کاریگەر نییە بە پاڵنەرەکانی پشت ڕەفتاری خۆیەوە، بەڵکو کاریگەرە بە پاڵنەری پشت ڕەفتاری کەسانی دیکەشەوە.

4- زۆربوونی کاریگەریی گۆڕاوە ژینگەییەکان لەسەر دامەزراوەو تاکەکان، ڕێکخراوەکانی پاسەوانیی و بەرگریی لە بەکاربەر (منظمات حماية المستهلك)و زیادبوونی ڕۆشنبیریی بەکاربەرو ڕێکخستنی کاری بەکاربردن.

ڕەفتاری بەکاربەر لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە بەرهەمهێن لە ڕوانگەی بەکاربەرەوە سەیری کاڵا بکات، واتە تێربوونی پێویست بۆ بەکاربەر بێنێتەدی، (أبو جليل واخرون، 2013: 19) تێربوونیش "نەبوونی هەستکردنە بە پێداویستیی بۆ خواردن و خواردنەوەو پۆشاك و ....، کە مرۆڤ پێویستی پێی بێت"، (قەرەداغی، 2015: 35)، لەبەرئەوەشە توێژینەوە لە ڕەفتاری بەکاربەر پێشکەوت و گرنگی زیادیکردووە.

**دەتوانین بایەخی لێکۆڵینەوە لە ڕەفتاری بەکاربەر لە دوو ڕوانگەی سەرەکییەوە دیاریبکەین:**

- **لەسەر ئاستی تاك:** توێژینەوەی ڕەفتاری بەکاربەر لە بەرژەوەندیی تاکدا دەبێت، چونکە ئەو زانیاریی و داتایانەی، کە وەك بناغەیەکی سەرەکی پشتی پێببەستێت، لە ئەنجامدانی ڕەفتاری کڕینی سەرکەوتوودا بەجۆرێك لەگەڵ تواناکانیدا یەکبگرنەوە، لەهەمانکاتدا یاریدەی تاك دەدات لە دیاریکردنی ئارەزووەکانی بەگوێرەی گرنگی و توانای دارایی و دۆخی ژینگەی دەورووبەری. لەلایەکی دیکەوە، ئەم توێژینەوانە یارمەتیدەری بەکاربەر دەبن بە ڕوونکردنەوەی لایەنە باش و خراپەکانی بژاردەی بەردەمیان لەو بەرهەم و شمەکانەی، کە زۆرترین پێداویستیی و ئارەزوویان تێردەکات. (کاسر، 2006: 64 (الجبوری،2012: 28)
- **لەسەر ئاستی دامەزراوەو کۆمپانیا بازرگانیی و پیشەسازییەکان و ئامرازەکانی پەیوەندیکردن:** دامەزراوەکانی پەیوەست بە بەرهەمهێنانی شمەك و کاڵاو ڕیکلامی بەرهەمەکان، پێویستیان بە توێژینەوەیە لەبواری ڕەفتاری بەکاربەردا، بەتایبەت ئەگەر خۆیان هەستن بە ئەنجامدانی ئەو توێژینەوانەی پەیوەست بە بەرهەمی خۆیان و پێداویستیی و ئارەزووەکانی ئەو بەکاربەرانەی هەنووکەیین، یان دامەزراوە پێشبینییاندەکات بەرەچاوکردنی داهاتووی توانای ماددی و پاڵنەرەکانیان. (عبیدات، 1995: 23) ئەم توێژینەوانە هەڵوێستی بەکاربەر بەرامبەر بە بەرهەمی دامەزراوەکە ڕووندەکاتەوەو بەرچاوڕوونیی دەدەن بە بەرهەمهێنەران دەربارەی پێداویستی و ئارەزووی بەکاربەر. (الجبوری،2012: 27 -28)

## 2. 3. 7 کاریگەری ڕاگەیاندن و ڕیکلام لەسەر ڕەفتاری کڕین و پۆشاکپۆشین

تەکنەلۆژیای نوێ مرۆڤەکان لە بینەرێکی پاسیڤەوە بۆ بینەرێکی ژیر دەگۆڕێت، کە زانیاریی وەردەگرێت و بەرامبەریان هەڵوێستی دەبێت، بەمەش دەوترێت (بەرزبوونەوەی ئاستی ئاڵوگۆڕی زانیاریی لەنێوان بینەرو سەرچاوەی زانیاریدەر)، (کەلاری، 2009: 190) کاریگەریی ڕاگەیاندن لە سەدەی نوێدا لەم ڕوانگەیەوە لەسەر جەماوەر بەرجەستە دەبێت.

ئامانجی سەرەکیی ڕیکلام "گۆڕینی مەیل و ئاراستەو ڕەفتاری بەکاربەرانە تا ئەو ڕادەیەی بەو جۆرە ڕەفتار بکەن، کە زۆرترین ڕەزامەندییان بۆ کاڵاو شمەکەکان هەبێت " (البیاتی و اخرون،2012: 148) ڕیکلامیش تەنها کاریگەریی لەسەر یەك لایەنی بەکاربەر دروستناکات، بەڵکو کار لەسەر چەندین لایەنی زانیاریی و سۆزداریی و ڕەفتاری دەکات. (محمد،2008: 98-99) لەگەڵ ئەوەشدا "ڕیکلام

کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگە هەیە، کۆمەڵگەش کاریگەریی لەسەر بەرهەمی ڕیکلامی دەبێت" (الزعبی،2009: 97)

"ڕیکلام هەڵگری کۆمەڵە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتیی و بازرگانییە، کردارێکیشە لە کۆتاییدا بەسودی وەرگر کۆتایی دێت" (الفقیە، 2005: 61) لەهەمانکاتدا "ڕیکلام بە وتەبێژی فەرمیی چالاکیی بەرهەمهێن و بازرگانەکان دادەنرێت لە گشت کاتو شوێنێکدا" (شمس، 2010: 124)

کاریگەریی ڕیکلام لەسەر جەماوەر لە ئاستێکدایە، کە دەبێتە هۆی "دروستکردنی بابەتێك بۆ گفتوگۆکردن، ئەمەش پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەهێزدەکات" (أبو فارە، 2004: 281) زانایانی دەروونناسی بەجۆرێك دەڕواننە ئەم چالاکییە، کە "ڕیکلامی کاریگەر ئامانجی دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر ڕەفتاری خەڵك لە چەندین لایەنەوە بەرەو ئاراستەیەکی دیاریکراو، تەنها بەبازاڕکردنیش نییە، بەڵکو ئەوەش یەکێکە لە دەرکەوتەکانی ڕەفتاری مرۆڤ، کە ڕیکلام پاڵنەریەتی". (عزب،2012: 181)

ڕیکلام خاوەنی دوو پەیامە، یەکەمیان فرۆشتنی بەرهەمەکەو ساغکردنەوەی لە بازاڕدا وەك پەیامێکی ڕاستەوخۆ، دووەمیان ناڕاستەوخۆیەو کاریگەریی قوڵی هەیە، کە بریتییە لە گشتگیرکردنی داب‌ونەریت و ڕەفتاری ژیان. (الهوس،2006: 308)

ئابووریناسی ئەمریکی (گالبرایس – (Galbraith) لە کتێبی (المجتمع الرفاهیة – Community of Welfare)دا دەڵێت:"ڕیکلام جەماوەر هەڵدەخەڵەتێنێت بە دیاریکردنی داهاتیان و خەرجکردنی لەو بەرهەمانەی، کە پێویستیان پێی نییە" (ألبیاتی و اخرون،2012: 143) هەوڵدەدات بۆ خەڵەتاندنی بەکاربەر بەبەکارهێنانی ئەو بەرهەمەو سودوەرگرتنی لە خزمەتگوزارییە بەردەستەکان، هەروەها کاردەکات لەسەر ڕاکێشانی سەرنجی تاکەکان و ناساندنی بەرهەمەکان پێیان، پاشان بڕواپێهێنانیان لەگەڵ ڕەچاوکردنی بەهاو پێوەرو ئاراستە دەروونییەکان. (المبیضی، 2001: 52)

ڕیکلام خاوەن ڕەهەندێکی پەروەردەیی قوڵە بەپێوەرە هاوچەرخەکانی پەروەردەی تەندروست، کە هەمیشە جەخت لەسەر پەروەردەکردنی کەسێتییەکی کامڵ و دەروونددروست و خاوەن ڕەفتاری ئاسایی و ئایندەی گەش بۆ منداڵ و لاوان دەکات. (ڕەسوڵ،2013: 139) کاریگەریی ڕیکلام تەنانەت لەدوای ڕەفتاری کڕینیشەوە هەر بەردەوام دەبێت، بەجۆرێك، کە "بەکاربەر هەوڵدەدات توانای خۆی بزانێت لەوەی بڕیاری کڕینەکەی دروستە، یاخود دروست نییە، هەوڵدەدات بۆ نزیککردنەوەی گومانەکانی لە ڕاستیی

و دڵنیایی لەسەر ڕادەی گونجاوی بڕیاری کڕینەکەی، هەمیشەش دەگەڕێت بەدوای ئەو زانیارییانەی، کە لەسەر بڕیارەکەی دڵنیایی پێدەبەخشن " (العالم، 1998: 47)

تەلەفزیۆن بوو، کە ڕیکلامی کردە پێویستییەکی ڕۆژانەی بینەرەکانی، کە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر بەکاربەر هەبێت (محمدیان،2014: 13) ئەمەش لە سایەی گەشەی بەردەوام لە بواری پەیوەندییەکاندا، بەتایبەت دوای فرەبوونی ئەرکەکان لە بواری بازرگانیی و سیاسیی و گەشەپێداندا، (عباس،2012: 62) بەجۆرێك وەك هەواڵ و بەرنامەکان چاوەڕوانی کاتی ڕیکلامەکانیش بن لە تەلەفزیۆن.

ڕیکلام دەماری ژیانی هەموو ئابوورییەکی ئازادە، ڕۆشنبیری بە بەکاربەر دەدات لەسەر بەرهەم و هانی دەدا بۆ بەکاربردنی بەرهەمەکە، بەکاربەریش هیچ بەرهەمێك ناکڕێت، تا نەیناسێت، ڕیکلامیش بەتایبەت لە تەلەفزیۆندا یەکێکە لە هۆکارە کاریگەرەکانی ڕۆشنبیریی و ئابووریی لە کۆمەڵگەدا، تەنها ئاراستەمان ناکات بۆ کڕینی بەرهەمێکی دیاریکراو، بەڵکو تێڕوانینمان بۆ ژیان دیاریدەکات. (عزب،2012: 178)

دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بەتایبەت تەلەفزیۆنەکان، کاریگەرییان لەسەر جۆرو شێوازی پۆشاکپۆشینمان دەبێت، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئەو بەرنامانەی، کە ئاماژەی ڕیکلامیان بۆ پۆشاکەکان و مۆدێلات تێدایە، یاخود لە ڕێگەی کەسایەتییە ناسراوەکانی بواری سینەماو وەرزشو هونەرمەندانەوە لە بەرنامە جیاوازەکاندا، بەتایبەت دوای بڵاوبوونەوەی ئەو ژمارە زۆرەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن. (رشید،2007: 19) تەنانەت لە ڕێگەی فیلمە سینەمایی و دراماکانیشەوە. بەو پێیەی، کە "تەلەفزیۆن لایەنێکی زۆری بەرنامەکانی سەبارەت بە ژنان بۆ لایەنەکانی جوانکاریی و ڕوکەش وەك جلوبەرگ و ماکیاژ تەرخاندەکات، زۆربەی جاریش ئافرەت زۆر بەو کاڵایەوە دەنوسێت، کە بانگەشەی بۆ دەکرێت. ". (بەدەوی،2014: 159 ، 165) ئەو بەرنامانەی تەلەفزیۆنن، کە کاریگەریی لەسەر ستایل و شێوازی جلوبەرگ دادەنێن. ئەمەش ڕادەی کاریگەریی ڕیکلامی پۆشاکمان بۆ دەردەخات بەسەر گەنجان و بەتایبەتیش کچانەوە.

دەزگاکانی ڕاگەیاندن "لە ئامرازە سەرەکییە ڕاستەوخۆکانی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری پۆشاکپۆشین دادەنرێن، بەتایبەت لەلای گەنجان، کاریگەرترینی ئەو ئامرازانەش تەلەفزیۆنە". (رشید،2007: 196)

بەپێی توێژینەوەیەکی مەیدانیی (نجاة محمد فرج) بەناونیشانی (ألتنشیئة الاستهلاکیة - لدی الاسر ذات الدخل محدود) لەشاری سلێمانی لەساڵی 2005 ئەنجامدراوە "(66%)ی منداڵانی

بەشداربووانی توێژینەوەکە بایەخیان بە کڕینی پۆشاك داوە (34%)ی منداڵی بەشداربووان بایەخیان بە (یاریی و پێداویستیی قوتابخانەو جوانکاریی)داوە" (فرج، 2006: 178) ئەمەش مەودای گرنگیی و بایەخی پۆشاکمان بۆ دەردەخات لای تاکی کۆمەڵگەی کوردی. هەر بەپێی هەمان توێژینەوە "دەزگاکانی ڕاگەیاندن کاریگەرییان لەسەر (63,3%)ی منداڵانی بەشداربووانی توێژینەوەکە هەیە، (32%) تاڕادەیەك، تەنها (4,6%) کاریگەریی دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان لەسەر نییە". (فرج،2006: 175)

بەپێی توێژینەوەیەکی دیکە لە شاری سلێمانی لەلایەن (امید محمد حسین) لەساڵی (2015) بەناونیشانی (تحليل الاقتصادي لاثر الاعلان التجار في سلوك المستهلك) ئەنجامدراوە، (89,2%)ی بەشداربووانی توێژینەوەکە بۆچوونیان وایە، کە "لەکاتی بەدەستهێنانی هەر زیادەیەك لە داهاتیان، ڕێژەی زۆری ئەو داهاتە تەرخاندەکەن بۆ (خۆراك و پۆشاك و شوێنی نیشتەجێبوون و خوێندن و پەروەردەو خۆشگوزەرانی)" لە ڕێژەی (89,2%)ەکەش (27,6%) یان زیادەی داهاتیان لە کڕینی پۆشاکدا خەرجدەکەن. (حسين،2015: 154-155) کەواتە ڕێژەی خەرجکردنی داهاتی تاك لە هەرێمی کوردستاندا بۆ پۆشاك، ڕێژەیەکی بەرزە، بەڵام لە توێژینەوەیەکی دیکەدا دەرکەوتووە، کە "ڕێژەی (33.6%)ی ئافرەتان پێداویستیی خۆیان لە جلوبەرگ و زێڕ لە ڕێگەی ڕیکلامی تەلەفزیۆن و گۆڤارەکانەوە دەکڕن، بەڵام (18%)ی دوای، کڕینی وا هەست دەکەن هەڵخەڵەتێنراون و پەشیماندەبنەوە". (حمد،2013: 88)

یەکێك لە دەرەنجامەکانی توێژینەوەکەی (ولد موسى حسينة) بەناونیشانی (ظاهرة الموضة – دراسة حالة اللباس النسوى) لە ساڵی خوێندنی (1999-2000) ئەنجامیداوە، ئەوەیە کە "ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی بیستراو و بینراو، کاریگەرییان لەسەر ڕەفتارو بۆچوونی تاکەکان هەیە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی جۆری پۆشاکەکانیان"، ئەم کاریگەرییەش لە ڕێگەی ڕیکلام و بەرنامەو فیلم و دراماکانەوە دروستدەبێت.

کاریگەریی ڕیکلام و ڕاگەیاندن لە ئاستێکدایە، کە لەنێوان چوار بژاردەدا ڕێژەی (50%)ی گرتووە لە کاریگەریی بەسەر خوێنێندکارانی زانکۆوە، وەك لە توێژینەوەی (بوتقر ابت رشيد)دا بە ناونیشانی (ظاهرة الاهتمام باللباس عند شباب الجامعي)، کە توێژینەوەیەکی مەیدانییەو لە ساڵی (2007) ئەنجامیداوە، دەربارەی "دیاردەی بایەخدانی گەنجانی زانکۆ بە پۆشاکپۆشین"، لە توێژینەوەکەیدا ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەکەی بە ڕێژەی "(50%) هۆکاری بایەخدانیان بە پۆشاکپۆشین بۆ کاریگەری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەگێڕنەوە". (رشيد،2007: 140)

## 2. 3. 8 گرنگترین مۆدێلەکانی توێژینەوە لە ڕەفتاری بەکاربەر

هەر تاکێك پێکهاتەیەکی دەروونیی تایبەت بەخۆی هەیە، هەر کەسێك بەپێی ئەو بەهاو پێکهاتەو ئاراستەیەی هەیەتی، وەڵامی کاریگەرییەکان دەداتەوە، بۆیە ئاسان نییە بەشێوەیەکی ورد پێشبینیی ڕەفتاری بەکاربەر بکەین، لەبەرئەوەی بەردەوام گۆڕانی بەسەردا دێت، بە گۆڕانی شێوازی ژیان لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دیکە. (المساعد،1998: 132-133)

مۆدێلی زۆر بۆ توێژینەوە لە ڕەفتاری بەکاربەر لە بواری (ئابووریو کۆمەڵایەتیو دەروونناسی)دا دانراوە، زۆری ئەو مۆدێلانەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، کە بریتین لە: (الصحن،1988: 134)

1- ئاڵۆزیی ڕەفتاری بەکاربەرو زۆریی پاڵنەرەکانی و جۆراوجۆرییان.

2- جیاوازیی بیردۆزەکانی توێژینەوە لە ڕەفتاری بەکاربەرو هەوڵدان بۆ ڕاڤەکردنی.

3- فراوانیی سنوری توێژینەوە لەم بوارەدا.

### گرنگترین مۆدێلەکانی توێژینەوە لە ڕەفتاری بەکاربەر دەکرێن بە دوو بەشەوە:

### 2. 3. 8. 1 مۆدێلی ئابووریی بۆ ڕەفتاری بەکاربەر (الصحن،1988،134)

ئابووریناسان یەکەمین بوون لە ڕاڤەی ڕەفتاری بەکاربەردا، هەوڵەکانی خۆیان خستەگەڕ لە بەکارهێنانی هەندێك ئامرازی شیکاری ئابووریی بۆ ڕاڤەی ئەم جۆرە ڕەفتارە. بیردۆزی ئابووریی بۆ ڕەفتاری بەکاربەر جەخت دەکاتە سەر چەمکی پیاوی ئابووری بە چەند گریمانەیەك:

1- بەکاربەری تاك یەکەیەکی شکارییە دەتوانین بە کەسێکی خاوەن بڕیار وەسفیبکەین.

2- بڕیاری کڕین ملکەچی دۆخی دارایی گونجاو دەبێت، بەجۆرێك بەکاربەر دەیەوێت پێداویستییەکانی بە داهاتی بەردەست پڕبکاتەوە.

3- مۆدێلی ئابووری، پێکدێت لە چوار گۆڕاوی کاریگەر لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر، بریتین لە (داهاتی بەردەست، پێداویستیی بەکاربەر، ئامانجی بەدەستهێنانی بەرزترین سودی چاوەڕوانکراو، ژینگەی دەورووبەری بەکاربەر).

ئەم مۆدێلە ئابوورییە، باس لەوە دەکات، کە "بەکاربەر ڕەفتاردەکات بەپێی بەرژەوەندیی و هەوڵدەدات بۆ بەدەستهێنانی گەورەترین سودی بەردەست".

## 2. 3. 8. 2 مۆدێلی کۆمەڵناسی و دەروونناسی بۆ ڕەفتاری بەکاربەر

### 2. 3. 8. 2. 1 مۆدێلی کاتۆنا (The Katona Model) (G.Rational, 1953:29-53)

"ڕەفتار دەرەنجامی کارلێکە لەنێوان تاك و ژینگەکەیدا، هەست بە کاریگەرییەکانی دەکات، لەگەڵ خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی بەکاربەر لەڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە، ئەو کارلێکە لەنێوان ژینگەو خەسڵەتەکانی تاك لە دۆخێکدا ڕوودەدات، دەکرێت یاریدەدەر، یان ئاستەنگ بێت بۆ ڕەفتارەکە".

کاتۆنا ڕەفتار وابەستەی سێ گۆڕاوی سەرەکی دەکات، کە بریتین لە:

1- **گۆڕاوە پاشکۆ (شوێنکەوتەکان):** مەبەست لێی وەڵامدانەوەیە، بە ڕەفتارێکی دیاریکراو دادەنرێت و لەشێوەی کڕین، یاخود نەکڕینی بەرهەمەکەدا بەرجەستەدەبێت.

2- **گۆڕاوە سەربەخۆ (جێگیرەکان):** بۆ دوو کۆمەڵ دابەش دەبێت و کاریگەرییە دەرەکییەکانیشی پێدەگوترێت:

1- کاریگەرییە ئابوورییەکان: بریتییە لە داهاتە داراییە بەردەستەکان، کە بەکاربەر دەستی دەکەوێت.

2- کاریگەرییە گشتییەکان: هەموو ئەو پاڵنەرانەی پەیوەندی بە ژینگەی گشتیی تاکەوە هەیە دەگرێتەوە.

3- **گۆڕاوە کارتێکەرەکان:** هەموو پێکهاتەیەکی بوارە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی بەکاربەرە، وەك ئاراستەو پاڵنەرو پێشبینی و نەریتەکان و.....هتد، ئەم گۆڕاوانە، ڕۆڵی سەرەکی لە دروستکردن و ئاڵوگۆڕکردنی پەیوەندییەکان لە نێوان گۆڕاوە جیاوازەکاندا دەبینن. لێرەدا دەبینین کاتۆنا ڕەفتاری بەکاربەر بە دەرەنجامی کارلێکی نێوان ژینگەو تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ دەبینێت لەڕووی کۆمەڵایەتیی و دەروونییەوە، ئەم کارلێکەش لە دۆخێکدا ڕوودەدات، کە ڕەنگە هەلی کڕین بڕەخسێنێت، یاخود بە پێچەوانەوە.

لەسەر ئەو بنەمایانەی سەرەوە، پەیوەندیی نێوان بەکاربەرو ڕەفتاری کڕین بەم شێوەیە وێنا دەکرێت:

1- کاریگەرییەکان بەرێگەی جۆراوجۆر دەگەنە بەکاربەر.

2- گۆڕاوە کارتێکەرەکان بە ڕۆڵی خۆیان هەڵدەستن لە دیاریکردنی سروشتی کاریگەرییەکان لەسەر بەکاربەر.

3- لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانەی دەستیدەکەوێت لە ژینگەی دەوروبەری، پرۆسەی دووبارە ڕێکخستنەوەی لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونیی بەکاربەر ڕوودەدات.

4- لە ئەنجامی پرۆسەی بیرکردنەوە، دووبارە گۆڕاوە کارتێکەرەکان لە شێوەی ئاراستەو پاڵنەرو تێگەیشتندا دەردەکەونەوە بۆ دیاریکردنی ڕەفتارێك لەسەر بەکاربەر بۆ کڕین، یان ڕەتکردنەوەی کاڵاکە.

5- دەرەنجامی ئەو کارلێکە بۆ ڕەفتار گۆڕانکاری لە تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکاندا دێنێتەکایەوە.

کاتۆنا کۆتایی مۆدێلەکەی بە جەختکردنە سەر گرنگیی بەکاربەر وەك دیاریکەری چۆنیەتیی هەستکردن بە کاریگەرییەکان دەهێنێت، هەر خۆیشی دیاریکەری ڕەفتارەکەیە، ئەو زانیارییانەی، کە لەگەڵ هەستەکانی تاك و دۆخی دەروونی و ئاراستەو پاڵنەرەکانیدا یەکدەگرنەوە، بە کاریگەرییەکی کارا هەژماردەکرێن، ئەو کاریگەرییانەشی، کە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی تاکدا یەکناگرنەوە کاریگەری لەسەر ڕەفتاری تاك نابێت و ناتوانێت بەرەو ئەنجامدانی رەفتاری کڕین ئاراستەیبکات.

## 2. 3. 8. 2. 2 مۆدێلی لازارسفێلد (The Lazarzfeld Model) ( Lazarsfeld,1935:26-38)

ڕەفتاری بەکاربەر لە ئەنجامی کارلێکی لەگەڵ ئاوێتەیەك لە گۆڕاوی ژینگەیی و دەروونیی و کۆمەڵایەتیی دروستدەبێت، وەك گۆڕانی ڕەفتاری بەکاربەر بۆ کڕینی کاڵایەك لە بری کاڵایەکی دیکەی هاوشێوە، هەندێکجار ئەو گۆڕاوە تەنها لە ناخیدایە، هەندێکجاریش لە ڕواڵەت و ڕەفتاریدا دەردەکەوێت، لەبەرئەوەی بەبەردەوامی ئەو کارلێکە زنجیرەیەك گۆڕانکاری لە پێکهاتەی دەروونیی و کۆمەڵایەتیی و ڕەفتاری بەکاربەردا دێنێتەئاراوە. ئەم مۆدێلە گریمانەی ئەوە دەکات، پرۆسەی هەڵبژاردن دوو کۆمەڵە گۆڕاو و دوو پاڵنەری لە پشتەوە بێت:

**کۆمەڵە گۆڕاوی یەکەم: پەیوەستە بە بەکاربەرو ئەم پاڵنەرانە لەخۆدەگرێت:**

1- پاڵنەرەکان، گوزارشتە لەو هێزە ناوخۆییانەی ڕەفتار دیاریدەکەن، بەپێچەوانەشەوە دڵەڕاوکێ و ناهاوسەنگیی لە ناخی تاکدا دروستدەکەن، لێرەدا ئەنجامدانی ڕەفتار یەکلاکەرەوە دەبێت و ئامرازێکە بۆ ڕزگاربوون لە دڵەڕاوکێ و دووبارە بەدەستهێنانی هاوسەنگیی.

2- ئەو ئامرازانەی، کە مرۆڤ لەکاتی ڕەفتارکردنیدا بەکاریاندەهێنێت، وەك ئامرازە ماددییەکان لەشێوەی توانای جەستەیی، یان مەعنەوی وەك مەعریفەو هێزە کلتوورییەکانی تاك.

**کۆمەڵە گۆڕاوی دووەم: بە ژینگەوە پەیوەستە و بریتییە لەم پاڵنەرانە:**

1- کاڵا بەردەستەکان و تایبەتمەندییەکانیان.

2- تایبەتمەندیی شوێنی فرۆشتن و کاریگەرییەکانی وەك ڕیکلام، سەرنجڕاکێشان و بازاڕگێڕیی.

3- کاریگەرییەکانی دیکەی وەك شیکردنەوەی ئابووریی و پاڵنەرەکانی لاساییکردنەوە.

## 2. 3. 8. 2. 3 مۆدێلی مارش و سیمۆن (The March and Simon MODEL) (March and Simon,1958:106-108)

ڕەفتاری بەکاربەر لە بواری کڕین و بەکاربردن بەشێوەیەکی بەشبەشکراو لەلایەن پاڵنەرە دەروونییە سەرەکییەکان دیاریدەکرێت، بۆ ئەوەی شیکردنەوەیەکی دروست بۆ ڕەفتار بکەین، پێویستە توێژینەوەیەکی وردی پێکهاتەی دەروونی بەکاربەر بکەین، گرنگترین ئەو گۆڕاوانەی لەم مۆدێلەدا خراوەنەتەڕوو بریتین لە:

1- هەستکردنی بەکاربەر بە بوونی جۆرێکی تری هەمان کاڵا.

2- ئارەزووی بەکاربەر بۆ گەڕان بەدوای جۆری کاڵای هاوشێوەی.

3- ئاستی ڕەزامەندیی و تێربوون لەو کاڵایەی، کە بەکاربەر لە ئێستادا بەکاریدەهێنێت.

4- بوونی کاڵای هاوشێوەی قبوڵکراوی دیکە لە بازاڕدا.

5- پاڵنەرەکان بۆ گۆڕینی کاڵا هاوشێوەکە.

**لێرەوە وێنەی پرۆسەی بڕیار دەکرێت لەکاتی گۆڕینی کاڵای هاوشێوەی بەکارهاتوودا:**

**یەکەم:** بەکاربەر ئارەزووی لە کاڵایەك هەیە، کە ئێستا هەیەتی، بڕیاری گۆڕینی کاڵاکەش لەسەر ئەو ئارەزووەی وەستاوە، کە ئێستا هەیەتی بۆی.

**دووەم:** ئارەزووکردن لە گۆڕینی کاڵای ئێستا لەسەر ئاستی ڕەزامەندی وەستاوە لەو کاڵایە دوای بەکارهێنانی.

**سێیەم:** ئاستی ڕەزامەندی بەکاربەر لەسەر ئەو کاڵایەی بەکاریدەهێنێت، دەوەستێتە سەر ئەو پێشبینیی و چاوەڕوانییەی سەبارەت بەو کاڵایە هەیەتی، کە چەند دەتوانێت پێداویستییەکانی پڕبکاتەوە و تێریبکات.

**چوارەم:** ئاستی پێشبینیی و چاوەڕێکردنی بەکاربەر پەیوەستە بە ئەزموون و شارەزایی سەبارەت بەو کاڵایەی، کە بەکاریدەهێنێت و هاوشێوەکانی کە پێشتر بەکاریهێناون.

**پێنجەم:** ئاستی ئاگایی بەکاربەر لە کاڵای هاوشێوەی دیکە لەسەر ئاستی ئەو کۆششەی بەکاربەر خەرجی دەکات بۆ دۆزینەوەی کاڵایەکی دیکەی هاوشێوە وەستاوە، بە دەستەبەربوونی کاڵا هاوشێوەکانی دیکە.

**ئەم مۆدێلە چەند خاڵێکی دیاریکردووە، کە ڕەفتاری بەکاربەر ئاراستە دەکەن، کە بریتین لە:**

1- چەند ئاستی پێشبینیکردن بەرزبێت، ئەوەندە ئاستی ڕەزامەندیی لەو کالآیەی بەکاریدەهێنێت، کەمدەبێتەوە.

2- چەند ئاستی ڕەزامەندی کەمبێتەوە لەسەر کالآی بەکارهێنراو، گەڕان بەدوای کالآی دیکە زیاددەکات.

3- چەند تێکڕای کۆششکردن زیادبێت، هەستکردنی بەکاربەر بەکالآی دیکە زیاتر دەبێت.

4- چەند ئاستی هەستکردنی بەکاربەر بۆ کالآکانی دیکە زیاتربێت، هێندە ئاستی پێشبینیکردن زیاتردەبێت.

## 2. 3. 8. 2. 4 مۆدێلی نیکۆسیا (مأمون،2011: 253 -254)

**مۆدێلەکەی نیکۆسیا لە پرۆسەی کڕیندا چوار بواری یەکدی تەواوکەر لەخۆدەگرێت:**

**بواری یەکەم:** لە دوو بواری لاوەکیدا خۆی دەبینێتەوە. یەکەمیان گریمانەی ئەوە دەکات، کە بەکاربەر پەیامی ڕیکلامەکە دەبینێت، ئەمەش کلیلێك دەبێت بۆ کردنەوەی دەرگای بواری لاوەکیی دووەمیان کە بریتییە لە تایبەتمەندیەکانی بەکاربەرو زانیارییەکانی پێشووی سەبارەت بە ناوەڕۆکی پەیامی ڕیکلامەکە، کاتێك کۆتایی دێت کاریگەریی بەجێدەهێلێت لە دروستکردنی هەلۆێستی بەکاربەر بەرامبەر بە بەرهەمە ڕیکلامبۆکراوەکە.

**بواری دووەم:** بریتییە لە گەڕان بە دوای ئەو کالآیانەی کە ڕیکلامیان بۆ کراوەو هەلسەنگاندنیان لەگەلّ کالآ هاوشێوەکانیان، لەم کاتەدا پالنەر بۆ کڕینی کالآ دیاریکراوەکە دروستدەبێت.

**بواری سێیەم:** لەم بوارەدا پالنەر هەنگاوێکی گرنگ دەهاوێت و لە دۆخی هێزەوە دەڕواتە دۆخی جولەو کردارەوەو بۆ ڕەفتار دەگۆڕێت، بەکاربەر بڕیاری کڕینی کالآ دیاریکراوەکە دەدات.

**بواری چوارەم:** بریتییە لە ئەنجامی کڕینی پێشوو، ئەم ئەنجامەش وەك ئەزموون و شارەزایی لای بەکاربەر دەمێنێتەوەو بەشێك دەبێت لە فێربوون، بەشێوەیەك ئەگەر بەرهەمەکە لەئاستی پێشبینییو چاوەڕوانیەکانییدا بێت، ئەوا جۆرێك لە متمانەی بۆ دروستدەبێت و ڕەفتاری کڕینەکەی دووبارەدەکاتەوە، بەپێچەوانەشەوە ڕاستە.

## 2. 3. 8. 2. 5 مۆدێلی دوزنبێری The Duesunberry Model

(Duezenberry,1949:50-110)

ئەم مۆدێلە جەختدەکاتە سەر ڕاڤەکردنی ڕەفتاری بەکاربەر لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵایەتییەوە، واتە "ڕەفتاری بەکاربەر خاوەن تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتییە".

بەکاربەر لە ماوەی وەرگرتنی هەڵوێست بۆ بڕیاری کڕین و ڕەفتاری بەکاربردن، ئازادییەکانی چوارچێوەدار دەکرێت لە ناو گۆڕاوەکانی توانای بەرهەمەکە بۆ بەکارهێنانی بۆ هەر مەبەستێك. واتە مەبەستی کۆتایی لە ڕەفتاری بەکاربەر، تەنها کڕینی بڕێکی دیاریکراو لە بەرهەم و کاڵاکان نییە، وەك گریمانەی مۆدێلی ئابووری وادەڵێت، بەڵکو ئەوە هەڵبژاردنی ئاستی توانای ویستراوە لە سنوری داهاتی بەکاربەرو ئارەزووی بۆ پاشەکەوتکردن.

لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە، دیاردەی بەکاربردن هەمیشە هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی بەرزترین ئاستی کاڵاو شمەك دەدات بۆ بەکاربەر. سەرچاوەی ئارەزووەکانی بەکاربەریش بەڕای دوزنبێری بریتیین لە:

1- سروشتی کۆمەڵگەی هاوچەرخ دەگەڕێتەوە بۆ شێوەیەکی کۆمەڵایەتی (دەوڵەمەند، یان زانستی یان ناوەندێتی و ....هتد)، کە تاکەکانی بەوانە دەناسرێنەوە.

2- ئەو تایبەتمەندییانەش لەشێوەی ئاستی بژێوی بەرزو خۆشگوزەران ڕەنگدەداتەوە.

3- بەرزبوونەوەی ئاستی بژێویی تاکە دیاریکراوەکان لە کۆمەڵگەدا، شێوازێکی بەکاربردنی شمەك و کاڵا وەردەگرێت لە شێوەیەکی بەرزدا.

4- بەرزیی ئاستی بژێویی، ئامانجێکی کۆمەڵایەتی هەیەو لە سنوری خۆیدا بۆ تاکەکانی کۆمەڵ فراواندەبێت.

5- ڕێگایەك دیاریدەکرێت لە بەرامبەر ئەو تاکانەی ئارەزوویان لە باشکردنی ئاستێکی بژێوی هەیە، ئەمەش بەرجەستەدەبێت لە تاکەکانی چینە دیاریکراوە کۆمەڵایەتییەکاندا لە شێوازی بەکاربردنیاندا.

**هەریەك** لەو مۆدێلانەی بۆ تێگەشتنی ڕەفتاری بەکاربەر خراونەتەڕوو، خەسڵەتی تایبەتیی خۆیان هەیەو هەریەکەو لە ڕوانگەیەکەوە هەوڵیداوە شیکاریی بۆ ناوەڕۆکی ڕەفتاری بەکاربەر بکات، دەتوانین لێرەدا چەند خاڵێك لەو مۆدێلانە دەربهێنین:

**یەکەم:** هەریەك لەم مۆدێلانە دەدرێنە پاڵ بیرۆدۆزەکانی زانستە جیاوازەکانی ئابووریی و دەروونناسیی و کۆمەڵناسیی و ڕاگەیاندن.

**دووەم:** مۆدێلەکان لەڕووی ئاستی شیکاری و بەڵگەوە جیاوازن، هەندێکیان ڕاڤەی ڕەفتاری بەکاربەریان لە ڕووی تاکێتییەوە کردووە، هەندێکی تریان جەختیان کردووەتە سەر ڕەفتاری بەکاربەری بەکۆمەڵ.

**سێیەم:** جەختیان کردووەتە سەر کرداری کڕین، بەو پێیەی دەرەنجام و کۆتایی ڕەفتاری بەکاربەرە.

**چوارەم:** ئەو مۆدێلانەی زیاتر کاریان لەسەر بیرۆکەی ئابووریی کردووە، نەیانتوانیوە ڕاڤەیەکی تەاوی کرداری وەرگرتنی بڕیارەکان بکەن.

ئەم مۆدێلانەی خرانە ڕوو بۆ شیکاری ڕەفتاری بەکاربەر بەگشتی لەیەك دەچن، بەڵام لە قوڵبوونەوە لە ڕاڤەی ڕەفتاری بەکاربەردا جیاوازن، هەردوو مۆدێلی (کاتۆنا، لازارسفێڵد) بایەخیان بە لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونی ڕەفتاری بەکاربەر داوە، مۆدێلی (مارش و سیمۆن) جەختی لەسەر دۆخی دەروونی بەکاربەر کردووەتەوە، مۆدێلی (دوزنبێری) لە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە شیکاری بۆ ڕەفتاری بەکاربەر کردووە، مۆدێڵی (نیکۆسا) لە ڕوانگەی ڕیکلام و گەیاندنی زانیاری لە شێوەی پەیامێکی ڕیکلامیدا بە بەکاربەر شیکاری بۆ ڕەفتاری بەکاربەر کردووە، پاشان باس لە پاڵنەرەکانی پشتی ڕەفتاری بەکاربەر دەکات، واتە مۆدێلێکی (ڕاگەیاندن - ڕیکلام/ کۆمەڵایەتی/ دەروونییە).

توێژەر مۆدێلی(نیکۆسا) بە پەسەند دەزانێت بۆ شیکاری ڕەفتاری بەکاربەرو پشتی پێدەبەستێت لە شیکاری بابەتی توێژینەوەکەیدا.

# 4.2 پۆشاك و كلتووری پۆشاكپۆشین

## 1.4.2 پێناسەی پۆشاك و گرنگییەكەی

لەمێژەوە پێویستیی مرۆڤ بۆ پۆشاك وەك پێداویستییەكی بنەڕەتی تەماشا كراوە لە ڕیزی خواردن و خواردەوەدا، مرۆڤ پشتی بە پۆشاك بەستووە بۆ داپۆشینی جەستەی بە گەڵای درەخت و دواتر بە پێستەو چەرمی ئاژەڵان و دواتر فێری ڕستن و چنینیان بووە. (رشید، 2007: 60)

پۆشاك لە پێناسەی زانایانی پسپۆڕدا بریتییە لە "ناسنامەی گەل، لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی دیكەو لە ناوچەیەكەوە بۆ ناوچەیەكی دیكە جیاوازە، پاڵنەرەكانی كەشوهەواو ژینگەو كۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونی و ئاین و كلتوور كاریگەرییان لەسەری دەبێت لە هەموو شوێنێكدا". (نصر،1998: 13)

پۆشاك دوو لایەنی هەیە، "یەكەمیان كەسییەو دیاریكەری تایبەتمەندیی و جیاكەرەوەیەتی لە كەسانی دیكەو گوزارشتە لە بوون و ئارەزووەكان لە ڕێگەی جۆری پۆشاك و ڕەنگییەوە، دووەمیان كۆمەڵایەتییەو ڕۆشنبیریی و كلتووری تاك و كاریگەرییەكانی بە دەورووبەری دەردەخات". (رشید،2007: 199)

پۆشاك یەكێكە لە پێداویستییە گرنگ و بنەڕەتییە ڕۆژانەییەكانی تاكەكان، لەهەمانكاتدا كاریگەریی لەسەر چالاكیی كۆمەڵایەتیی دەبێت، لە هەموو سەردەمێكدا جێگیرو بەهێز بووە لە ژیانی كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی كۆمەڵگەدا، بەكارهێنانی پۆشاكیش پێش هەموو شتێك پەیوەستی ئەو كۆمەڵگەو ژینگەو كلتوورەیە، كە تاك ژیانی تێدا بەسەردەبات. (عابدین، 1996: 43)

پۆشاك وەرگێڕی "ڕادەی كاریگەربوونی تاكە بە جیهانی دەرەوەی، پەیوەندییەكانی لەگەڵ كەسانی دەوروبەریدا دیاریدەكات، جیاوازییە كەسییەكان دەردەخات لە چوارچێوەی كارلێكی تاكەكان لەگەڵ كۆمەڵگەدا". (رشید،2007: 88)

بابەتی پۆشاك هێندە گرنگ و بایەخدارە، كە لە كتێبە پیرۆزەكاندا بەوردی باسكراوە، تەنانەت هەر لە سەرەتای دروستكردنی یەكەم مرۆڤ (حەزرەتی ئادەم) (علیه الصلاه والسلام) لەلایەن بەدیهێنەرمانەوە، داپۆشینی ئەندامە شەرمهێنەرەكانی جەستەی بە ئامرازێك كەوتە بیریەوە، كاتێك، كە قورئانی پیرۆز وەك یەكێك لە كتێبە مێژووییەكان بۆمان دەگێڕێتەوە، كە " فدلهما بغرور فلما ذاقا الشجرة بدت لهما سوءتهما وطفقا يخصيفان عليهما من ورق الجنة وناداهما ربهما الم انهكما

عن تلكما الشجرة واقل لكما ان الشيطن لكما عدو مبين " (قرأن الكريم، سورەتی الاعراف: ئایەتی22) واتە: "بەهۆی بەجێهێنانی فەرمانی شەیتان و خواردن لە بەری ئەو درەختەی خودا لە ئادەم و حەوای قەدەغە کردبوو، پۆشاکیان لەبەردا لابرا، بۆیە خێرا خۆیان بە گەڵای درەختەکانی بەهەشت داپۆشی بۆ شاردنەوەی ئەندامە شەرماوییەکانی جەستەیان" (کاکە محمود ،2013: 268 -269)

پۆشاك و جلوبەرگ یەکێکە لە نیعمەت و میهرەبانییەکانی خودا خۆی، کە بە ئادەم و نەوەکانی بەخشیوە، وەك لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی بۆ دەکات و دەفەرموێت " یبنی ادم قد انزلنا علیکم لباسا یواری سوءاتکم وریشا ولباس التقوی ذلك خیر ذلك من ءایت الله لعلهم یذکرون " (قرأن الکریم، سورەتی الاعراف، ئایەتی 26) واتە: "ئەی رۆڵەی ئادەم بێگومان ئێمە پۆشکێکمان پێداون، کە جەستەتان داپپۆشێت و هۆی جوانیی و ئارایشتدانە، بەڵام پۆشاکی تەقواو پارێزگاریی و شەرم و کردەوەی باش و دەرنەچوون لە سنورەکانی خودا، ئەوە باشترە بۆتان، دەسا بە تەقواوە پەیوەست بن". (کاکە محمود ،2013: 269) هەروەها خودا دەفەرمووێت " عالیهم ثیاب سندس خضر واستبرق وحلوا اساور من فضة وسقاهم ربهم شرابا طهورا" (قرأن الکریم، سورەتی الانسان،ئایەتی 21) واتە: "لەبەریاندایە پۆشاکێك لە ئاوریشمی نەرمونۆڵ و جوان و سەوزی تەنك، کە بەسەر ئاوریشمی ئەستوردا لەبەریان کردووە، واتە هەم نەرمونۆڵ و هەم قایم و ئەستور، ڕازێنراونەتەوە بە بازن و دەسبەندی زیو بۆ خزمەتکردنیان ........" (کاکە محمود، 2013: 929) ڕاڤەکارانی قورئان دەڵێن: (السندس و استبرق) جوانترین جۆرەکانی ئاورشمن. (السعدی، (د.ت.): 902)

پێغەمبەری ئیسلام (محمد) (صل الله علیه وسلم) فەرمایشتی زۆری هەیە دەربارەی پۆشاك و چۆنێتیی پۆشینی، وەك ئەو فەرمانەی، کە بە هاوەڵانی دەفەرمووێت، "پۆشاکی سپی بپۆشن بۆ ئەوانەی زیندوون و مردووەکانیشتان بە کفن، یان خامی سپی داپۆشن و کفنیان بکەن (علیکم بالبیاض من الثیاب فلیلبسها أحیؤکم وکفنوا فیها موتاکم فانها من خیر ثیابکم)" (ألنووی، 1987: 589)، یاخود لە فەرمایشتێکی دیکەیدا دەفەرموێت "ئافرەتان و پیاوانتان با لاسایی یەکدی نەکەنەوە لە پۆشاکپۆشیندا" (ألزبیدی، 2010: 194). دەربارەی پۆشاك و شێوازو چۆنێتیی پۆشینی جلوبەرگی مرۆڤی مسوڵمان لە ڕێگەی ئامۆژگاریکردنی یەکێك لە هاوەڵاکانییەوە یەکێك لە بنەماکانی دەستوری پۆشاکپۆشین ڕادەگەینێت، کە بریتییە لەوەی "پێویستە جلوبەرگەکانتان هەتا نیوەی هەردوو لاقتان بێت" (ألمنذري،2011: 17)

وەك ئیبن خەلدون دەڵێت "پیشەسازیی پۆشاك و بەرگدووری، بەدرێژایی تەمەن دوو پیشەسازیی پێویستن بۆ مرۆڤ، یەکەمیان بە ڕستن و چنین لە خوری و کەتان و لۆکە ... دووەمیان بۆ ڕێکخستنی

قوماشە ڕێسراو و چنراوەکان و دوورینیان بەپێی جەستەی کەسەکان لە شێوازو جۆریان ...." (ابن خلدون، 2000: 306)

لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە، ئاڵوگۆڕیی پۆشاك بە شێوازو جۆرو پێوانەی جیاواز بەرفراوان بووە لەگەڵ جێگری نرخیدا بەهۆی دەرکەوتنی تەکنەلۆژیای نوێ وەك ئامرازی بەرگدوورین و گەشەکردنی سەرمایەداریی جیهانی لە پیشەسازیی و بەرهەمهێنان، بەجۆرێك گەشەیکردووە، کە ئێستا ماددە خاوەکانی پۆشاك لە وڵاتێك بەرهەمدەهێنرێت و لەوڵاتێکی دیکە ڕێکدەخرێت و دەدوورێت و لەوڵاتی سێیەم مامەڵەی پێوە دەکرێت. لەلایەکی ترەوە، گۆڤارەکانی مۆدێلاتی پۆشاك، چەندین شێوازو ڕێکخستنی جیاوازی پۆشاك دەخەنەڕوو، کە کاریگەریی زۆر لەسەر خەڵك دادەنێن و زۆرترین فرۆشیان هەیە، جگە لەو کاریگەرییە قوڵەی لەسەر ئارەزووەکانی جەماوەر بەجێیاندەهێڵێت. (www.ar.wikipedia.org , 2016)

لەگەڵ بایەخ و گرنگیی زۆری پۆشاکدا ڕۆشنبیری پۆشاکپۆشین هاتووەتەکایەوە، کە "بریتییە لەو زانیاریی و بیرۆکانەی تاك پێی کاریگەردەبێت لە چوارچێوەی پێگەشتنی کۆمەڵایەتیدا، بەرجەستەدەبێت لە شێوازەکانی پۆشاکپۆشین و پێداویستییمان پێی و ئەو هێماو ئاماژانەی، کە لە ڕێگەی پۆشینیەوە دەردەبڕدرێت". (رشید،2007: 25)

گرنگیی و بابەخی پۆشاك کاتێك دەردەکەوێت، کە بە "ناسنامەو تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی گەل" (نصر، 1998: 13) وێنادەکرێت، یاخود خەڵکی بەجۆرێك لە پۆشاك دەڕوانن، کە "ڕەنگدەرەوەو ئاوێنەی کلتوورو ڕۆشنبیری و ناسنامەی کۆمەڵگەیە". (نصر،1998: 13)

کاریگەریی پۆشاك بە ئاشکرا دەردەکەوێت لەسەر لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتیی تاك و پاشان دەپەڕێتەوە بۆ کاریگەریی لەسەر شێوازی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی و کلتوورو نەریت، لەم چوارچێوەیەشدا، خوێندکارانی زانکۆ زیاتر بایەخیان بە پۆشاك و دەرکەوتنیان داوە، کە کەسێتیی و تایبەتمەندییەکانیان دەردەخات، لەگەڵ پابەندیی و چینە کۆمەڵایەتییەکەی. (رشید،2007: 10) بەو پێیەی خوێندکاری زانکۆ تاکێکی کۆمەڵایەتییەو کاریگەر دەبێت بە ژینگەی دەوروبەری لە خێزان و زانکۆو هاوڕێکانی و ئەوەی لە ڕاگەیاندنەوە بڵاودەکرێتەوە، (الاخرس،1998،ص44) لەلایەکی دیکەوە، ئەم تاکە ڕوو لە زۆرێك لە شوێنەکان دەکات و خەڵکیش بۆیان دەڕوانن و "لە چاویاندا نیشانەی پرسیار دروستدەبێت لەسەر پۆشاکەکەی و شێوازی پۆشینی". (فرج،2013، www.Iraqalyoum.net )

پۆشاك پێداویستییەكی بنەڕەتیی مرۆڤە بەدرێژایی ژیانی، بەڵام لەلای هەرزەكارو گەنجان، زیاتر مایەی گرنگیپێدانە، بەهۆی تایبەتمەندیی ئەو تەمەنەی مرۆڤەوە لە چالاكیی و ئارەزووی خۆدەرخستن و نوێكردنەوە، جگە لەوەی، كە ئارەزووەكانیشی جۆراوجۆرن، بە ڕادەی جۆراو جۆریی بەرهەم و شمەك و پۆشاكەكان. جگەلەوەش زانكۆ خاوەن پێگەیەكی كۆمەڵایەتیی تایبەتە، كاردەكات لەسەر پێگەیاندنی توێژێكی تایبەتی ڕۆشنبیری خاوەن پلان بۆ داهاتوو، لێرەشەوە خوێندكاری زانكۆ دەبێت بە خاوەنی پێگەو كەسێتییەكی كۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی بەهێز. (رشيد،2007: 71)

بابەتی پۆشاك و جلوبەرگ لە دوو ڕوانگەوە سەرچاوە دەگرێت، یەكەمیان بە ئارەزوو و هونەرەوە، دووەمیان بە یاساو ڕێسا كۆمەڵایەتیەكانەوە پەیوەستە، هەر شارستانیەتێك بەشی خۆی لە داب‌ونەریتەكانی پۆشاك هەیەو بەپێی كات‌و شوێنی كۆمەڵگەكە جیاوازی هەیە. (الحداد، 1995: 37) هەرچەندە "پۆشاكپۆشین ئازادییەكی تایبەتیی هەموو مرۆڤێكە" (فرج،2013، www.Iraqalyoum.net) لەگەڵ ئەوەشدا " كەمجار پۆشاكپۆشین لەسەر خواستی خۆمانە، بەڵكو پەیوەستە بە ئارەزووی خەڵكیی‌و پێوەرو بەها كۆمەڵایەتییەكانی كۆمەڵگەو ژینگەی دەورووبەرمانەوە، واتە "هەموو شێك بە ئارەزووی تۆیە، بەڵام پۆشاك بە ئارەزووی خەڵكە" (عطية، 1996: 52) ڕووكەش و دەركەوتنیشمان گوزارشتە لە بەهاو پێوەرەكانی كۆمەڵگە، لەرێگەی پۆشاكەوە وەردەگێڕدرێتە سەر ڕەفتارێكی دیاریكراو. رشيد،2007،ص28) لەگەڵ ئەوەشدا شێوەی ژیان و ژینگە و بارودۆخی كۆمەڵایەتی بەهەمەوو جۆرەكانیانەوە، ڕۆڵی گرنگ لە شێوازی ڕێكخستنی جلوبەرگدا دەگێڕن. (عمر، www.Daharchives.alhayat.com،2010)

پۆشاك دەتوانێت جیاوازییە كەسییەكان و هەستە شاراوەكانی ناخی دەروونی مرۆڤ بهێنێتە دەرەوەو لەسەر شاشەی ژیانی كۆمەڵایەتیدا نمایشیبكات، واتە "پۆشاك وەك زمان وایە، هەڵگری چەندین ماناو بۆچوون و ڕوانگەیە، یارمەتیدەرە بۆ پەیوەندیكردن لە ڕێگەی شێوازو مۆدێل و ڕەنگ و ماددەی بەكارهێنراویەوە، بەو جۆرە پۆشاك شێوەی جەستەی كەسەكەو بەشێك لە تایبەتمەندیی و ئارەزووەكانی دەردەبڕێت". (رشيد،2007،ص9) تەنانەت لە ڕێگەی پۆشاكەوە زانیاریی دەدرێت لەلایەن تاكەوە لەسەر كەسێتیی خۆی، كە لەسەر پۆشاكەكە نووسیویەتی، یان دۆخی كۆمەڵایەتیی و ئابووریی كەسەكە دەزانین، یاخود هەندێ پۆشاك نیشانەیە بۆ پیشەی ئەو كەسە، بەتایبەت لە بواری كاری حكومەت و كومپانیاكاندا. بۆ نموونە "ڕەنگی پۆشاكی ڕەش لە زۆرێك لە كۆمەڵگەكاندا هێمایە بۆ خەمباریی و

نارەحەتی دەروون، لەکاتێکدا ڕەنگی سپی هێمای دڵخۆشیی و ئاشتیی و پێکەوە ژیانە".
(www.Iraqalyoum.net,-2016)

## 2 .4 .2 پاڵنەرەکانی پشت پۆشینی پۆشاک لەلای مرۆڤ

لەگەڵ ئەوەی پۆشاکپۆشین هەر لە سەرەتای مرۆڤایەتییەوە هەبووە بۆ پاراستنی جەستەو جوانکاریی، لە هەمانکاتدا بووە بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و بەدرێژایی ژیانی تاك بایەخ و گرنگیی زۆری هەیە، دەکرێت پاڵنەرەکانی پۆشاکپۆشین لەلایەن مرۆڤەوە لەم خاڵانەدا بخەینەڕوو: (رشيد،2007: 67-70)

1- **پارێزگاریکردن لە جەستە:** بارودۆخ و کەشوهەوا ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە هەڵبژاردنی جۆری پۆشاکی تاکەکان بۆ پارێزگاری جەستەیان لە گەرمای هاوین و سەرمای زستان، ئەمەش پێداویستییەکی سروشتیی مرۆڤەو هەر لە سەرەتای هاتنە دونیایەوە پێویستی پێیدەبێت و پڕکردنەوەی ئەو پێداویستییەش بنەڕەتییە. تەنانەت کەشوهەوای ساردو گەرم کاریگەری لەسەر کلتوورو شێوازی پۆشینی جلوبەرگ لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە هەیە، دانیشتوانی ناوچە گەرمەکان زیاتر قوماشی ئاوریشم و تەنك بەکاردەهێنن، لەکاتێکدا خەڵکی ناوچە ساردو کوێستانەکان قوماشی خوری و گەرم بەکاردەهێنن ... تەنانەت بەکارهێنانی ڕەنگی پۆشاك بەپێی وەرز و ناوچەکان جیاوازی هەیە. ناشتوانین کاری پۆشاك تەنها لە پارێزگاریی جەستە لە سەرماو گەرما لەچوارچێوە بدەین، بەڵکو بۆ پاراستنی لە گازو مادده و تیشکە زیانبەخشەکانیش ڕۆڵی گرنگی هەیە.

2- **داپۆشین:** هەست و پێویستیی خۆداپۆشین لە سەرەتای مرۆڤایەتییەوە هەبووە، کۆمەڵگە سەرەتاییەکانیش خۆیان داپۆشیوە، لە پێناو شاردنەوەی ئەو ئەندامانەی جەستەیان، کە دەرکەوتنیان ناشیرین و شەرمهێن بووە.

3- **جوانکاریی و سەرنجراکێشانی خەڵکیی:** پۆشاك یەکێکە لە ئامرازە کاریگەرەکان بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکی، بەتایبەت لەلای توێژی گەنج و هەرزەکاران، کە بە ئارەزووی خۆدەرخستن ناسراون، خەڵکیی جەخت دەکەنە سەر ڕەنگ و جۆری قوماش و شێوازی دوورینی، بەپێی کلتوورو ڕۆشنبیریی و بەهای کۆمەڵگەکان، شێوازی جوانکاریی پۆشاکیان جیاوازدەبێت، ڕواڵەتیش یەکەم شتە، کە دەردەکەوێت لەلای کەسانی دیکەو دەبینرێت، تاکیش هەمیشە بەدوای هۆکارێکدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی باشترو جوانتر لەبەردەم کەسانی دیکەدا دەربکەوێت، لەم ڕووەوە پێگەی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی تاك

ڕۆڵی گرنگی دەبێت، بابەتی جوانکاری جلوبەرگ تەنها پەیوەست نییە بە پۆشاکی دەرەوە، بەڵکو لە پۆشاکی ماڵەوەو خەوتنیشدا ڕەنگیداوەتەوە.

4- **سەرهەڵدانی مۆدێلات:** گۆڕانکاریی و جۆراوجۆریی دروست دەبێت لە پۆشاکدا لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکەو لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە، ئەم جیاوازیی و نوێبوونەوەیەش، بریتییە لە مۆدێل، گەنجانیش ئەو توێژەن، کە زیاتر قبوڵی ئەم بارە دەکەن، بەتایبەتیش خوێندکارانی زانکۆ، ئەمەش بەهۆی فراوانیی چوارچێوەو بازنەی زانستیی و خوێندەواریی و کۆمەڵایەتییانەوە، بۆیە دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەوانەی دەرووبەرو کەسە ناودارەکانەوە، بە سروشتی خۆشیان ئەم کەسانە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن، کە مۆدێلی نوێیە.

5- **بەدیهێنانی خود (کەسێتیی) بنیادنانی کەسایەتیی:** پۆشاک کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر کەسایەتیی هەیە، هەموو تاکێکیش خاوەنی خەیاڵ و بیرۆکەی خۆیەتی لەچوارچێوەی خەون و ئاواتەکانیدا بۆ بنیادنانی کەسێتییەکەی، بۆیە دەیەوێت هەمیشە بینای کەسێتییەکی بەهێز لە ڕێگەی پۆشاکەوە بنێت بۆ شاردنەوەی کەموکوڕیەکانی خۆی، بەتایبەتی لای توێژی هەرزەکارو گەنجان، کە لە هەوڵی بنیادنانی کەسێتی خۆیاندان، چونکە لە تەمەنی گوێڕایەڵیی بۆ فەرمانەکانی سەروی خۆیان دەربازبوون و جۆرێك لە سەربەخۆیی کەسایەتیی و ڕەفتاریی و ئابووریيان وەرگرتووە.

6- **گونجان لەگەڵ دەورووبەر:** واتە وەرگرتنی دۆخی ئەوانەی لە دەورووبەریدا دەژین، توێژی هەرزەکارو گەنج هەڵدەستن بە لاساییکردنەوەی ئەندامانی خێزان و هاوڕێ و ئەستێرەو کەسایەتییە بەناوبانگەکان ... ئەمەش لە ئەنجامی کارلێك لەنێوان تاك و کۆمەڵگەو ئەندامەکانیدا لە ڕێگەی ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن و ....هتد، کە کاریگەرییان لەسەر کارلێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی هەیە.

7- **ئایین:** هەموو ئاینە ئاسمانییەکان، مرۆڤ بۆ پەیڕەویکردن لە بنەماکانی پاراستنی ئەخلاق و جەستەو داپۆشینی بانگدەکەن، بەتایبەت لە بەردەم خەڵکانی دیکەدا، ئەمەش هەر لە تەمەنی منداڵییەوە دەستپێدەکات و خەڵکی پەیڕەویدەکەن، ئایینی ئیسلامیش وەك ئایینێکی ئاسمانیی پەیڕەوکراو لەلایەن زۆرینەی دانیشتوانی وڵاتانی ئیسلامییەوە، بانگەشەی داپۆشینی جەستە بەتایبەت ئەندامە شەرمهێنەکانی مرۆڤ دەکات، پیاو لە بەردەم ئافرەت و بەپێچەوانەشەوە، ئیسلام کۆی سودەکانی پۆشاکی کۆکردۆتەوە لەوەدا کە: مرۆڤ بەوپێیەی بوونەوەرێکی عەقڵانییە، ئاسودە نییە لەبەردەم کەسانی دیکەو تەنانەت ئەندامانی خێزانەکەشیدا بەبێ پۆشاک دابنیشێت.

# بەشی سێیەم

# چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوە

3. 1 دەستپێك

3. 2 خستنەڕووی ئەنجامەکان و تاوتوێکردنیان

## 3. 1 دەستپێك

زانكۆی گەشەپێدانی مرۆیی، وەك زانكۆیەكی ئەهلیی لە پارێزگای سلێمانیی، لە ساڵی (2008) دامەزراوە، هەرچەندە تەمەنی ئەم زانكۆیە بەراورد بە زانكۆی ئەمریكی لە عێراق/ سلێمانی كەمترە، بەڵام لە ڕووی ئاستی زانكۆكەوە لە ڕیزبەندی نیشتیمانیی زانكۆ ئەهلییەكانی هەرێمی كوردستان و ژمارەی خوێندكارانەوە لە پلەی یەكەمی زانكۆ ئەهلییەكانی پارێزگای سلێمانیدایە، وەك لە پاشكۆی ژمارە (4)دا ڕوونكراوەتەوە.

هۆكاری دووەمیش، كە زۆریی ژمارەی خوێندكارانی زانكۆكەیە، پاڵنەری سەرەكیی بووە بۆ هەڵبژاردنی وەك سامپڵی توێژینەوەكەمان، جگەلەوەی بەهۆی بوونی چەند خزمەتگوزارییەك بۆ خوێندكاران، لەسەرجەم ئاستەكانی كۆمەڵگەوە خوێندكاران بەمەبەستی خوێندن ڕوو لەم زانكۆیە دەكەن، كە لەڕووی ئاستی داراییەوە هەمەچەشنەن، بە گشتی تێچووی خوێندن لە زانكۆی گەشەپێدانی مرۆییدا لە ئاستێكی ناوەندیدایە، وەك لە ئەنجامی پرسیاری داهاتی خێزانی بەشداربووانی توێژینەوەكەوە دەردەكەوێت. ئەمەش لە خشتەی (5)دا خراوەتەڕوو.

## 3. 2 خستنەڕووی ئەنجامەكان و تاوتوێكردنیان

لەم بەشەدا توێژەر كاری مەیدانیی توێژینەوەكەی خستووەتەڕوو، پاش دروستكردنی فۆڕمی ڕاپرسیی وەك لە پاشكۆی ژمارە (1)دا خراوەتەڕوو، پاشان دەرهێنانی ڕاستی ڕواڵەتی وەك لە پاشكۆی ژمارە (3)دا خراوەتەڕوو، پاشان وەرگرتنی بەشێك لە سەرنج و تێبینیی شارەزایان و دووبارە ڕێكخستنەوەی فۆڕمی ڕاپرسییەكە، وەك لە پاشكۆی ژمارە (2)دا خراوەتەڕوو، بەشێوەیەكی مەیدانیی، لە ماوەیەكی دیاریكراودا پرۆسەی ڕاپرسییەكەمان لە هەردوو كەمپی زانكۆی گەشەپێدانی مرۆیی لە شاری سلێمانی و قەزای قەرەداغ ئەنجامدا.

" بۆ ساڵی خوێندنی (2017-2016) ژمارەی خوێندكارانی ئەم زانكۆیە (4187) خوێندكار دەبن"، (rebwar.mahmood@uhd.edu.iq 2017 :)[11] لەسەر بنەمای "ژمارەی خەمڵێنراوی ئەندامانی سامپڵی توێژینەوە بەپێی میتۆدی وەسفی لەنێوان (1000-10000) ئەندام، ڕێژەی (10%)ی ئەندامانی ئەو سامپڵە وەردەگیرێت"، (بۆكانی، 2016: 129)

[11] - ئیمەیڵی (د.ڕێبوار كریم محمود) بەڕێوەبەری تۆمارگای گشتیی زانكۆی گەشەپێدانی مرۆیی.

بەو پێیە (450) فۆرمان بەشێوەی سامپڵی چینایەتی دابەشکردووە، ئەو برە زیادەیەش بۆ ڕاستکردنەوەی ئەگەری هەر کەموکورتی و وەڵامنەدانەوەو نەگەڕاندنەوەی فۆرمێك دابەشکراوە، لەو ڕێژەیە (437) فۆرم گەڕێنراوەتەوە، بەڵام (420) فۆرمیان مەرجە پێویستەکانیان تێدابووە بۆ ئەوەی زانیارییان لێوەربگیرێت و کاریان لەسەر بکرێت.

**فۆرمی ڕاپرسیی پێکهاتووە لە (40) پرسیار، کە لە چوارچێوەی (40) خشتەدا خراونەتەڕوو.**

**خشتەی (1) تەمەنی بەشداربووان دەخاتەڕوو**

| تەمەن | نێر | | مێ | | هەردووکیان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدیی | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدیی | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدیی |
| 17- 26 ساڵ | 148 | 70,5٪ | 186 | 88,5٪ | 334 | 79,5٪ |
| 27- 36 ساڵ | 60 | 28.5٪ | 22 | 10,5٪ | 82 | 19,5٪ |
| 37 ساڵ زیاتر | 2 | 1٪ | 2 | 1٪ | 4 | 1٪ |
| کۆی گشتیی | 210 | 100٪ | 210 | 100٪ | 420 | 100٪ |

لەم خشتەیەدا دابەشبوونی بەشداربووان بەپێی تەمەن خراوەتەڕوو، بەشداربووان بۆ سێ پلەی تەمەن دابەشکراون، زۆرترین ڕێژەی بەشداربووان تەمەنیان لەنێوان (17-26) ساڵدایە، کە لە ڕەگەزی نێر ڕێژەی (70,5٪) بووە، لە ڕەگەزی مێ ڕێژەی (88,5٪) بووە، لە هەردوو ڕەگەز ڕێژەی (79,5) بووە، کەمترین ڕێژەی بەشداربووان لە تەمەنی (37)ساڵ زیاترە، کە لە ڕەگەزی نێر ڕێژەی (1٪) بووە، لە ڕەگەزی مێ (1٪) بووە، لە هەردوو ڕەگەز ڕێژەی (1٪) بووە. هۆکاری زۆری بەشداری تەمەنی (17-26) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مرۆڤ لەو تەمەنەیدا دەگاتە قۆناغی خوێندنی زانکۆ. وەك لە خشتەی (1)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (2) ڕەگەزی بەشداربووان دەخاتەڕوو**

| ڕەگەز | ژمارە | ڕێژەی سەدیی |
|---|---|---|
| نێر | 210 | 50٪ |
| مێ | 210 | 50٪ |
| کۆی گشتیی | 420 | 100٪ |

خشتەی ژمارە (2) دابەشبوونی بەشداربووان بەسەر هەردوو ڕەگەزدا دەخاتەڕوو، ڕێژەی بەشداریکردنی هەردوو ڕەگەز لە ڕاپرسییەکەدا بەشێوەیەکی یەکسان بووە. کۆی گشتیی بەشداربووانیش، بریتییە (420) کەس لە هەردوو ڕەگەز. وەك لە خشتەی (2)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (3) باری خێزانیی بەشداربووان دەخاتەڕوو.**

| باری خێزانیی | نێر | | مێ | | هەردووکیان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدیی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدیی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدیی |
| سەڵت | 169 | ٪80,5 | 175 | ٪83,4 | 344 | ٪82 |
| خێزاندار | 30 | ٪14,3 | 30 | ٪14,3 | 60 | ٪14,3 |
| دەزگیراندار | 10 | ٪4,8 | 5 | ٪2,3 | 15 | ٪3,5 |
| جیابووەوە | 1 | ٪0,4 | 0 | ٪0 | 1 | ٪0,2 |
| کۆی گشتیی | 210 | ٪100 | 210 | ٪100 | 420 | ٪100 |

کەواتە زۆرترین ڕێژەی بەشداریکردن ئەو کەسانەن، کە سەڵتن و لەگەڵ باوك و دایکدا دەژین و ئەرکی ماڵەوەیان نەکەوتووەتە سەر. کەمترین کەسیش جیابووەوەکانن، ئەمەش دۆخێکی ئاسایی دەبێت، چونکە خوێندکارانی زانکۆ لە سەرەتای تەمەنیاندان و بەهۆی سەرقاڵبوون بە خوێندنەوە هاوسەرگیرییان نەکردووە. وەك لە خشتەی (3)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (4) کارکردنی بەشداربووان جگە لە پیشەی خوێندکاریی لەشوێنی دیکە دەخاتەڕوو.**

| کارکردن | نێر | | مێ | | هەردووکیان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدیی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدیی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدیی |
| بەڵێ | 90 | ٪42,9 | 35 | ٪16,7 | 125 | ٪29,8 |
| نەخێر | 120 | ٪57,1 | 175 | ٪83,3 | 295 | ٪70,2 |
| کۆی گشتیی | 210 | ٪100 | 210 | ٪100 | 420 | ٪100 |

زۆرترینی بەشداربووان لەگەڵ خوێندندا کارێکی دیکە ناکەن، زۆرینەی ئەوانەش کە کارناکەن لە ڕەگەزی مێن. ئەوەش دۆخێکی ئاساییە بۆ خوێندکارانی زانکۆ، لە کۆمەڵگەی کوردیدا کارکردن زیاتر لە ئەستۆی ڕەگەزی نێردایە. وەك لە خشتەی (4)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (5) داهاتی مانگانەی بەشداربووان بە دیناری عێراقی دەخاتەڕوو**

| داهات | نێر | | مێ | | هەردووکیان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدیی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدیی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدیی |
| کەمتر لە 500 هەزار | 56 | 26,7٪ | 54 | 25,7٪ | 110 | 26,2٪ |
| 500- 999 هەزار | 116 | 55,2٪ | 104 | 49,5٪ | 220 | 52,4٪ |
| یەك ملیۆن- دوو ملیۆن | 28 | 13,3٪ | 38 | 18,1٪ | 66 | 15,7٪ |
| دوو ملیۆن زیاتر | 10 | 4,8٪ | 14 | 6,7٪ | 24 | 5,7٪ |
| کۆی گشتیی | 210 | 100٪ | 210 | 100٪ | 420 | 100٪ |

ئەوانەی داهاتیان لە (500-999) هەزار بووە، زۆرترین ڕێژەی بەشداریکردنیان لە ڕاپرسییەکەدا هەبووە، ئەوەش بەگشتیی داهاتی خێزان دەردەخات لە کۆمەڵگەی کوردیدا، کە لەو ئاستەدایە، ئەو لێتوێژراوانەی کەمترین بەشداریکردنیان هەبووە، داهاتیان لە (دوو ملیۆن) زیاتر بووە، ئەوەش بە ئاسایی وەردەگیرێت بۆ دۆخی ئابووریی ئێستای هەرێمی کوردستان. وەك لە خشتەی (5)دا خراوەتەڕوو.

لە ڕێگەی وەرگرتنی ڕێژەی ناوەندیی داهاتی بەشداربووانی توێژینەوەکە، ڕوونتر لە دەرەنجامەکانی توێژینەوەکەمان تێدەگەین دەربارەی هۆکاری کاریگەربوون، یان نەبوونی بەشداربووانی توێژینەوەکە بە ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردییەکان لە بواری پۆشاکدا. چونکە ئەو کەسانەی داهاتیان بەرزە، بەراورد بەو کەسانەی داهاتیان نزمە زیاتر دەکەونە ژێر کاریگەری ڕیکلامەکانەوە.

**خشتەی (6) تەماشاکردنی تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەلایەن بەشداربووانەوە دەخاتەڕوو.**

| تەلەفزیۆنە کوردییەکان | نێر | | مێ | | هەردووکیان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدیی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدیی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدیی |
| تەلەفزیۆنە ناوخۆییەکان | 46 | ٪21,9 | 48 | ٪22,9 | 94 | ٪22,4 |
| تەلەفزیۆنە ئاسمانییەکان | 84 | ٪40 | 98 | ٪46,7 | 182 | ٪43,3 |
| هەردووکیان | 80 | ٪38,1 | 64 | ٪30,4 | 144 | ٪34,3 |
| کۆی گشتیی | 210 | ٪100 | 210 | ٪100 | 420 | ٪100 |

زۆرترین ڕێژەی بەشداربووان تەماشای تەلەفزیۆنە ئاسمانییە کوردییەکان دەکەن، کەمترینیان تەماشای تەلەفزیۆنە ناوخۆییە کوردییەکان دەکەن. وەك لە خشتەی (6)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (7) تەماشاکردنی تەلەفزیۆنە کوردییەکان لە ڕۆژێکدا بە کاتژمێر لەلایەن بەشداربووانەوە دەخاتەڕوو.**

| ماوەی تەماشاکردنی تەلەفزیۆنە کوردییەکان | نێر | | مێ | | هەردووکیان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدیی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدیی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدیی |
| کەمتر لە یەك کاتژمێر | 63 | ٪30 | 64 | ٪30,5 | 127 | ٪30,3 |
| 1 – 2 کاتژمێر | 106 | ٪50,5 | 93 | ٪44,2 | 199 | ٪47,4 |
| 3 – 5 کاتژمێر | 36 | ٪17,1 | 44 | ٪21 | 80 | ٪19 |
| 6 کاتژمێر زیاتر | 5 | ٪2,4 | 9 | ٪4,3 | 14 | ٪3,3 |
| کۆی گشتیی | 210 | ٪100 | 210 | ٪100 | 420 | ٪100 |

ئەو کەسانەی (1-2) کاتژمێر تەماشای تەلەفزیۆنە کوردییەکانیان کردووە، لە ڕاپرسیی توێژینەوەکەدا زۆرترین ڕێژەی بەشداریکردنیان هەبووە. ئەوانەی زیاتر لە (6) کاتژمێر تەماشای تەلەفزیۆنە کوردییەکانیان کردووە، کەمترین ڕێژە بوون. وەك لە خشتەی (7)دا خراوەتەڕوو.

لە ڕێگەی وەڵامی ئەم پرسیارەوە، دەرەنجامەکان ڕوونتر دەردەکەون، چونکە تا ماوەی تەماشاکردنی تەلەفزیۆن زیاتر بێت، ئەگەری کەوتنە ژێر کاریگەریی پەیامەکان زیاتردەبێت، وەك لە ئەنجامەکانی ئەم

پرسیارەوە دەردەکەوێت، ڕێژەی (77,7٪)ی بەشداربووان دوو کاتژمێر زیاتر تەماشای تەلەفزیۆنە کوردییەکان ناکەن. دەرەنجامی کاریگەری بەشداربووانیش بە ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەگەڵ ئەنجامی ئەم خشتەیەدا ڕاستەوانەیە ، وەك لە دەرەنجامەکانی توێژینەوەکەدا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (8) بەردەوامبوونی بەشداربووان لە تەماشاکردنی تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەکاتی ڕیکلامەکاندا لەلایەن بەشداربووانەوە دەخاتەڕوو.**

| تەماشاکردنی ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردییەکان | نێر | | مێ | | هەردووکیان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدیی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدیی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدیی |
| بەڵێ | 84 | 40٪ | 70 | 33,3٪ | 154 | 36,7٪ |
| هەندێکجار | 126 | 60٪ | 140 | 66,7٪ | 266 | 63,3٪ |
| کۆی گشتیی | 210 | 100٪ | 210 | 100٪ | 420 | 100٪ |

زۆرینەی خوێندکاران لەکاتی ڕیکلامەکاندا هەندێکجار بەردەوام دەبن لە تەماشاکردنی تەلەفزیۆنە کوردییەکان، ڕێژەی کەمی بەشداربووان بەردەوام تەماشای ڕیکلامەکان دەکەن، لەبەئەوەی فۆڕم نەدراوە بەو کەسانەی کە تەماشای تەلەفزیۆنە کوردییەکان ناکەن لەکاتی ڕیکلامەکاندا، وەڵامی نەخێر لە فۆڕمەکەدا نییە، وەك لە خشتەی (8)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (9) هۆکاری تەماشاکردنی ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەلایەن بەشداربووانەوە دەخاتەڕوو.**

| هۆکاری تەماشاکردنی ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردییەکان | نێر | | مێ | | هەردووکیان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدیی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدیی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدیی |
| بۆ ناسینی کاڵای تازە | 52 | 24,8٪ | 53 | 25,3٪ | 105 | 25 ٪ |
| بۆ زانینی چۆنیەتیی بەکارهێنانی کاڵاکان | 5 | 2,4٪ | 8 | 3,8٪ | 13 | 3,1٪ |
| بۆ زانینی کاتو شوێنی فرۆشتنی کاڵاکان | 20 | 9,5٪ | 22 | 10,5٪ | 42 | 10٪ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بۆ زانینی داشکاندنەکان | 4 | 1,9٪ | 3 | 1,4٪ | 7 | 1,7٪ |
| چاوەڕێی بەرنامە، یان فیلمێکی دیاریکراو دەکەم | 80 | 38,1٪ | 74 | 35,2٪ | 154 | 36,7٪ |
| بۆ بەراوردکردنی کاڵاکان | 5 | 2,4٪ | 3 | 1,4٪ | 8 | 1,9٪ |
| وەك گۆرانییەك تەماشای دەکەم | 12 | 5,7٪ | 13 | 6,2٪ | 25 | 5,9٪ |
| بۆ کاتبەسەربردن | 20 | 9,5٪ | 32 | 15,2٪ | 52 | 12,4٪ |
| هیتر | 12 | 5,7٪ | 2 | 1٪ | 14 | 3,3٪ |
| کۆی گشتیی | 210 | 100٪ | 210 | 100٪ | 420 | 100٪ |

زۆرترین ڕێژەی خوێندکاران چاوەڕێی دەستپێکردنی بەرنامە، یان فیلمێکی دیاریکراو دەکەن بۆیە تەماشای ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردییەکان دەکەن، کەمترین ڕێژەش بۆ زانینی داشکاندنی نرخەکان تەماشای ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردییەکان دەکەن، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کەمترین داشکاندن لە ڕیکلامەکاندا دەکرێت، ڕیکلامەکانیش بەگشتیی لەسەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی بەرنامەو فیلمەکانەوە نمایشدەکرێن. وەك لە خشتەی (9)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (10) پەیوەندی پشتبەستنی بەشداربووان بە ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردییەکان بۆ کڕینی پۆشاکەکانیان دەخاتەڕوو.**

| بژاردەکان | نێر | | مێ | | هەردووکیان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدیی | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدیی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدیی |
| بەڵێ | 27 | 12,9٪ | 26 | 12,4٪ | 53 | 12,6٪ |
| تاڕادەیەك | 23 | 10,9٪ | 24 | 11,4٪ | 47 | 11,2٪ |
| نەخێر | 160 | 76,2٪ | 160 | 76,2٪ | 320 | 76,2٪ |
| کۆی گشتیی | 210 | 100٪ | 210 | 100٪ | 420 | 100٪ |

زۆرینەی خوێندکاران بۆ کڕینی پۆشاکیان پشت بە ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردییەکان نابەستن، کەمترین ڕێژەشیان تاڕادەیەك بۆ کڕینی پۆشاکەکانیان پشت بە ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردییەکان دەبەستن. وەك لە خشتەی (10)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (11) پەیوەندی ڕیکلامی پۆشاك لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان و کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنی جۆری پۆشاکەکانی بەشداربووان دەخاتەڕوو.**

| بژاردەکان | نێر | | مێ | | هەردووکیان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدیی | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدیی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدیی |
| بەڵێ | 48 | 22,9٪ | 40 | 19٪ | 88 | 21٪ |
| تاڕادەیەك | 28 | 13,3٪ | 26 | 12,4٪ | 54 | 12,8٪ |
| نەخێر | 134 | 63,8٪ | 144 | 68,6٪ | 278 | 66,2٪ |
| کۆی گشتیی | 210 | 100٪ | 210 | 100٪ | 420 | 100٪ |

لێرەدا زۆرترین ڕێژە دەڵێن، ڕیکلامی پۆشاك لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان کاریگەریی نییە لەسەریان بۆ هەڵبژاردنی جۆری پۆشاکێکی دیاریکراو، کەمترین ڕێژەش دەڵێن ئەو هۆکارە تاڕادەیەك کاریگەریی هەیە لەسەریان. وەك لە خشتەی (11)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (12) پەیوەندی ڕیکلامی پۆشاك لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان و بەهێزکردنی متمانەی بەشداربووان بە جۆرو مارکەی پۆشاکی کومپانیاکان دەخاتەڕوو.**

| بژاردەکان | نێر | | مێ | | هەردووکیان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدیی | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدیی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدیی |
| بەڵێ | 43 | 20,5٪ | 43 | 20,5٪ | 86 | 20,5٪ |
| تاڕادەیەك | 37 | 17,6٪ | 34 | 16,2٪ | 71 | 16,9٪ |
| نەخێر | 130 | 61,9٪ | 133 | 63,3٪ | 263 | 62,6٪ |
| کۆی گشتیی | 210 | 100٪ | 210 | 100٪ | 420 | 100٪ |

لەم پرسیارەدا زۆرترین ڕێژە بە نەخێر وەڵامیانداوەتەوە بۆ کاریگەریی ڕیکلامی پۆشاك لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان بۆ بەهێزکردنی متمانەی بەشداربووان بە مارکەی کومپانیاکان، کەمترین ڕێژە بە تاڕادەیەك وەڵامیانداوەتەوە. وەك لە ژمارە (12)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (13) پەیوەندی ڕیکلامی پۆشاک  لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان هاندانی بەشداربووان بۆ گەڕان بەدوای ئەو پۆشاکانەو بەدەستهێنانیان دەخاتەڕوو.**

| بژاردەکان | نێر | | مێ | | هەردووکیان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدیی | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدیی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدیی |
| بەڵێ | 56 | ٪26,7 | 58 | ٪27,6 | 114 | ٪27,1 |
| تاڕادەیەك | 21 | ٪10 | 20 | ٪9,5 | 41 | ٪9,8 |
| نەخێر | 133 | ٪63,3 | 132 | ٪62,9 | 265 | ٪63,1 |
| کۆی گشتیی | 210 | ٪100 | 210 | ٪100 | 420 | ٪100 |

کەواتە ڕیکلامی پۆشاك لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان زۆرترین ڕێژەی بەشداربووان هانندادات بۆ گەڕان بەدوای پۆشاکەکان و بەدەستهێنانیان، کەمترین ڕێژەی بەشداربووانیش تاڕادەیەك هانیان دەدات بۆ مەبەستی ناوبراو. وەك لە خشتەی (13)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (14) پەیوەندی ڕیکلامی پۆشاك  لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان یارمەتیدانی بەشداربووان لە زانینی کات و شوێنی فرۆشتنی پۆشاکەکان دەخاتەڕوو.**

| بژاردەکان | نێر | | مێ | | هەردووکیان | |
